# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەلایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبی




**سەرنووسەر:**
نەسرین حەسەنزادە
**دستەی نووسەران:**
کوێستان فتووحی، خەدیجە مەعزوور،
عیسمەت نستانی، رەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە رەسوولی ، عەلی بداغی

خاکەلێوەی ١٣٨٨ ، ئاوریلی ٢٠٠٩
**ژمارە ٢١**

"ژنان" لەسەر ئینتێرنێت:
www.Kurdistanukurd.com
ئیمەیلی گۆڤاری "ژنان":
jnanirojhelat@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
00964 - 7702103121

دیزاینی بەرگ: ئاگری باڵەکی
مونتاژ: مینا سوڵتانزادە
تایپ: نەشمیل عەباسی

# پێرست

سەروتار: ساڵی نوێ و لاپەڕەیەکی تازە لە خەباتی ژنان ... ٢
پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانەوە........ ٣
پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ ی مارس رۆژی جیهانیی ژن........ ٥
یادی ٦٣هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان کرایەوە..... ٦
پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان........ ٧
پەیامی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان........ ٩
پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان......... ١٠
پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٤ی رەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان........ ١١
٨ ی مارس و ٢٤ ی رەشەمە دوو رۆژی سەمبولیك بۆ ژنی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان........ ١٢
ژنانی کورد بە بەشداری لە هەڵبژاردن دا ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانی بە جێ دەگەیەنن؟........ ١٣
لە کپ کرانەوە تا بوونەوە بە گڕکانێکی دی........ ١٤
بزووتنەوەی ژنان، رووبارێکی بێ وەستان........ ١٦
رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی هەلاواردن دژ بە ژنان........ ١٧
کێ کۆمەڵگا دەگۆڕی؟ کێ ژن ئازاد دەکا؟........ ٢٠
بۆ سڕینەوەی هەلاواردنی جینسی لە دژی ژنان رێگەیەکی دوورو درێژ لە پێشە........ ٢٢
کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەوڵدان بۆ بەلارێدا بردنی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان ٢٥
ژنانی خوێندەواری پارێزگای کرماشان و کێشەو گرفتی کارکردن... ٢٧
توندوتیژی ئامرازی شەڕ دژی ژن........ ٣٠
نارەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ژیانێکی نابەرابەر دا........ ٣٢
دیمانە لەگەڵ ژنانی نێو کۆڕی خەبات........ ٣٤
هیپاتیا بە هەڵکەوتووترین ژنی پسپۆڕی بیرکاری ناو دەبردرێ........ ٣٥
خۆکوژیی ژنان رازی گرتنەبەری ئەو هەڵوێستە........ ٣٦
شێعر و چیرۆک........ ٣٨
هەواڵی چالاکی و چاوپێکەوتنەکانی ژنان........ ٤٦

# ساڵی نوێ و لاپەڕەیەکی تازە له خەباتی ژنانی ئێران

سەرنووسەر

ژمارەی ئەم جارەی گۆڤاری ژنان یەکەم ژمارەیە کە لە ساڵی تازە واتە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی دا دەردەچێ. لە وڵاتی ئێران ساڵێکی دیکەش لە ژێر سێبەری شوومی کۆماری ئیسلامی دا تێپەڕی، بەداخەوە دەیان ئاوات وئارەزووی ژنانی ماف پێشێل کراو و ئازادیخوازی وڵاتەکەمان لەم ساڵەدا وەدی نەهاتن و بەناکامی مانەوە.

لە ساڵی رابردوودا شاهیدی زۆر رووداوی تاڵ و دڵتەزێن بۆ ژنانی ئێران بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی بووین. ساڵی رابردوو پڕ رووداوترین و پڕ کێشەترین ساڵ بۆ ژنان لەماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا بوو. بە دەیان ژن گیران و رەوانەی چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی کران و ئازار و ئەشکەنجە دران و پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ ساز کرا و حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپا. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان دژی ئەو داب و نەریتە کۆنەپەرەستانەی کۆمەڵگا خۆیان سووتاند و خۆیان کوشت. ئەگەر ژنانی ئێران بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی مافە ئینسانییەکانیان و مافە سەرەتاییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێ، بڵێی پەنا بۆ ئەم جۆرە کارە ترسناکە ببەن وئەوەندە لە ژیان بێزار بن؟

بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە ساڵی رابردوو دا شاهیدی ئەم تراژیدیایەی ژنان بووین، بەخۆشی-یەوە دەبینین ژنان دژی ئەم زوڵم و ستەمانە دەست لە سەر دەست دانەنیشتوون و وەك جاران بەرەنگاری ئەم ناعەداڵەتیانە بوونەتەوە. ژنان زیاتر لە جاران شێلگیرانەتر و بوێرانەتر هاتوونەتە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دژی ستەمی جنسی و نەتەوایەتی.

بزووتنەوە سینفی و مەدەنی-یەکانی ژنان رۆژ بەرۆژ پەرەیان ستاندوە، ژنان لە ئێران دا بە چالاکیی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزاوە خەباتەکەیان بەرینتر و فراوانتر کردۆتەوەو لەم کەمپەینەدا لە پێناو ویست و داخوازە رەواکانی خۆیان دا دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرژەوەندی ژنان دا نین، خەبات دەکەن. ئەم کەمپەینەی ژنان تا ئێستا چەند خەڵاتی موعتەبەری جیهانی وەرگرتوە، کە ئەمەش نیشانەی رەوابوون و چالاك بوونی ئەم بزووتنەوەیەیە.

لە ساڵی تازە دا هیوا دەخوازین ژنان لە ژێر ستەمی جنسی دا چیتر زوڵم لە خۆیان نەکەن وپەنا نەبەنە بەر خۆسووتاندن و خۆکوشتن ، چونکە ئەم کردەوەیە راکردنە لە کێشەکانی ژیان و رێگای باشتر ولەبارتر بۆ چارەسەری ئەم کێشانە هەیە، ئەوان بەم کردەوەیە کۆمەڵگا زیاتر تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەوان دەبێ بۆ نەهێشتنی کێشەکان هەوڵ بدەن و رێگا چارەی مومکین بدۆزنەوە.ئەویش بە هاتنە مەیدانی خەبات دژی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی دەوڵەت و کۆمەڵگا ( داب ونەریت ) کە لە بەرژەوەندیی ژناندا نین، وەدی دێ. لە ساڵی تازە دا هیواداریین ژنان لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە ئینسانی-یەکانیان دا هاودەنگو یەکگرتوو بن و لە بردنە سەری رادەی ئاگایی و وشیاری خۆیان دا سەرکەوتوو بن. پێویستە ژنان تا وەدیهاتنی ئامانج و داخوازەکانیان و پچڕاندنی زنجیری کۆنەپەرستی و دیکتاتۆڕی و بەدیهاتنی ئاسۆیەکی روون و پڕشنگدار بۆ خۆیان و بۆ گەلەکەیان شانبەشانی براکانیان کۆڵ نەدەن.



## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

**ژنانی خەباتگێڕ!**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان، ڕۆژی دەنگ هەڵبڕینی ژنان و پیاوانی داواکاری ئازادی و یەکسانی و، ڕۆژی خۆنواندنەوەی بڕیار و ئیرادەی مرۆڤایەتیی دێموکرات و پێشکەوتنخواز بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی جینسییە. بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی و سڵاوی هاوخەباتی و هاوپێوەندی پێشکەشی ژنانی کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان دەکەین و سەرکەوتنی ئەوان و سەرجەم هاوباوەڕان و هاوئامانجەکانیان لە خەبات بە دژی ستەم و هەڵاواردنی جینسی دا، بە ئاوات دەخوازین.

٨ی مارسی ئەمساڵ، هاوکاتە لەگەڵ سییەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئاخوندەکان لە ئێران دا. ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێک دا هێشتا مانگێک بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دا تێنەپەڕیبوو، خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، قۆڵی لە ستاندنەوەی ئەو ماف و ئازادییانە هەڵماڵی کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و خەباتێکی زۆر لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو دا، بە دەستیان هێنابوو. دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا، داوای گەڕانەوەی ژنان بۆ ژێر چارشێوی ڕەشی کرد و دارو دەستە و لایەنگرانی خۆی بە دروشمی "یا ڕوسری یا توسری" بەردایە گیانی ژنانێک کە شانبەشانی پیاوان لە شۆڕشی گەورەی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی شایەتی دا بەشدار بوون. ئەمە زەنگێکی وریا کەرەوە و، سەرەتای بە کۆیلەکردنی ژنان و گێڕانەوەی ئەوان بۆ قوژبنی ماڵ و ئاشپەزخانە و، دەرهاویشتنیان لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوارەکانی فەرهەنگ و هونەر و زانست بوو. وەك دژکردەوە بەرانبەر بە فەرمانی حیجابی خومەینی و نیازە شوومەکانی دیکەی، ژنانی ئێران، یەکەمین "٨ی مارس"ی دوای هاتنە سەرکاری ئاخوندەکانیان کرد بە ڕۆژی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی فەرمانی خومەینی. ئەگەر کوردستان و گەلی کورد، یەکەم شوێن و یەکەم هێز بوون بە دژی هێرش و پەلاماری دەسەڵاتی تازە بۆ ستاندنەوەی ئازادییەکان وەستانەوە، بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش یەکەمینی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بوو کە دژی نێوەرۆکی دواکەوتووانەی ڕێژیمی تازە هاتنە مەیدان.

پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ژنانی وەزاڵە هاتوو لە ڕەفتار و کردەوەی سەرچاوە گرتوو لە کولتووری پیاو سالاری زاڵ بە سەر بنەماڵە و کۆمەڵ دا، کەڵکیان لەو مافانەیان وەردەگرت کە لە قانوونەکانی وڵات دا دانیان پێدانرابوو. بە دەربڕینێکی دیکە، قانوونەکانی وڵات لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا، وەپێش کولتووری زاڵ کەوتبوونەوە. بەڵام بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، پیاو سالاری، بێبەشکردنی ژنان لە مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان، سووکایەتی بە مەقامی ئینسانیی ژن، ڕەنگ و شێوەی شەرعی و قانوونییان پێدراو، هەر سێ دەسەڵاتی قانووندانان، قەزایی و بەڕێوەبەری، بە دژی ماف و ئازادییەکانی ژنان و بە داکۆکی لە دواکەوتووانەترین باوەڕ، فەرهەنگ و نەریتەکان لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵ دا،

دەست بەکاربوون. بە پێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی، ژنان لە زۆربەی بوارەکان دا، لەگەڵ پیاوان بەرابەر نین. قانوونەکانی پێوەندیدار بە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و لێك جیابوونەوە، کار، هەقدەست، بیمە، میرات و سەرپەرستیی منداڵ هەموویان لە بەرژەوەندی پیاوان دا و بە دژی ژنانن. نەبوونی دەرفەتی وەك یەك بۆ ژن و پیاو لە بواری ئابووری و لە بواری کاردا، بوونی بەربەست و دەمارگرژیی ئایینی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی ئاشکرا دژی ژنان، وای کردوە ئێران ببێ بە دۆزەخێك بۆ ژنان. ژنان پتر لە هەر توێژ و بەشێکی دیکەی کۆمەڵ خەسار هەڵگرن و، بوون بە قوربانیی قەیران و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئیعتیاد، ئەیدز، لەشفرۆشی و خۆکوشتن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کۆت و بەند و کۆسپانە، ژنانی ئێران لە خۆپێگەیاندن و مەیدانداری لە بوارە کۆمەڵایەتی، زانستی و فەرهەنگییەکانی وڵات دا، غافل نەبوون و، شانبەشانی بەرەوپێشچوون لەو مەیدانانەدا خەبات بە دژی ستەم و نابەرابەرییان پشتگوێ نەخستوە. بەپێی ئامارەکان کچان نزیکەی لە سەدا حەفتای خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران پێك دێنن. لە نێو مامۆستایانی زانستگە، پزیشکان، مودیران، ئەندازیاران و کەسایەتییەکانی بواری فکرو زانست و هونەرو فەرهەنگ دا رێژەیەکی بەرچاو لە ژنان هەن. ژنانی ئێران لە مەیدانی تێکۆشان لە پێناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و لە گۆڕەپانی خەباتی هێمنانە و مەدەنیش دا، سەرەڕای هەموو گیرو گرفتێك، حوزورێکی بەرچاویان هەیە.

کەمپەینێك کە ژنانی ئێران لە سێ ساڵ لەمەوبەرەوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی یەك ملیۆن ئیمزا، و بە پشتیوانی لە نەهێشتنی جیاوازیدانانەکان لە یاساکانی ئێران دا، دەستیان پێکردوە، ئێستا بووە بە ماکەی بزووتنەوەیەکی گەورە بە پانایی ئێران و، چەند ملیۆن ژن و پیاوی یەکسانیخوازی لە دەوری ویستە رەواکانی خۆی کۆ کردۆتەوە. ژنانی ئاگاو پێگەیشتووی کورد لە بەڕێوەبردن و بەرەو پێشبردن و پشتیوانیی کردنی ئەو کەمپەینەدا، رۆڵێکی بەرچاویان هەیەو، بوونی ژمارەیەك لە وان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، هەروەها پەروەندەی سازی دام و دەزگاکانی رێژیم لە دژی بەشێکی دیکە لەوان، بەڵگەی لە مەیداندابوونی ژنی کوردو هاوخەباتیی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، دژی دیکتاتۆری و ستەم و چەوسانەوەی جینسییە. دیارە ژنانی کوردستان لە درێژایی ٣٠ ساڵی رابردوودا، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەشیان دا چالاکانە بەشدار بوون و لە هیچ چەشنە بەشداری و پشتیوانییەك درێغیان نەکردوە.

یەکێك لە شانازییەکانی ژنانی ئێران ملنەدان بۆ رۆژی دەست نیشان کراو لەلایەن کۆماری ئیسلامی وەك رۆژی ژن و، بەڕێوەبردنی جار لەگەڵ جار باشتری ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانە. لەحاڵێکدا، کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش ٨ مارسی بە رەسمی نەناسیوە، ژنانی ئێران هاودەنگ و هاوکات لەگەڵ ژنانی سەرانسەری جیهان، یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە. ئەوان لەم رۆژەدا لە ماڵەکانیان و لە پارکەکان کۆدەبنەوەو وێڕای گۆڕینەوەی بیروڕاو هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی خۆیان و کۆسپەکانی بەردەمیان بەرنامەی کارو ئەرکی داهاتوویان دەخەنە روو، بە دەنگی بەرز لە سەر ویستە رەواکانیان پێ دادەگرنەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە کۆبوونەوە هێمنانەیە تەحەممول ناکاو، هێزە بەناو ئینتزامییەکانی بۆ بڵاوەپێکردنی رێورەسمی ٨ی مارس رەوانە دەکا. زۆر جار رێکخەران و بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکانی ٨ی مارس بە سەروچاوی خوێناوییەوە رەوانەی ماڵی خۆیان دەکرێنەوە، یان یەکڕاست بۆ قوژبنی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٨ی مارسەوە، جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی لە داخوازەکانی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان و ئێران دووپات دەکاتەوە. حیزبی ئێمە خوازیاری وەستان و نەهێشتنی توندوتیژی و تاوان و جینایەت دژی ژنانەو لە و بڕوایە دایە کە دەبێ لە هەموو کاتێك دا، کاری جیددی و بەربڵاو بۆ کۆتایی هێنان بە بێبەشی و بێ مافیی ژنان لە کوردستان و ئێران بکرێ. ئێمە بە چاوی رێزەوە دەڕوانینە خەباتی شێلگیرانەی ژنانی وڵاتەکەمان بە دژی ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردن. خەبات لە پێناوی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاوو، تێکۆشان بە مەبەستی نەهێشتنی چەوسانەوەی جینسی، بەشێکی سەرەکی لە ریسالەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتەکەیەتی. هەر بۆیە گرنگیدان بە هاوکاری، هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستان و ئێران، دەبێ لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە هەموو ئاستەکان دا، بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. لە سەرجەم ئەندامان و لایەنگران حیزب و خەڵکی کوردستان وەك پشتیوانی راستەقینەو لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش داوا کارین، پشتگرو یارمەتیدەری خەباتی ژنان دژی ستەم و نابەرابەری بن.

**پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان**

**سەرکەوێ خەبات بۆ یەکسانی لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**٨ی مارسی ٢٠٠٩**

**١٣٨٧/١٢/١٨**

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی

# ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژن

**بۆ ژنانی کورد لە هەموو کەس زیاتر روون و ئاشکرایە، بە بێ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئەو وڵاتەی تێی دا دەژین، بە بێ بەشداریکردن لە مەیدانەکانی کارو تێکۆشانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دا گەیشتن بە مافەکانمان**

٨ی مارس رۆژی ئەو مرۆڤە خەباتکارانەیە کە لە دژی نایەکسانی و ناعەدالەتییەکان راپەڕیون. رۆژی وەبیرهێنانەوەی هەموو ئەو ژنانەیە کە لە رێی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤایەتی دا گیانیان بەخشیوە. رۆژی هاودڵی و هاوپێوەندیی ژنانی جیهانە لە دژی ستەم و نابەرابەرییەکان. رۆژی وەئاگاهاتنەوەی هەموو ژنان و کچانێکە کە ئەسیری بیرو بۆچوونە کۆنەپەرستانەکان و داب و نەریت و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی وڵات و کۆمەڵگەی خۆیانن.

ئێمە ژنانی خەباتکاری دێموکرات بە باوەڕ بە ئامانجەکانی ٨ی مارس لەم رۆژەدا پەیمان نوێ دەکەینەوە کە خەبات دژی نایەکسانی و کار لە پێناوی مافەکانی مرۆڤ دەکەینە سەرلەوحی خەبات و تێکۆشانمان و هاودەنگ و هاوئامانجین لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستان، ئێران و هەموو ئەو رێکخراوو بزووتنەوانەی لە بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی مرۆڤدۆستانەو ئاشتیخوازانە هەنگاو هەڵ دێننەوە. لە پێناو گەیشتن بە دنیایەکی ئارام و پڕ لە یەکسانی و عەدالەت دا، هیچ هێزێک ناتوانێ ئیرادەمان بێ هێز بکا.

ئەمڕۆ بۆ ئێمە ژنانی کورد لە هەموو کەس زیاتر روون و ئاشکرایە، بە بێ بەشداریکردن لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئەو وڵاتەی تێی دا دەژین، بە بێ بەشداریکردن لە مەیدانەکانی کارو تێکۆشانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دا گەیشتن بە مافەکانمان ئیمکانی نیە.

ژنی کورد زیاتر لە هەموو ژنانی وڵاتانی دیکە مافەکانیان پێشێل دەکرێ، جارێك وەك کورد، جارێکیش وەك ژن. بۆیە دەبێ لە دوو مەیدانی خەبات دا حزوورمان هەبێ. خەباتی نەتەوەیی و خەباتی یەکسانیخوازی. بە ئەزموون وەرگرتن لە خەباتی رەوای بزووتنەوە سەراسەرییە جیهانییەکان لەم رۆژەدا پەیمان نوێ بکەینەوە لە دژی ئەو یاساو کولتوورو نەریتانەی بوونە هۆی ژێردەستی و دواکەوتووییمان دەنگ بەرز کەینەوەو لە قاویان بدەین.

هەموو رۆژەکانی ساڵ دەکەینە رۆژی خەبات و بەربەرەکانی دژی ئەو ستەمانەی لێمان دەکرێن.

بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان و بەتایبەتی ژنانی ستەم لێکراوی کوردستان و هەموو ئەو مرۆڤانە دەکا کە لە پێناوی یەکسانی دا خەبات دەکەن و خوازیاری هاوکاری و هاوخەباتی و یەکیەتیی زیاتری هەموو ژنانی کوردە لە پێناوی گەیشتن بە مافە رەواکانمان دا.

**پەرەگرتووتر بێ خەباتی ژنانی مافخواز**
**سەرکەوتوو بێ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی جیهان و کوردستان**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٨ی مارس ٢٠٠٩ی زایینی**
**١٧ رەشەمەی ١٣٨٧ی هەتاوی**

# یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان کرایەوە

پاش نیوەڕۆی ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە ژنان و کچانی یەکسانیخوازو ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی حیزب لە باشووری کوردستان بەم بۆنەوە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمەدا دوای ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان و بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشداربووان لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە لە لایەن تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی و کوردایەتی، کاك جەلیل گادانییەوە پێشکەش کرا.

بەڕێز گادانی لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای کورتە ئاورێك لە چۆنیەتی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، باسێکی لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری و هەروەها بەشداریی ژنانی چالاك و گۆڕانخواز لە ریزەکانی خەباتی نەتەوایەتی کورددا کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێزیان باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی ژنانی ئێران و کوردستان لە ژێر دەسەڵاتدارێتی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی دا کردو هەڵسووڕان و چالاکیی ژنانی یەکسانیخوازی ئەمڕۆی کوردستانی لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بەرز نرخاند.

کاك جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەکانی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنانی کورد نیگەرانی خۆی دەربڕی و کارکردن بۆ کەمکردنەوەو لابردنی ئەم دیاردانەی بە ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان زانی کە دەبێ هەوڵی وشیارکردنەوەی ژنانی کۆمەڵگاکەمان بدەن.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕسمی یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا، ئەو پەیام و برووسکانە خوێندرانەوە کە لە لایەن ڕێکخراوە سنفییەکانەوە بەم بۆنەوە بۆ سکرتاریای یەکیەتیی ژنانی دێموکرات نێردرابوون.

بەشێك لەم پەیامانە لەلایەن ئەم ڕێکخراو و کەسایەتییانەوە نێردرابوون:

— ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ـ کوردۆ خان - قایمقامی کۆیە

— یەکیەتیی ژنانی کوردستان - لقی کۆیە

— کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان - ناوچەی کۆیە

— نەرمێ حەمەد (بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە)

ـ ئەنجوومەنی زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

— یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

دوای خوێندنەوەی ئەم پەیامانە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نەسرین حەسەن زادە، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەری ئەم یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پەیامی یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی دا هەوڵی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە دامەزرانی ئەم یەکیەتییەدا بەرز نرخاندو بە وردی پەرژایە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی ژنانی یەکسانیخوازو چالاکی کوردستان و بە بایەخەوە باسی لە هەڵسوڕان و چالاکی ژنانی ناوخۆی وڵات کرد.

لە بەشەکانی دیکەی ڕێوڕەسمی یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، چەند سروودو گۆرانی و هونەرنمایی جوانی هەڵپەڕکێی کوردی لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزب و گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەش بەم یادە کران.

جێی ئاماژە پێدانە کە هەر بەم بۆنەوە پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (٢٤ی ڕەشەمە) پێشانگایەکی چێشتی کوردی لە لایەن ژنانی سەر بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێوە چوو کە لە لایەن خەڵکێکی بەرچاوەوە پێشوازی لێکراو بە سەدان کەس بۆ سەرفی نەهار میوانی سفرەی ئەم پێشانگایە بوون . لەم پێشانگایەدا لە لایەن ژنانی دەست ڕەنگینەوە چەندین جۆری چێشتی کوردی نمایش کرابوون.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان




**یاییانی تێکۆشەر، ئامادەبووانی بەڕێز**

**لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەبۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەگشتی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی دەکەم.**

٦٣ ساڵ بەر لە ئێستا ٥٢ رۆژ دوای راگەیاندنی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان لە ژێر سێبەری ئەو هەلومەرجە دێموکراتیکە کەم وێنەیەی کۆماردا ژنانی خاوەن هەستی کوردایەتی یەکەم رێکخراوی دێموکراتیکی خۆیان لە شاری مەهاباد پێک هێناو مینا خانمی هاوسەری دڵسۆزو فیداکارو وەفاداری پێشەوایان بە سەرۆکی خۆیان هەڵ بژارد.

ئەو کارە لە هەلومەرجێك دا کرا کە نەك هەر ژنان لە کوردستان زۆر بە کەمی خوێندەواریان هەبوو، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی کوردستانیش نەخوێندەوار بوون. لەو کات دا ئەم جۆرە رێکخراوانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە دەگمەن دەبینران و لە کوردستانیش دا نموونەی نەبوو. لەو سەردەمەدا فەرهەنگی عەشیرەیی و دواکەوتوویی توندی ئایینی زاڵ بوو.

ئەو هەنگاوە راچڵەکێنەرەی ژنان و بەشداری دواتریان لە خەبات دا لە ژێر کاریگەریی رەوشتی کۆمارو ئەو ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییانە دا رووی دا، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمارو بەتایبەتی ئیمانی پتەوی پێشەوا قازی بە دێموکراسی بەستینیان بۆ خۆش کردبوو.

لە ماوەی تەمەنی کۆماردا یەکیەتیی ژنان کەمتر لە ١٠ مانگ تێکۆشانی ئاشکرای هەبوو، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا لە بواری فێرکردن و راهێنانی کچان و ژنان و هێنانیان بۆ نێو کۆڕو کۆمەڵی سینفی ـ سیاسی دەوری بەرچاوی گێڕاو لە زۆربەی بۆنەکان و لە بواری راگەیاندن و هونەری دا جێگەو پێگەی خۆیان هەبوو.

چالاکیی ژنان دوای نەمانی کۆماریش بەپێی تواناو ئیمکان زیاتر بە نهێنی درێژەی هەبووەو گەلێك جار رۆڵی گرینگیان گێڕاوەو شان بە شانی پیاوان لە جووڵانەوەدا بەشدار بوون.

ئەگەر ژنی کورد وەك هەتا ئێستاش لە بەشی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستان لە ژێر باری گرانی دوو ستەمی ئایینی و نەتەوەییدا دەتلێتەوەو بە سووکی چاویان لێ دەکرێ و لە زۆر مافی سەرەتایی بێ بەشن، ژنی کورد ستەمی گرانی قانوونە دژە ئینسانییەکانی کۆمەڵگە و زەبرو زەنگی پیاوسالارییشیان بەسەردا زاڵەو لە راستیدا ئەگەر کورد لە ژێر باری ستەمی دەسەڵاتدارانی حاکم دا دەناڵێ، ژنانی کورد لە ژێر تەوژمی مەحرومیەتی سێ لایەنەی نەتەوەیی، ئایینی و پیاوسالاری دان. سەرەڕای ئەوەش ژنان هیچ کات کۆڵیان نەداوەو لە هەر دەرفەتێك دا بۆیان لوا بێ، رۆڵی خۆیان بۆ بەربەرەکانی بە دژی ئەو ستەمانە گێڕاوە.

زۆر بۆ دوایە ناگەڕێینەوە بەڵام بەشداریی ژنان لەو حەرەکاتانەی

ئیعترازی و خۆپێشاندانەکانی دژی سیستمی پاشایەتی لە هەموو شارو شارۆچکەیەکدا بەرچاو بوو کەچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەوەندەی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان کەوتنە ژێر زەخت و زۆری ئاخوندەکان، ژنان چەند هێندە زیاتر کەوتنە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامی و دروشمی "یا روسری یا تو سری" سەرەتاییترین و زەقترین دژایەتی ئەو کۆنەپەرستانە بوو بە دژی ژنان.

ئەگەر لە دەورەی حاکمیەتی نگریسی دەسەلاتدارانی قروونی وستاییدا ژنانی خەباتکارو دێموکرات وەك مێرانی بیرورا جیاوازی دژی ڕێژم دەکوژرێن و لە دادگا فەرمایشی‌یە چەند چرکەییەکاندا مەحکووم و ئیعدام دەکرێن و تا ئێستا بە هەزار کەس بەم شێوە ئیعدام کراون یا لە ژێر شکەنجەدا کوژراون، ژنان بە ئاشکرا لە پێش چاوی خەڵك بەردباران و سەنگسار کراون. هەر ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لە روانگەی خەڵك و دەوڵەتانی دنیاوە ئەم کردەوە چەپەڵ و دوور لە بەها ئینسانییانە مەحکووم کراون و بە رواڵەت ڕێژیمیش ئەنجامی ئەو کارەی قەدەغە کردوە بەڵام وەك دەبینین هەروا درێژەی هەیە.

ژنانی ئێران و کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو زەختەی لە سەریانە هەتا ئێستاش چالاکانە لە مەیدانی خەبات بە دژی کۆنەپەرستی و ئیستبداد دا قارەمانانە ماونەوەو بە هەر شێوەیەك بۆیان لوا بێ بە کردەوەو زمان و قەڵەم لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوایان تێ دەکۆشن و بە راستی لەو پێناوەدا گرتن و ئەشکەنجەو زیندان و تەنانەت ئیعدامیشیان تەحەموول کردوە.

لە گۆڕەپانی خەباتی بێ وچانی گەلی کوردیش دا زۆر شێرەژن و کیژی مافخواز و نیشتمانپەرەوەر گیانی خۆیان بەخت کردوە و ئێستاش هاوتای ئەوان نەك هەر لە ریزی ڕێکخراوە دێموکراتیکە سیفی‌یەکان و NGO کان دا لە خەباتی بەردەوام دان و کەم نین ئەو کچ و ژنانەی بە تاوانی خەباتی مەدەنی لە زیندان دان و حوکمی قورسیشیان بەسەردا سەپاوە.

جگە لەوانەش رادەی کیژ و ژنان لە ریزەکانی شۆڕش و سەفی پێشمەرگەی حیزبە کوردستانییەکانیش دا رادەیان بەرچاوەو تا ئێستا لە ریزی پێشمەرگایەتیش دا زۆریان قوربانی داوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش لەم بوارەدا بەپێی تواناو ئیمکان، ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندوەو لە شارو شاخ و تاراوگە تێکۆشاوەو درێژە بە خەباتە رەواکەی دەدا. بەڵام بێگومان بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ژن و پیاو ڕێگەیەکی دوورو درێژیان لە پێشەو پێویستە زۆر لەوەش چالاکتر بن.

بۆ سەرکەوتنی زیاتر پێویستە کۆبوونەوەو کۆنفرانسی زیاتر بگیرێ، لە ڕێگەی میدیاکانەوە ژنان وریا بکرێنەوە، لەگەڵ مافی تاك و گشتیی خۆیان ئاشنایان کەن و لە هیدایەت و ڕێنوێنییان بۆ خوێندەوار بوون، هوشیار بوون و چالا ك بوونیان تێ بکۆشن.

باس و وتووێژی زیاتر لە سەر ئەو دوو دیاردە ناحەزەی خۆکوشتن و سووتاندن بکرێ کە بەداخەوە هەروا پەرە دەستێنێ. بەو مەبەستە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و باقی ڕێکخراوەکانی ژنان دەبێ پێوەندیی زیاتریان لەگەڵ توێژی بێبەش و کەم ئیمکان و بێ دەرەتانی ژنان هەبێ و ئیعتیماد و باوەڕ بە خۆ بوونیان تێدا بەهێز بکەن تا لە بەرامبەری ستەمەکان دا خۆڕاگربن و لە جیاتی خۆکوشتن و خۆسووتاندن مەشوەرەت و راپرسی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و دڵسۆزانیان بکەن.

بێ گومان پێوەندیی زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنان بەگشتی و ژنانی نێوخۆ تۆکمەیی و یەکگرتوویی زیاتر بە یەکیەتیەکەتان و هێزی زیاتر بە خەباتە رەواکەتان دەبەخشێ.

هەمووتان ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە خوازیاری دابینکردنی مافی رەوای ئێوە بووەو هەر ئێستا چەند "بەند" لەم پێوەندییەدا لە بەرنامەی حیزب دایە و زۆریشی بەربەرەکانی لەگەڵ داب و نەریتی دواکەوتووانەو کۆن کردوەو لایەنگری یەکسانیی مافی ژن و پیاوە.

لەم قۆناغەش دا وەك رابردوو بۆ هەر چەشنە هاوکارێکی گونجاو لەگەڵ ڕێکخراوەکەتان ئامادەیەو پشتیوانی لە داخوازە رەواکانتان دەکا.

بەڵام هەم پیاوو هەم ژنانی ئێرانی و کوردستانی دەبێ ئەوە بزانن کە تا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم یاسا دواکەوتووانەوە بمێنێ نە مافی تاك و نە مافی کۆمەڵ دابین نابێ و ئەرکی هەموو مرۆیەکی دێموکرات و ئازادیخوازە بۆ نەهێشتنی ئەم ڕێژیمەو هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك لێبڕاوانە خەبات بکەین.

جارێکی دی بەبۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان لێ دەکەین و خوازیاری سەرکەوتنی هەرچی زیاترتانین لە خەباتە رەوا سینفی و سیاسی‌یەکەتاندا.

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

### پەیامی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

# بە بۆنەی ٢٤ی رەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




**خوشکان**

**بەڕێزانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**بە بۆنەی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین.**

ئێستا ژنان وەك نیوەی کۆمەڵگای بەشەریی لە هەموو جیهان داو بە پانایی هەموو کۆمەڵگای ئینسانی خەبات دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و بە یەکسانی ژیان لەگەڵ نیوەکەی تری کۆمەڵگا. ئەم خەباتە لە راستی دا لە دژی یەکێك لەو خوورافانە دەکرێ کە بە درێژایی مێژووی بەشەر تاریخی هەیەو یەکێك لەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە لە هەر شوێنێك و لە هەر وڵاتێك بوونی هەبێ بەر بە گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەگرێ.

ئەوەش ئەو بیرو فیکرە کۆنەپەرستانەو قیزەونەیە کە تەنیا بە هۆی "جنسیت" بە هۆی ژن بوون بەشێك لە کۆمەڵی ئینسانی لە بەشێکی تر بە کەمتر دەزانێ.

خەباتی ژنان لە ئاستی جیهان داو لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا دا رێگایەکی دوورو درێژی پێواوەو سەرکەوتن و دەسکەوتی زۆری دەستەبەر کردوە.

لە ئێران و لە کوردستان، ژن نەك هەر ئەسیری بیرو بۆچوونی دواکەوتووانەو داب و نەریتی کۆنەپەرستانەیە، بەڵکوو گیرۆدەی داوی رێژیمێکە کە، بوونیادی لە سەر جیهالەت و نەزانی و کۆنەپەرستی دامەزراوە. بێ مافی ژنان و رەفتاری غەیرە ئینسانی دەرهەق بە ژنان بووەتە قانوون و نهادینە کراوەو هەموو دام و دەزگای رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دیفاع کردن و پاراستنی ئەم یاسا دژی ئینسانیانە رێك خراوەو وسازمان دراوە، دیاردەکانی ئەم یاسا دژە ژنەی رێژیمی ئێران ناسراوترو ناوزڕاوتر لەوەن کە لێرەدا نیاز بە دووپات کردنەوەیان بێ.

ژنانی ئێران و ژنانی کوردستان، بەڵام تەسلیمی ئەم کۆنەپەرستییە نەبوون و دەستەوەستان نەماونەتەوە. ئەمڕۆ خەباتی ژنان دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و یەك دەنگی و تێکۆشانیان بۆ بە دەستهێنانی مافی رەواو ئینسانیی خۆیان بە یەکێك لە هێزە ئەسڵییەکانی گۆڕانکاری لە ئێران دا دەژمێردرێ.

زیندان و ئێعدام و سەنگسارو هەموو ئەو دژواریانەی کۆماری ئیسلامی لە سەر رێگای خەباتی ژنان پێکی هێناوە، نەك هەر نەبووەتە هۆی پاشەکشەی ژنان، بەڵکوو یەکڕیزی و بوێری ژنان هەر دێت و گەشەو بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە دەبینێ، ئەگەر کەمپەینی یەك میلیۆن واژۆ "بۆ نموونە" ئەو جبهەیە کە ژنان دژی حکوومەتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی کردوویانەتەوە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و راوەستانی بوێرانە لە بەرامبەر سوننەتو داب و نەریتی کۆنی نێو کۆمەڵگا، جبهەی دووهەمی ژنانە دژی کۆنەپەرستی و بیری کۆنە پیاوسالاری نێو کۆمەڵگایە ئێمە دڵنیاین لە هەر دووك جبهەدا سەرکەوتن بۆ ئێمە، بۆ ژنانە.

لە کۆتایی دا هیوادارم رێکخراوەکەتان لە خەبات بۆ یەکسانیی مافی ژن و پیاوو بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنی کورد هەردەم بەردەوام بێ.

**سەرکەوێ خەباتی رەوای ژنان بۆ دیفاع**

**لە ماف و ئازادییەکانیان**

**پیرۆز بێ خەباتی ٦٣ ساڵەی یەکیەتیی**

**ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**سەرکەوتوو بن**

**ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی**

**کوردستانی ئێران**

**پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

# بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان




**میوانانی بەڕێز !**

**ئەندامان و لایەنگرانی خۆشەویستی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!**

**ژنانی تێکۆشەری کورد!**

بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان گەرمترین و بەنرخترین پیرۆز باییتان لێ دەکەین کە ٦٣ساڵ بەر لە ئێستا لە سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزرا. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێك دا دامەزرا کە وشیاریی نەتەوەیی لەسەرەتای گەشە سەندن دابوو، واتە تیگەیشتن لە مەڕ مەسەلەکانی ژنان لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوو، بەجۆرێك ژنان کەمتر بەشدارییان لەکارو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا دەکرد. تەنانەت کەمتر ڕێگە بە کچان دەدرا بچنە قوتابخانەو فێری خوێندن و نووسین بن. بەدامەزرانی کۆماری کوردستان یەکیەتیی ژنان کە دەسکەوتی ئەو کۆمارە بوو، ڕێگەی بۆ ژنان لە هاتنە ناو مەیدان و بەشداری لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات دا خۆش کرد ودەرگای قوتابخانە بەڕووی کچانی کورد داکرایەوە. هەربۆیە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان قەرزدار و ئەمەگناسی کۆماری کوردستانە کە هەلێکی ئاوا زێڕینی بۆ ژنانی کورد ڕەخساند .

بەڕێزان !

ئێمە لە کاتێك دا یادی دامەزرانی ڕێکخراوەکەمان دەکەینەوە کە ژنان لە ئێران دا لە سەرەتاییترین مافە مەدەنییەکانیان بێ بەشن . دەبینین لە وڵاتەکەمان لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دا ڕۆژ نیە ژنانی ئازادیخواز نەگیرێن و نەکەونە چاڵە ڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە و ئازارو ئەشکەنجە نەدرێن.

٦٣ ساڵ لەوە پێش دەسەڵاتی دێموکراتیکی کورد بە دەرك کردنی مافی ژنانو گرنگی دان بە مەسەلەی ژنان ڕێکخراوی ژنانی دامەزراند. ڕێزی لە مەقامی بەرزو ئینسانیی ژنو ئازادییەکانی گرت . ئەگەر لەو کاتەوە تا ئێستا لە وڵاتانی ئازادو پێشکەوتوو دا مەسەلەی ژنان پێشکەوتنێکی زۆری بە خۆیەوە دیوە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە دا بە پێچەوانە تا دێ بارودۆخی ژنان خراپترو مەترسیدارتر دەبێ. بە تایبەتی بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەوەندە ئازادییە بەرتەسکەش کە لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو دا هەبوو بە تەواوی سڕانەوە. لە ژێر کاریگەریی سیاسەتو تێڕوانینی تەسكو کۆنەپەرستانەی کاربەدەستان لە بارەی ژنان دایە کە ئەمڕۆ دەبینین پێشێل کردنی مافی ژنان بۆتە شتێکی ئاساییو ڕۆژانە. لە هیچ سەردەمێك بە قەد ئێستا ڕۆژگاری ژنان ئەوەندە لێڵو تاریك نەبووە. بەرز بوونی ڕادەی ژنکوژی، خۆکوژیو خۆسووتاندن لە نێو ژنان دا قەت بە ڕادەی ئێستا تەشەنەی نەکردوە. ئەگەرچی ئەمە نیشانەی داماویو بێ دەسەڵاتیی ئەوانەو نابێ ژنان پەنا بۆ ئەم کارە بەرن، بەڵام لە لایەکی دیکەش ئاکامی ئەم جۆرە تێڕوانینە نامرۆڤانەیەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش بەخۆشییەوە ژنان وشیارتر لە ڕابردوو ڕاپەریون وداوای مافە ڕەواو ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن کە نموونەی هەرە بەرچاو ودیار بزووتنەوەی ژنانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزایە کە بە هەزاران دەنگی ژنی لە هەموو گۆشەو قوژبنەکان و دێ و شارەکانی ئێران لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوەو دژی ئەو یاسایانەی کە مافەکانی ژنان پێشێل دەکەن و لە بەرژەوەندی ژن دانین، هاتوونەتە گۆڕەپانی تێکۆشان بۆ یەکسانی و مافی بەرابەر .

٦٣ساڵ لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان تێ دەپەڕێ، بەڵام بە داخەوە ئەم ڕێکخراوە کە ڕێکخراوێکی مەدەنی و سنفییە، هێشتا بە ئازادی دەرفەتی تێکۆشانی لە وڵاتدا نیە و زیاتر لە دوورە وڵاتی و لە ژێر پشتیوانیی بزووتنەوەی کورد دا تێ دەکۆشێ. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە یەکیەتیی ژنان نەتوانێ بە ئازادی و بەئاشکرا ڕۆڵی خۆی لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان دا بگێڕێ و دەوری ڕێکخراوێکی مەدەنیی چالاك لە نێو خۆی وڵات داببینێ. بەو حاڵەش توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئازادیخواز و تێکۆشەرو خەباتگێڕ لە ڕیزەکانی دا لە دەوری یەك کۆ بکاتەوە و ببێ بە جێگەی هیواو هومێد بۆ داهاتووی ژنانی کورد .

لە کۆتایی دا بە ئاواتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی مەدەنی و سینفیی ژنان و بەرقەرار کردنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو و بەردەوامبوونی خەباتی ڕێکخراوەکەمان لە وڵاتێکی بە دوور لە ستەم و دیکتاتۆری و، لە سایەی ئازادی دا خەبات و بزووتنەوەی ژنان بە ئاکام بگا .

- سڵاو لەو ژنە شەهیدانە کە بە بڕوایەکی پتەو بۆ ڕزگاریی ژن تێکۆشان و بەناحەق گیانیان لێ ئە ستێنرا .

- سڵاو لەو ژنە خەباتگێڕانە کە هەر ئێستا لە ناو خۆی وڵاتدا گیانی خۆیان لە پێناو دەستە بەرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕزگاریی ژن لە چەوسانەوەدا خستۆتە مەترسییەوە .

– پیرۆز بێ شێستوسێ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**

**٢٤ ی ڕەشەمەی ١٣٨٧**

# پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە، ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

ژنانی تێکۆشەرو مافخوازی کوردستان!

٢٤ ی ڕەشەمەی ئەو ساڵ، ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دا تێ دەپەڕێ. هەر وەک هەمیشەگوتوومانە، دامەزرانی ئەو ڕێکخراوە لە کۆمەڵگای ئەو سەردەم و ٦٣ ساڵ لەمەوبەر، هەنگاوێکی مێژوویی و نوێخوازانەبوو. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە خاوەن ئەم مێژوو دوورو درێژەیەو شانازی بەو ڕاستییە دەکا کە لە زەمانی کۆماردا لەدایک بووە، ئەرکی پاراستنی ئەو شانازییەی دەکەوێتە سەر شانی و دەبێ حەول بدا هەمیشەو لە هەموو کات و ساتێکدا هەروا پێشەنگ بێت و نوێخوازانە هەنگاو هەڵ گرێ.

ژنانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، ٣٠ ساڵ دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و لەو پەری بێدەسەڵاتیدا، دەستیان لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرتوە و هەر ڕۆژە بەشێوەیەکی تازە لە بەرامبەر زوڵم و زۆری دەسەلاتداران ڕادەوەستن و دژایەتی چەوسانەوە دەکەن و بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆر لەکۆمەڵدا حەول دەدەن. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش لە کۆنگرەی دووهەم دا، بەڵێنی پێکهێنانی ئاڵوگۆری زۆری لە بەرنامەی تێکۆشانی خۆیدا داوەو بۆ وەدیهێنانی ئەو بەڵێنانە پێویستی بە هاوکاری گشت لایەکە.

با بۆ پیرۆز کردنی ئەو ڕۆژە، پەیمان نوێ بکەینەوە، بەخۆماندا بچینەوە، بەدڵفرەوانی ڕەخنەکان وەرگرین و حەول بدەین ژیانێکی تازە وەبەر جەستەی ئەو ڕێکخراوە پیرۆزەی کۆرپەی باوەشی کۆمار و یادگاری پێشەوا بنێین.

پیرۆز بێ ٢٤ی ڕەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی ژنان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای پێشکەوتوو.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان،
کۆمیتەی دەرەوەی وڵات
١٤ی مارسی ٢٠٠٩

# رۆژی ٨ ی مارس‌و رۆژی ٢٤ ی رەشەمە

# دوو رۆژی سەمبولیك بۆ ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

نەسرین حەسەن زادە

لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ هەر یەکێك لە چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵ رۆژێکی تایبەت وەك سەمبولیك دیاری کراوە کە ببێتە هۆیەك بۆ یادکردنەوەوگرنگی پێدان‌و رێزگرتن، وەك رۆژی منداڵ، رۆژی دایك، رۆژی کرێکار، رۆژی مامۆستا ...هتد.

هەر یەك لە چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵ بەداخەوە خاوەنی گەلێك کێشەونەهامەتی‌و گرفتەو زۆرجار بەهۆی دابونەریت یان بەهۆی دەسەڵاتەوە مافەکانیان پێشێل دەکرێ، بە پێی بەندەکانی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ هەر یەك لە تاکەکان لە هەر کوێیەك‌و لە هەر پلەیەك‌و لەهەر خاکێك‌و هەر زمان‌و ئایینێك‌و هەر نەژادێك بێ، ئەم بەندانەی مافی مرۆڤی پێ رەوا ببینرێ‌و بۆی جێبەجێ بکرێ، دوور بێ لە هەموو توندوتیژییەك و سووکایەتی پێکردنێك.

ئەوەی لێرەدا دەمانهەوێ گرنگی پێ بدەین ئەوەیە کە بۆ ژنیش رۆژێك دیاری کراوە کە رێز لە مەقامی بەرزی بیگرێ‌و لەم رۆژەدا گرنگیی تایبەتی پێبدرێ‌و زیاتر بایەخ بە مەسەلەی ژن‌و کێشەکانی بدرێ دژی ئەو توندوتیژیانەی کە رووبەرووی دەبنەوە. رۆژی نێونەتەوەیی ٨ ی مارس کە رۆژێکی نێونەتەوەیی‌یە بۆ ژنان بە گشتی لە هەموو جیهان دا یادی دەکرێتەوەو لە میدیاکان‌و رۆژنامەکان دەنگ دەداتەوە.

لە ئێرانیش دا هەرچەندە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دژی ئەم رۆژەیەو بە رەسمی یادی ناکرێتەوە، بەڵام ژنانی ئێران بەگشتی بۆخۆیان رێز لەم رۆژە مەزنە دەگرن‌و وێرای ژنانی جیهان دەنگی خۆیان تێکەڵی دەنگی ئەوان دەکەن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئەو رێژیمە بۆ کەم رەنگ کردنەوەی ئەم رۆژە جیهانی‌یە رۆژێکی دیکەی وەك رۆژی ژن دیاری کردوە، بەڵام نەیتوانیو لە گرنگی پێدانی ژنانی ئێران بە ٨ی مارس کەم بکاتەوە. ئەمەش زۆر جار بۆتە شێواندنی رێورەسمەکان‌و لە ئاکام دا ژنانی ئێرانی گیراون‌و خراونەتە زیندان.

ئەگەر بۆ ژنانی جیهان بە گشتی رۆژێك وەك سەمبول دیاری کراوە ، بۆژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژێکی دیکەش بۆ ئەم مەبەستە هەیە کە بریتی‌یە لە: ٢٤ی رەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان. ئەم رۆژە هەموو ساڵێك لە لایەن کۆمەڵێك لە ژنانی خەباتگێری رۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەك دەسکەوتی کۆمارە زێرینەکەی کوردستانە رێزی لێدەگیرێ. لەم رۆژەدا ژنان زیاتر دەتوانن باس لە گیروگرفتەکان وکێشەکانیان بکەن وداوای ویست‌و داخوازەکانی خۆیان بکەن. ژنانی کورد بۆیە دەبێ بە وردبوونەوەو هەڵسەنگاندنی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا دەرس‌و ئەزموون لەو قۆناغە وەربگرن. چونکە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان کارێکی رەچەشکێنانە بوو. لە حاڵێك دا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی زیاتر گوندنشینی‌و سوننەتی بوو، ژنان نەخوێندەوار بوون، ئەزموونی پێشووتری کاری رێکخراوەییان نەبوو، ئەگەر ژنی کورد بە رادەی ژنانی ئەو کات رەچەشکێن بێ ،دەتوانن هەنگاوی زۆر گەورە لە بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەکەیان دا باوێن‌و دەرس لەو یادە وەربگرن.

هەرچەندە رۆژی ٢٤ی رەشەمە تەنیا تایبەتە بە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هیوادارین ئەم رۆژە ببێتە مەبنای رۆژی ژنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان‌و هاودەنگی‌وهاوپەیمانیی ژنانی کورد بە گشتی ببێتە یەك‌و ئەم رۆژە بە رۆژی ژنی کورد بناسرێ.

لێرەدا ماوە بڵێین ئەگەر بۆ ژنانی جیهان بەگشتی رۆژێك هەیە ئەوە بۆ ژنی کورد دوو رۆژی سەمبولیك هەیە. واتە جارێك وەك رۆژێکی نێونەتەوەیی‌و جارێك وەك رۆژێکی تایبەت بە ژنی کورد. بەو هیوایە لەم رۆژەدا کە کێشەکانی ژنان دێتە ئاراوەو باس لە ناخۆشییەکانی ژنان دەکرێ، ئەم رۆژانە ببنە هۆی ئەوە کە ژنان بە مافە رەواکانی خۆیان بگەن، چی دیکە لە ژێر ستەمی جنسی‌و نەتەوەیی دا نەچەوسێنەوەو ئاسۆیەکی روونیان بۆ بەدی بێ. ئەگەریش لە هەموو جیهان بەندەکانی مافی مرۆڤ بەباشی‌و وەك خۆی بەرێوە بچن ئەوە بە دڵنیایی‌یەوە هیچ جۆرە توندوتیژییەك‌و چەوساندنەوەیەك روو نادا.وەك لە یەکێك لە بەندەکانی مافی مرۆڤ دا هاتوە : مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێ‌و بە ئازادیش دەبێ بژی.

**هەرچەندە رۆژی ٢٤ی رەشەمە تەنیا تایبەتە بە ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هیوادارین ئەم رۆژە ببێتە مەبنای رۆژی ژنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان‌و هاودەنگی‌وهاوپەیمانیی ژنانی کورد بە گشتی ببێتە یەك‌و ئەم رۆژە بە رۆژی ژنی کورد بناسرێ**

# ژنانی کورد بە بەشداری لە هەڵبژاردن دا ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانی بە جێ دەگەیەنن؟

خەدیجە مەعزوور

سێ دەیە لە رووخانی رێژیمی سەڵتەنەتی و سەرکەوتنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی تێ دەپەرێ و لە کاتێک دا لە هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرۆک کۆماری لە ئێران دا نزیک دەبینەوە بە لێکدانەوەیەکی کورت، هیچ ئاڵوگۆرێك لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە باری موسبەت دا بە سەر سیستم دانەهاتوە بەڵکوو لە لایەك توندوتیژی و زەبروزەنگ وگرتن و ئیعدامی جیا بیران و رووناکبیران و تێکۆشەرانی رێگای ئازادی، لەپێناو ئازادی دا هەر بەردەوامە و لە لایەکی دیکەوە لە ئاکامی بەردەوامی سوننەتی سەرکوتکەرانە و هەڵسوکەوتی هەوسار پچراو لە ئاست ژنان دا مەسەلەی ژنی کردۆتە یەکێك لە حەساسترین و رادیکالترین مەسەلەکانی ئێستای ئێران.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا لەو وڵاتانە کە دێموکراسی نیهادینە کراوە، خەڵك بە ژن و پیاوەوە بە ئەرکی گرینگی نەتەوەیی و مرۆڤی دەزانن لە چارەنووسی وڵاتەکەیان دا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی بەختەوەرو شارستانی بەشدار بن و لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ، نۆینەری مەجلیسەکان، شارەداری یەکان و...... بەرپرسانە بەشداری بکەن، چارەنووسی وڵات و ناوچەکانیان بدەن بە دەست ئەو کەسانە کە غەمخۆری میللەتن، لەو پێناوەش دا دەبێ فەزا ئازاد بێ و بە ئازادی و بێ زەخت و زۆر بچنەسەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بەنوێنەری راستەقینەی خۆیان بدەن. بەو مانایە هەر تاکێکی کۆمەڵ ئازادو سەربەست بە مەیلی خۆی دەنگ بدا بەو کەسەی کە جێگای متمانەو پەسەندیەتی. ئەگەر لەو حالەتەدا هەر کەسێك ئەو ئەرکە بە جێ نەگەیەنێ و کەمتەر خەمی و بێ مەیلی بنوێنێ، لە ئاست وڵات و ناوچە و خەڵکەکەی بێ لایەنەوهەست بە بەرپرسایەتی ناکا. بەڵام ئایا لە ئێران دا کە کەش و فەزایەکی نائینسانی و نابەرامبەرو دژی ژن حاکمە، ئەوە لوژیکە، و ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانیمان بە جێ گەیاندوە ئەگەر بچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لە هەڵبژاردنەکانی دا بەشداری بکەین؟

ئاماژە کردن بە ماددەی ١١٥ی قانوونی ئەساسیی ئێران بە روونی پێمان دەڵێ: "سەرۆك کۆمار لە نێو پیاوان(رجال)ی مەزهەبی و سیاسی کە خاوەنی مەرجەکانی ژێرەوە بن هەڵ دەبژێردرێ.......... باوەڕی بە مەبانی کۆماری ئیسلامی و مەزهەبی رەسمی وڵات بێ". ئەم ماددە یاساییە بە راشکاوی دەری دەبرێ نە سوننی و نە ژن مافی ئەوەیان نیە خۆیان بۆ سەرۆك کۆماری وڵات بپالێون. تەنیا ئەرکی سوننی و ژن بەشداری کردن لە دەنگدان و هەڵبژاردنە.

ئەگەر ژن بە گوێرەی ماددەی ١١٥ی قانونی ئەساسی نەتوانێ بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری خۆی بپاڵێوێ و تەنانەت پۆستی وەزارەتەکانیش بە ژنان رەوا نەبینرێ، باشترین ئالترناتیو ئەوەیە پشت لە سندووقەکانی دەنگدان بکا. تا ئێستا هیچ کام لە سەرۆك کۆمارەکان بۆ ژنان بە گشتی هەڵگرودانەری بەرنامە و پرۆژەیەك نەبوون بۆ ئەوە ژنان هەست بە ئەهوەنی و کەسایەتی خۆیان بکەن و لەو بارۆدوخە نابەرامبەرەی تێیدان رزگاریان بێ و یا هەوڵ بدەن تا رادەیەك ئالوگۆر لە ماددە یاسایی یەکانی وەك قانونی مەدەنی و جەزایی دا پێك بێنن.

> **سیستمە دیکتاتورو توتالیترە کە باوەری بە ئاڵوگوڕ نیە، ژنان مل بۆ دەنگدان رانەکێشن و دووبارە ستەم و نابەرامبەری لەسەر خۆیان شەرعییەت پێ نەدەن**

تەبلیغاتی کاندیدا تۆرەکان دوای هەڵبژاردن هەمیشە بۆتە بڵقی سەر ئاو، نموونە خاتەمی یە. کاتی خۆی پێش هەڵبژاردن زۆر بە راشکاوی لە بەرنامە تەبلیغاتی یەکانی خۆی دا ڕای گەیاند، ژنان دەبێ جێگەی و پێگەی شیاویان لە کۆمەل دا هەبێ، تەنانەت لە وتووێژێك دا باسی لە فیمینیزم دەکردو دەیگوت ژنان دەبێ لە پۆستە کلیدی یەکانی وڵات دا رۆلیان هەبێ . بەڵام کە لە هەڵبژاردن داسەرکەوت و دەنگی ژنانی مسۆگەر کرد، تەنیا یەك ژن ئەویش "معصومەی ابتکار"ی وەك دیکۆر کرد بە یەکێك لە معاوینەکانی خۆی، ئەو خانمەش هەرقسەکانی دەسەڵاتدارانی دووپات دەکردەوە. پاش هەڵبژاردن لە خاتەمییان پرسی ئەدی کوا ژن لە پۆستە کلیدی یەکان دا؟ لە وەڵام دا گوتی: من ئەو ریسکە ناکەم.

ژنان نابێ بە بەڵێنی پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆك کۆماری هەڵ خەڵەتێن کە بە هەڵبژێرانیان قەرەبووی ناعەداڵەتی و نابەرامبەری یەکانیان دەکەنەوە، لەو سیستمە دیکتاتورو توتالیترە کە باوەری بە ئاڵوگوڕ نیە، ژنان مل بۆ دەنگدان رانەکێشن و دووبارە ستەم و نابەرامبەری لەسەر خۆیان شەرعییەت پێ نەدەن. ژنان نابێ لە بیریان چووبێتەوە لە شۆرشی ١٣٥٧ی دا بەشداریی چالاکانەیان کردو لە پێناو سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا قوربانیانیشیان دا، بەڵام دەسکەوتی ئەو چالاکی و قوربانی دانە چ بوو. بێجگە لەئەوە دوو مانگ لە سەرکەوتنی شۆڕش رانەبردبوو یەکەم هێرش کە لە لایەن تازە بە دەسەڵات گەیشتووەکانەوە کرا، بۆ سەر ژنان بوو، لە یەکەم هەنگاوی ئەو هێرشەدا قەزاوەت لە ژنان ئەستێندراو بە دوای ئەوە دا حیجابی زۆرەملێ بە سەر کارمەندان و کارگێڕانی ئیدارەی نێو دامودەزگاکانی دەوڵەتی و پاشان بە سەر خەڵکی ئاسایی دا سەپاند، بە پەسندکردنەوەی دووبارەی قانوونی ئەساسی ئەو مافەکەمانەی کە لە قانوونەکانی سیستمی سەڵتەنەتی دا بە ژنان رەوا بینرا بوو لێی زەوت کراو ژمارەیەك ماددە لە قانوونی ئەساسی و قانوونە مەدەنی و جەزاییەکانی دا چەسپێندران کە بە گوێرەی ئەم ماددانە ژنان نەتەنیا ناتوانن پێی پشت ئەستوور بن، بەڵکوو هەموو ئەو ماددانە لە دژی ژنانن و نابەرامبەری و توندووتیژی و تۆڵە ئەستاندنەوەلە کۆمەڵ دا برەو پێ دەدا.

لە کۆتایی دا پێویست ناکا ژنان هان یا مەنع بکەین لە هەڵبژاردن دا بەشدار بن، با بڕیار بە خۆیان بدەین و لەو هەلومەرج و بارودۆخە کە لە ئێران دا لە ئارا دایەو هەموو ئەو بێ عەداڵەتی و نابەرامبەری و ستەم و سووکایەتی و بێ مافیەیەی کە پێیان رەوا بینراوە، هەڵبژێرن، دەنگەندان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردن یا پشت تێ کردن لە هەڵبژاردن. ئەمە تەنیا بۆ چوونی خۆمەو رەنگە بۆ چوونی جیاوازیش هەبێ کە بۆ من جێگای رێزە.

# لە کپ کرانەوە تا بوونەوە بە گڕکانێکی دی

عەلی بداغی

بزاوتی ژنان بۆ یەکسانیخوازی و دابینبوونی مافی وەك یەك و دۆزینەوەی شوێنگەی شیاوی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بە کۆمەڵێك دەسکەوتی گرینگەوە بەشداریی لە شۆڕشێك دا کرد کە "ئازادی" تۆخترین و سەرەکیترینی درووشمەکەی بوو. بەڵام ئێستاش پاش ٣٠ ساڵ دەسەڵاتداریی میراتگرانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنە، ژنان هەروا بەرچاوترین توێژی قوربانییانی ویستی ئازادین.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و گەیشتنی ئیسلامییەکان بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسییەوە بە تەختی دەسەڵات لە مەودایەکی زەمەنیی خێرادا بزاوتی ژنان تووشی نسکۆ هات. خومەینی لە وتاری ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧و تەنیا ٢٠ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی درووشمەکانی ئازادی، لە قوتابخانەی "ریفاه" دا فتوای سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بۆ ژنان دەرکردو ئەوە سەرەتای کۆت و بەندی یەك لە دوای یەکەکانی بەردەم بزاوتی ژنان لە سایەی ئەو حکومەتە ئارمانییەدا بوو کە ژنان بەشداریی فراوانیان لە پێناو چێ کردنی دا کردبوو و قوربانیی زۆریشیان لە پێناو سەرکەوتنی دا دابوو. بەربەرەکانی و بەرەنگاریی ژنانی ئازادیخواز لە هەمبەر هێژموونیی زاڵی گرووپە ئیسلامییەکانی براوەی شەڕی دەسەڵات سەرکوتی بێ بەزەییانەی ئەو بزاوتەی لێکەوتەوە. شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق ئەو دەرفەتەی بە ڕێژیم دا بە توندترین شێوە دەنگی دژبەران و جودا بیرانی خۆی کپ بکا. بزاوت و خەباتی ژنان لەم قۆناغە زەمەنییەدا لە دەرکەوتنی کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکانی ژنان ئەویش لە بازنەی داخراوو بەرتەسك دا کورت دەبێوە. دوا بە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی شەڕی ٨ ساڵەش چالاکییەکان هەر لەو گرووپ و ناوەندو Ngo داخراوانەدا درێژەی کێشا.

شکستی قۆناغی ٨ ساڵەی ڕیفۆرمخوازیی حکومەتی و بە بن بەست گەیشتنی چەمکەکانی فیمینیسمی ئیسلامی و مافی مرۆڤی ئیسلامی، ژنانی چالاك و ئازادیخوازی کۆمەڵگای ئێرانی لە هاوپێوەندییەکی نوێداو لە دەوری کارکردن لە پێناو چەسپاندنی بەها زەمینییەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و بەرامبەریی ماف و چێ کردنی پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ ژنان دا ڕێك خستەوە. بەم جۆرە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتی و داخراوەکانی ژنان گۆڕدران بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی جیهانی ژنان و دەرکەوتن و وەڕێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆرو هێنانە گۆڕێی ویست و داوای دیاریکراوو تایبەت و هەوڵدان لە پێناو چەسپاندن و وەدیهێنانی داواکانیان دا.

خەباتی ئاشکراو لێبڕاوی ژنان لەم قۆناغەدا شەوەزەنگی گوتاری فەندەمەنتاڵی ئایینیی کۆمەڵگای دڕ داو چەمکەکانی توندوتیژی خێزانی و حکومەتی، پیاوسالاری، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، منداڵ ئازاری، هەڵاواردن، فیمینیسم، باوکسالاری، بەرامبەری حقووقی کە لەلایەن بزاوتی ژنانەوە کاریان لەسەر دەکردرا، گوتارو بینینی زاڵ و باوی کاڵ کردەوە. کەمپەینی "نیشتمانی من، دایکی من"، "مەنشووری لە خۆمان و بۆ خۆمان"، "کەمپەینی پشتیوانی لە مافی ژنان بۆ چوونە نێو یاریگاکان"، "کەمپەینی یاسای بێ بەردەباران"، "کەمپەینی نا بۆ گەڵاڵەی پشتیوانی لە پیاوان لە بنەماڵەدا"، "کەمپەینی خوێندن مافی منە، پشکی من نیە"، "کەمپەینی "نا بۆ گەڵاڵەی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی" و "کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی یاسا پڕ لە نابەرابەرییەکان" و خەبات و بەرگریی جێی پەسند و شانازیی ژنان لە ماف و شوناس و هۆوییەتە شێواندراوەکانیان بزاوتی ژنانی ئێرانی خستۆتە ڕەهەندێکی دیکەوە کە دەکرێ پێناسەیەکی نوێ و تایبەتی بۆ بکرێ. ئەوەی کە ویست و داوای ژنان ژیرانە و بوێرانە و بە ڕوونی باسی لێ دەکرێ واتە ئەوەی کە ژنان چییان دەوێ، یان چییان ناوێ و ئەوەش کە دەیانەوێ چۆنیان دەوێ. پێداگری کردن و قوربانیدان و پاشەکشە نەکردن لە بەرامبەر ئەو ڕێگری و سەرکوت و زەبروزەنگ و توندو تیژی نواندنەی لە سەریانە، تایبەتمەندییەکی دیکەی دەرکەوتنی نوێی ژنان لە نێوان هێزو گرووپ و لایەنە فیکری و نەتەوەییەکانی ژنان دایە.

ئەم قۆناغە نوێیەی بزاوتی ژنان هەستیارو بۆ ئەوان پڕ مەترسیترە چونکی لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەلایەن هێزو گرووپ و ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ و بە دانی خەڵات و بە ڕۆژەڤ کردنی دۆخی ژنانی ئێران ڕەوایی بە چالاکانی ئەم بزاوتە دەدرێ، بەڵام هەر بەو پێیەش ڕەوتی سەرکوتی هەڵسوڕانی ئەم بزاوتە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تا دێ زیاترو توندترو بێ بەزەییانەتر دەبێ. گرتن و ئەشکەنجە دان و بڕینەوەی سزای قورس و دووور خستنەوەی چالاکانی بزاوتی ژنان ئەگەرچی ڕەوتێکی لە مێژینەی سەرکوتی ژنان لەلایەن حکومەتەوە بووە، بەڵام لە ئێستادا ڕەهەندێکی زۆر بەرفراوانتری لەخۆ گرتوە. ئەمڕۆکە کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی یەکسانی گرینگترین گۆڕەپان و دەرکەوتەی خەبات و بزاوتی ژنانە. ئەو حەرەکەتە بەربەرینە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیی هەرچی گشتگیر کردنی ویست و داواکاریی ژنانە. ئەو کەمپەینە کە زۆرترین سەرنج و بینینی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، خاوەنی ٢ خەڵاتی جیهانییە بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە توانای بۆ بوونە گۆڕەپانێکی جیددی

لەگەڵ نیزام و سیستمی دژ بە ژن لە ئێراندا هەیە. بەشێك لەو تایبەتمەندییانە ئەوەن کە ویست و کۆی داواکان زۆر بە روونی لەو داوانامەیە دا ئاماژەیان پێکراوەو پێداگرییان لەسەر کراوە، داواکان تایبەت بە توێژێکی دیاری ژنان نین و ئەوەندە گشتگیرن کە ژنانی ئێران هەموویان سەرەڕای جیاوازی بیرو ئینتیمای سیاسی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، پێکهاتەیەکی تا رادەیەکی زۆر دێموکراتیکی هەیەو لەو ماوە کورتە ٣ ساڵەی دا توانیویەتی کۆمەڵێك کادری بە تواناو لێوەشاوە لە نێوخۆی دا بۆ بزاوتی ژنان پەروەردە بکاو پرسی ژنان لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکانەوە بۆ ناخی کۆمەڵگا پەلکێش بکاو ئەم پرسە بۆ قوتابخانەکان، شوێنی کارو بازارو باریگاو پارك و سەیرانگەکان بگوازێتەوەو زۆرترین توێژی ژنان تێکەڵ بەم رەوتە لە خەبات و چالاکییە بکا. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش بە سڕینەوەی دڕدۆنگییەکان پیاوانیش پشکداری ئەم رەوتە بکاو لە هێزو توانای پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکرات بۆ بردنە پێشی کێشەی ژنان کەڵکی پێویست وەرگرێ.

ئەم رەوتە لە خەبات و بزاوتی ژنان شایانی پشت گرتن و داکۆکی لێکردنە. شێوازی مەدەنی و شارستانی و بە دوور لە توندوتیژی گرتنە بەری چالاکانی کەمپەین، سیلە گرتن لە یاسا تەژی لە نابەرامبەری و هەڵاواردنەکان، یاسامەند کردنی ژیان و خەباتی ژنان و پێکهاتەی دێسانترالی بەڕێوەبەری و تەواویەتیی کەمپەین وای کردوە کە پشتگیریی بەشێکی زۆر لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیونی رێژیم لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ لای خۆی رابکێشێ.



لە خاڵە بەهێزەکانی دیکەی کەمپەین بەشداریی دیارو کاریگەری ژنانی نەتەوە بندەستەکان و ئامادە بوونی چالاکانەی پشکداریی ئەوان لە دەسکەوتەکانی کەمپەینە. لە کوردستان ژنی کورد هەم لە سۆنگەی ژن بوون و لە سۆنگەی کورد بوونی قوربانیی هەڵاواردن و نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە، بەڵام خەبات و بەرخۆدان و وەستان و بەرگریکردن بەشێك لە شوناس و پێناسی ژنانی کورد بووە. ژنانی کورد هەم بەشدارییان لە خەباتی سیاسی و مەدەنی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی رێژیم دا کردوەو هەم لە بزاوتی مەدەنیی کۆمەڵگای ئێراندا شوێنگە و پێگەی دیاریکراوی خۆیان دۆزیوەتەوە. هاوبەشی ژنان لە قوربانیدان، چەوسانەوە، زیان بەرکەوتن لە سۆنگەی یاسا پڕ لە هەڵاواردن و نابەرامبەرییەکان خۆی هاوبەشی و هاوپێوەندیی بەرخۆدان و بەربەرەکانیشی لە ژنان دا دروست کردوە. ژن بوون و رەگەزی ژن بوون و هاوبەشیی ژان و خەمەکانی ژنان بەسە بۆ ئەوەی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ژنانی ئێران دا دروست بێ و بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵە و کەم کورییەکانی پێشوو وەك نەبوونی تۆڕی پێوەندی و پێوەندیی نێو هێزو لایەنە بەشدارەکانی بزاوتی ژنان ئەمجارەیان ویست و توانستی خۆیان لە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری دا یەك بخەن و کەمپەینی یەك ملیۆن واژۆش دەرفەت و بوارێکی لەبارە بۆ ئەزموونکردنی هاوپێوەندییەکی لەو چەشنەو گواستنەوە دەنگ و ویستی تایبەتیی ژنانی کورد بە ژنانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران.

کەمپەین ئەگەرچی تا ئێستاش نەیتوانیوە ویست و داوای خۆی لە مەڕ گۆڕانی یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکان بەسەر رێژیم دا بسەپێنێ، بەڵام بە رۆشنگەری، بردنە سەری ئاستی وشیاریی ژنان، بەشداری کردنی ژنان لە پرس و چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و هێنانە گۆڕی شێوازی نوێ بۆ گۆڕان و داوا کردنی ماف توانیویەتی دەستکەوتێکی زۆر بۆ بزاوتی ژنان دەستەبەر بکا.

# بزووتنەوەی ژنان، رووبارێکی بێ وەستان

و: حەسەن حاتەمی

رۆژنامەی ئەندیپەندێنت لە ژمارەیەکی خۆی دا، بە ناوی "زندگی" لە رۆژی ٢٦ی فێوریەی ٢٠٠٩، لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر کۆمەڵگای ژنان لە ئێران دا بە قەڵەمی "کاترین باتلر" بڵاو کردۆتەوە.

ئەو راپۆرتە لە ژێر ناوی "ئەوانەی دەبێ رۆژێك گوێیان لە قسەی ئێمە بێ"، لە سەر ژیانی خانمی "زهره وطنخواه" دەنووسێ. ناوبراو شۆفێری ماشێنێکە کە لە ئێران دا، لە کێبەرکێیەکی ماشێن لێخوڕین دا بەشدار دەبێ. ئەو بۆ خوێنەرانی ئەو رۆژنامە بریتانیایە دەگێڕێتەوە کە چۆن و لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دەژی و بە سەر کۆمەڵگای پیاوسالاردا زاڵ دەبێ.

"کاترین باتلر" ئاماژە بەوە دەکا کە شۆڕشی ئێران چۆن هەلومەرجی بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران گۆڕی و گوتی: حکوومەتی نوێ (دوای شۆڕش)، بڕوای وابوو ژنان زۆر هەستیار و دڵ ناسکن، بۆیە بۆ کاری دادوەری (قضاوت) نابن.

ئەو هەواڵنێرە لە تەنیشت خانمی "وطنخواه" لە شاری تاران دانیشتوەو دەڵێ: "ژنێك لای من دانیشتووەو ماشێن لێ دەخوڕێ و بڕوای بە خۆی هەیە"، بەڵام پێی وایە بەربەرەکانی لە نێوان سوننەت و مۆدێرنیتەدا "کە کاریگەری زۆری لە ژیانی ژنان دا هەیە"، شتێك نیە بە سانایی وەدەست بێ.

هەواڵنێری ئەندیپەندێنت دەنووسێ: "ژنانی ئێرانی بەرەبەرە لە بەرانبەر رووحانییەت دا رادەوەستن". ئەو کارە تەنیا براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل یا مەلەکەی وەرزشوانەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو بەشێك لە ژنان ناخۆشیە ترسناکە سیاسییەکانیش، تەجرەبە دەکەن.

"تەشویق لە بەرانبەر شاشەی تەلەفزیۆن"

"باتلر" لە بارەی چارەنووسی "عالیە اقدام دوست"دا دەڵێ: ناوبراو بە هۆی بەشداربوون لە ناڕەزایەتییەکی ئاشتیخوازانە بە پشتیوانی لە ژنان بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە. ئەو یەکەمین ژن بووە کە بەو تاوانە گیراوە.

ئەو وتەکانی "ریشارد کاپوشینسی" نووسەری کتێبی "شای شایەکان" کە گووتبووی: "ئێرانییەکان پشوو درێژن" پەسند دەکاو دەنووسێ: "دوای شۆڕشی ئێران ٢٧ساڵی کێشا هەتا ژنان یەکەمین کۆبوونەوەی گشتیی خۆیان گرت".

خانمی "باتلر" باسی قانوون گەلێك دەکا وەك: میرات پێ نەبڕان (ارث)، مافی تەڵاق، تەمەنی مەحکووم کران، دیە، ئیزن نەدانی سەرکۆماری بوون، باڵاپۆش (حیجاب)و ... کە جیاوازیەکی زۆری جنسی تێدایە.

ئەو دەنووسێ: ئەندامانی "کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی قانوونەکانی جیاوازی دانان بە دژی ژنان"، شێوەی تێکۆشانی خۆیان، لە بەرانبەر پۆلیس و هێزە سەرکوتکەرەکان کە دەیانگوت گۆڕیوە. ئەوان لە شارو گوندەکان، لێیان نزیك دەبنەوەو قسەیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان قسەیان لەگەڵ دەکەن.

ئەو رۆژنامەنووسە بە پێی ئەو شتانەی دیتوونی دەنووسێ: ژنانی ئێرانی فێر بوون چۆن لە بەربەستەکان تێپەڕن. بەڵام بە ئیزن نەدانی ژنان لە یاریگاکان، ئاماژە بە بەشێك لە نامەیەك دەکا کە کچە ئێرانییەکان، لە بەرەبەری یاری تۆپی پێی ئێران و کۆرەی باشووری، لە رەدەی سەرەتایی جامی جیهانی دا نووسیویانە.

لە نامەکەدا نووسراوە: "خوشکانی کۆرەیی! کاتێك ئێوە بە هەراوهوریا و چەپڵە لێدان، تیمەکەی خۆتان تەشویق دەکەن، ئێمە لە ماڵەکەی خۆمان دا بەرانبەر شاشەی نەعلەتی تەلەفزیۆن دا، زیندانین. ئێمە دەبێ قیژەکانمان قووت دەین. تەنانەت کاتی خۆشحاڵیش دەگرین!؟ چونکە فوتبالیستەکانی ئێمە ناتوانن دەنگی تەشویقی ئێمە ببیسن".

کۆمەڵگای پیاوسالار:

"کاترین باتلر" دەنووسێ: ئەگەر ژنانێك خوازیاری قانوونە (مەوجوود)ەکانیش، هەوڵ بۆ ئاڵوگۆڕی ئەو یاسایانە بدەن، تواناییەکی ئەوتۆیان نیە. چونکە "لە ئێران دا پیاوان قانوونەکان

دادەنێن و لێکدانەوەشیان لە سەر دەکەن" ئەوان رەخنە لەو ژمارە کەمەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیسیش دەگرن. هەر چەند ناوبراو باس لەوەش دەکا کە: ئاڵوگۆڕەکان ژنەکانیان گێڕاوەتەوە بۆ نێو دەزگا قەزاییەکان.

هەواڵنێری ئەندیپەندێنت لە درێژەدا دەنووسێ: سەیر ئەوەیە بۆچی ژمارەیەك لە رووحانی و سیاسەتمەدارەکانی دەمارگرژیی ئێران پێیان باشە ژنان بێدەنگ بن. تەنانەت ئەوانەی کاری سیاسیش ناکەن و تەنیا خوازیاری هاوسەنگی لە قانوونەکانی ژنان و پیاوان دان.

ئەو هەواڵنێرە دەنووسێ: کە چۆن " هێندێك لە باوکان ئامادە نین کچەکانیان لە پۆلێك دا لەگەڵ کوڕان بخوێنن". بەڵام بە پێی کردەوەی جیاکردنەوە "دەرگای شوێنە ئامووزشییە بەرزەکان بە رووی ژنان دا کرایەوە." ئەو کارە بووە هۆی ئەوە کە رادەی خوێندکارانی کچان و ژنان لە زانستگاکان دا، بگاتە ٧٠ لە ١٠٠.

هەواڵنێری ئەندیپەندێنت بە نەقڵ لە وتەکانی تێکۆشەرانی کەمپەینی یەك میلیۆن واژۆ (ئیمزا) دا، پێ دادەگرێ کە ئەوان کاری سیاسی ناکەن و "بە دوای ئاڵوگۆڕی بێ گۆڕینی حکوومەتین". بەڵام تەنیا کەسانی وەك فائزەی رەفسەنجانی - کچی هاشمی رەنفسەنجانی - و زارا مستەفاوی - کچی ئایەتوڵڵا خومەینی - دەتوانن بە شێوەی ئازادانە، رەخنە لە وەزعی ئێستا بگرن.

هۆی ناڕەزایەتیی ئابووری

ئەندیپەندێنت لەو بەستێنەدا کاریگەریی ئابووری بە هۆیەکی گرینگ لە قەڵەم دەداو دەڵێ: ئەگەر وەزعی نالەباری ئابووری روو لە زیادبوون بکا، ئەگەریی گەڕانەوەی محەمەد خاتەمی بۆ سەر دەسەڵات هەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕە "فشار بۆ شۆڕشی جینسییەت لە ئێران دا" زیاد دەکا.

ئەو رۆژنامەیە لە کۆتایی دا، لە جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە نیگەرانەو دەڵێ: نیگەرانی ئەو شێوە خەباتە، تەنیا چینی رووحانی دەسەڵاتدار ناگرێتەوە، بەڵکوو پەروین ئەردەڵان - یەکێك لە چالاکوانانی مافی ژنان -، بە "کاترین باتلر" دەڵێ: "تەجرەبەی شۆڕش نیشانی دا کە ژنان براوەی ئاڵوگۆڕە توند ئاژۆیەکان نین".

ئەو دەڵێ: "دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بجوولێینەوە. ئێمە شۆڕش و شەڕمان دیوەو دەزانین کە رێفۆڕمی لە ناکاو رێگا چارە لە ئێران دا نیە. بەڵام ئێمە وەك رووبارێك لە خووڕین. رووبار پێشی پێ ناگیرێ".

سەرچاوە: سایتی ئینتێرنێتی

بی بی سی

# رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن دژ بە ژنان

نووسین و ئامادەکردن: عیسمەت نستانی

زۆربەی یاساناسان دان بەوە دادەنێن کە ئایدیای ماف لە رووی کۆمەڵایەتی و یاساوە ئایدیایەکی پێویستە، بەڵام هەموویان لە سەر پێناسەیەکی دیاری کراو بۆ ماف کۆك نین.

زانایان پێناسەکردنی ماف بە شتێکی ئاسان نازانن، بۆ وێنە زاناو یاسازانی فەڕانسەوی "دیوگی" ئەو قوورسبوونەی پێناسەی ماف وەك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی نەبوونی ئایدیای ماف بە دەستەوە گرتووە. بەڵام زۆربەی یاسازانان باوەڕیان وایە کە نابێ ئەو قورسبوونەی پێناسەی ماف بۆ ئەو ئایدیایە ببێتە هۆی ئەوەی کە دان بە بوونی ماف نەنێن.

ئەوانەی لە باری سەرنجی خاوەن مافەوە بۆی دەچن دەڵێن "ئارەزووی خاوەن ماف بە گرنگترین شت لە ماف دا دەنرێ. بۆیە دەڵێن ماف تواناو ئارەزووی خاوەنەکەیەتی. هێندێکی تر لە ناوەرۆکی ماف دەزانن و دەڵێن ماف ئەو بەرژەوەندییە کە یاسا دەی پارێزێ و دەستەیەکی دیکە پێناسەیەکی تریان بۆ ماف کردوە.

مافی ژیانی تاك (فرد)، ئازادی و ئاسایش و هەبوونی رەگ و ریشەی ئەو مافە لە مرۆڤ دا بەردی بناغەیە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان لەو دەوڵەتانەی کە باوەڕیان بە سەروەریی یاسا هەیە.

رەگ و ریشەی ماف واتە مافی تاك (فرد) دەگەڕێتەوە بۆ یاسا نیشتمانییەکان کە یەکەم جار لە ساڵی ١٢١٥ لە یاسای وەزعی ماگنارتای (ئەنگلتەرا) دارێژراوەو هەروەها لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ساڵی ١٧١٩دا ئەو مافە دارێژراوە، لێرەدا دەردەکەوێ کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی تاك دەوەستێتە سەر سەروەری یاسا لە هەر سیستمێك دا.

دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە سەردەمی جیهانگیری بۆ دەستەبەرکردن و چەسپاندنی مافی تاك گرینگییەکی زۆری پێ دراوەو نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵێك لەو بەڵگەنامانەی دەرکرد کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن. ژنان هەروەك تاکی ئەو کۆمەڵگایە زیاتر لە هەر توێژێکی کۆمەڵ زوڵمیان لێ دەکرێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ هەر بۆیە دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی کە مافی رەوای خۆیەتی وەك تاکێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جیهان دا دەبێ دەستەبەر بکرێ.

هەروەك لە رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژ بە ژنان دا داوا لە دەوڵەتانی ئەندام لەو رێککەوتننامەیەدا کراوە کە دەبێ بە پێی بەندەکانی ئەو رێککەوتننامەیە بجووڵێنەوەو مافەکانی ژنان دەستەبەر بکەن.

لە مادەی ١ی رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژ بە ژنان دا ئەو رێککەوتننامەیە زاراوەی (جیاوازی دژی ژن) هەر هەڵاواردنێك یان دوور خستەوەو کۆچکردنێك لە سەر بنەمای رەگەز (جێندەر)، کە بێ هیوابوونی دانپێدانان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتی و بنچینەیییەکان بۆ ژن لە مەیدانەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و مەدەنی و لە هەر مەیدانێکی دیکەدا دەردەکەوێ دەگرێتەوە.

لە مادەی ٢ی ئەو رێککەوتننامەیەدا هاتوە دەبێ دەوڵەتانی ئەندام هەموو جۆرە هەڵاواردنێك دژ بە ژن رەد کەنەوەو هاودەنگ بن لە سەر پەیرەوکردنی سیاسەتێك بە هەموو ئامرازێك. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەوڵی یەکخستنی بنەمای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە دەستوورە نیشتمانییەکانیان و گرتنە بەری رێ و شوێنی گونجای تەشریفی و ناتەشریفی لەوانە سزای گونجاو بۆ رێگە گرتن لە هەموو جۆرە جیاوازییەك دژی ژنان و پاراستنی یاسای مافەکانی ژنان بە یەکسانی لەگەڵ پیاوو زامنکردنی پاراستنی ئەکتیڤانەی ژنان لە هەموو کارێکی جیاوازی کردن لە رێگەی دادگا تایبەتمەندییەکان و دامەزراوە گشتییەکانی تری وڵاتەوە دەدەن.

دەوڵەتانی ئەندام دەبێ خۆ بە دوور بگرن لە ئەنجامدانی هەر جۆرە هەڵاواردنێك دژ بە ژنان و گەرەنتی دان بە گونجاندنی هەڵسووکەوتی دەسەڵاتەکان و دامەزراوەکان لەگەڵ پابەند نەبوون بەم رێککەوتننامەیە.

هەروەها دەبێ رێوشوێنی گونجاو بگرێتە بەر بۆ نەهێشتنی جیاوازی دژی ژنان لە لایەن هەر کەس و رێکخراوەو دامەزراوەیەك، ئەو یاساو عورفانە کە دەبنە هۆی ئەو هەڵاواردنە پوچەڵ بکەنەوە لەگەڵ سەرجەم ئەو سزا نیشتمانیانەی کە بە جیاوازی لە دژی ژنان دا دەنێرن.

ئاشکرایە و مرۆڤایەتیش شاهیدی ئەوەیە کە لە کاتی شەڕو ململانێی نێوان دەوڵەتان و گرووپە چەکدارییەکان لە جیهان ژنان و منداڵان قوربانیانی سەرەکین و دەکەونە بەر هەموو چەشنە توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی و جنسی و ... هتد. هەر بۆیە دەستدرێژی کردنە سەر هاووڵاتیان و بوردمان کردن بە بۆمب قەدەغە کراوەو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی لە کاتی جەنگی سەربازی دا بە نەشیاوترین پێشێلکارییەکان پرتۆکۆلی ژنێف ساڵی (١٩٢٥) و رێککەوتننامەی ژنیفی ساڵی ١٩٢٥و پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی دادەنرێ کە ئاسەواری زۆر خراپی بەدواوە بووەو زیانی بە هاووڵاتیانی مەدەنی گەیاندوە، بە تایبەت ژنان و منداڵان کە توانای بەرگرییان



نیە، بۆیە هەموو جۆرە سەرکوت و مامەڵەی توندوتیژی نامرۆڤانە لەگەڵیان وەک زیندانی و ئەشکەنجەو گوللەباران و گرتن و سزادانی بە کۆمەڵ و تێکدانی ماڵ و حاڵ و دەرکردنیان بە زۆرەملی لە کاتی کردەوە سەربازییەکان دا لە هەرێمی داگیرکراودا قەدەغە کراوە.

نابێ ژنان و منداڵان لە نێو بارودۆخی خراپ و لە ناکۆکییە چەکدارەییەکان دا لە ناوچەی داگیرکراو لە شوێنی حەوانەو خۆراک و یارمەتیی پزشکی و دەرمانی بێبەش بن و دەبێ مافە چەسپاوەکانیان بە پێی حوکمەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان و جاڕنامەی مافەکانی منداڵان و بەڵگەپەیماننامەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان مافیان مسۆگەر بکرێ.

لە مادەی ٦ی رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانی هەڵاواردن دژی ژنان دا هاتوە کە دەبێ دەوڵەتانی ئەندام هەموو جۆرە رێ و شوێنێکی گونجاو وەک رێ و شوێنە تەشریعییەکان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە بازرگانییەک بە ژنان و کەڵک وەرگرتنیان بۆ کاری لەشفرۆشی و ... هتد بگرنە بەر.

مادەی ١٥ی ئەو رێککەوتننامەیە باس لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بەردەم یاسادا دەکا کە دەبێ دەوڵەتانی ئەندام لەو رێککەوتننامەیەدا لە کاروباری مەدەنی ئەهلییەتی یاسایی یان هاوشێوەی ئەهلییەتی پیاو بدەنە ژن و لە پیادەکردنی ئەم ئەهلییەتەدا یەکسانیان بکەن.

بە تایبەتی زامنی مافی یەکسانی بە مافەکانی پیاو بۆ ژن دەستەبەر بکەن، لە گرێبەست و بەڕێوەبردنی مولک و مامەڵە کردنی لە سەر بنەمای یەکسانی لە هەموو قۆناغەکانی رێوشوێنی قەزاییەکان دا دەوڵەتانی ئەندام لەو رێککەوتننامەیە دەبێ کۆک بن لە سەر پووچەڵ کردنەوەی هەموو جۆرە گرێبەست و هەموو جۆرە نووسراوێکی تایبەت کە ئاسەواری یاسایی وای هەبێ کە ئامانجی سنوور بۆ دانانی ئەهلییەتی یاسایی بۆ ژن بێ دەبێ هەمان مافی کە دراوە بە پیاو بە ژنیش بدرێ.

مادەی ١٥ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ دەڵێ هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێ مافی هەبوونی رەگەزنامەی هەیە.

لە مادەی ٢٤ی رێککەوتننامەی بنبڕکردنی هەموو شێوەکانە هەڵاواردن دژ بە ژنان دەوڵەتانی ئەندام دەبێ مافی یەکسانی بە مافی پیاو بۆ ژن دەستەبەر بکەن بۆ وەدەستهێنانی رەگەزنامە یان گۆڕینی یان هێشتنەوەی، بە تایبەت لە کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ کەسێکی بیانی (خارجی)دا، یان گۆڕینی رەگەزنامەی مێرد لە کاتی شووکردن دا نابێ ببێتە هۆی گۆڕانی لە خۆوەی رەگەزنامەی ژنەکە، یان بە بێ رەگەزنامە بمێنێتەوە یان رەگەزنامەی مێردی بە سەردا بسەپێندرێ. هەروەها ئەو مافەی بۆ پیاو هەیە سەبارەت بە رەگەزنامەی منداڵەکانیان بە هەمان شێوە بۆ ژنیش دەبێ هەبێ.

سەبارەت بە مافە سیاسییەکان لە مادەی ٧ دا هاتوە کە مافی دەنگ دان لە هەموو هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان داو خۆ پاڵاوتن لە هەموو ئەو ئۆرگانانەی کە ئەندامەکانی بە دەنگی گشتی هەڵ دەبژێردرێن و بەشداریکردن لە سیاسەتی حکوومەت و جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەو مافی وەرگرتنی فەرمانبەرە گشتییەکان و راپەڕاندنی هەموو ئەرکە گشتییەکان لە هەموو ئاستەکانی حکوومەت و بەشداریکردن لە کۆمەڵ و رێکخراوێکی حکوومی دا کە بایەخ بە ژیانی گشتی و سیاسی وڵات بدا، هەیە.

لە مادەی ٨ دا دەڵێ: دەبێ دەرفەتی ئەوە بدرێ بە ژنان کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی وڵاتەکەیان بکەن و لە هەموو کارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دا بەشداری بکەن.

مادەی ١١ تایبەت بە مافی کارکردنی ژنانە کە مافی ژن لە سەر بنەمای یەکسانیی ژن و پیاو دابین دەکا. مافی کار وەك مافێکی نەگۆڕی هەموو مرۆڤێك دادەنێ و ئیشارە بە مافی ئازادیی هەڵبژاردنی پیشەو جۆری کار و مافی پلەبری و ئاسایش و خزمەت کردن و مافی مەشق کردن و سەر لە نوێ داهێنان و مافی کرێ و ... هتد دەکاو دەڵێ: دەبێ بیمەی کۆمەڵایەتی (ضماناتی اجتماعی) بە تایبەت لە کاتی خانەنشینی، بێکاری، نەخۆشی و پیری و مافی مۆڵەت بە حقووقەوە بێ. وڵاتانی ئەندام دەبێ ڕێوشوێنی تایبەت بگرنەبەر بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری دژی ژنان بە هۆی شووکردن و منداڵ بوونی بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانیان لە کارکردن دا وەك قەدەغە کردنی دەرکردن بە هۆی مۆڵەتی دووگیانی و مۆڵەتی دایکایەتی و بە هۆی باری خێزانییەوە.

دەبێ ڕاهێنانی سیستمی مۆڵەتی دایکایەتی بە حقووق و ئیمتیازی کۆمەڵایەتی تری هاوچەشنی پێ بدرێ بە بێ ئەوەی ماوەی خزمەت یان پلە بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتی یان خودی کاری کە پێشتر هەیبووە لەدەستی بدا.

دەبێ خزمەت گوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پشتیوانی دایك و باوك بکەن بۆ ئەوەی بتوانن وابەسراوەیی خێزانی و بەرپرسایەتییەکانی کارەکانیان لێك بدەنەوەو لە ژیانی گشتی دا بەشداری بکەن، بەتایبەت لە مافی دامەزراندن و گەشەپێدانی تۆڕێکی دامەزراوەکانی چاودێری کردنی منداڵان و پارێزگاری کردن ژنان لە کاتی سکپڕی لەو کارانەی کە دەبنە هۆی ئازارگەیشتنیان لە کاتی دووگیانی دا.

دەبێ یاسا خۆپارێزەکان کە پەیوەندیدارن بەو پرسانەو لەو مادەیەدا هاتوون ناوەناوەو لە بەر ڕۆشنایی مەعریفی و زانستی و تێکنۆلۆژی دا بخرێنە بەر باس و بە پێی پێویست ڕێك بخرێن یان فراوان بکرێن یان هەڵوەشێندرێنەوە.

سەبارەت بە مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان مادەی ١٦ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و لە مادەی ٢٣ی پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە سیاسییەکان دا هاتوە کە خێزان یەکەیەکی بە کۆمەڵ سروشتی و بنچینەییە لە کۆمەڵگادا مافی ئەوەی هەیە، کۆمەڵگاو دەوڵەت بیپارێزن.

ژن و پیاو هەر کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەرگیری مافیان بۆ هاوسەرگرتن و پێکهێنانی خێزان هەیە. هەروەها ئاماژە دەکا هیچ هاوسەرگیرییەك دروست و تەواو نیە ئەگەر بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەن نەبێ، دەبێ لە پێش ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕەزامەندییەکی تەواوو بێ هیچ زۆرەملێك بێ، دەبێ وڵاتانی ئەندام لەو پەیمانە بۆ زامنکردنی یەکبوونی ئەرك و مافەکانی ژن و پیاو لە کاتی هاوسەرگیری و ماوەی پێکەوە ژیان و پاش لێکترازان پارێزگاری پێویست لە منداڵەکانیان بکەن واتە منداڵانی ئەو خێزانانەی کە لێکترازاون ئەگەر منداڵیان هەبێ.

لە مادەی ١٦دا هاتوە ژن دەتوانێ بە ئازادی و تێگەیشتنی تەواو ئەنجامەکانی بڕیاری ئەوە بدا چەند منداڵی دەبێ و ماوەی نێوان منداڵەکانی چەندە بێ، مافی وەدەستخستنی زانیاری و ڕوشنبیری و ئامرازێکی پێویست بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو مافە پەیڕەو بکا.

مافی بەرپرسیارەتی کە پەیوەندی بە بەخێوکردن و سەرپەرشتی منداڵان و هەر ئاکارێکی تری لەو بابەتانەوە هەیە، لە کاتێك دا ئەو چەمکانە لە یاسا نیشتمانییەکان دا هەبن، بەڵام لە هەموو بوارێك دا بەرژەوەندی منداڵ لە پێشی هەموو ئیعتبارێکی ترەوە دەبێ.

مادەی ١٠ دەڵێ: دەبێ دەوڵەتانی ئەندام لە پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرە هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری فێر کردن دا وەك پیاوان ماف مسۆگەر بکرێ بۆ ژنان لە رووی وەزیفی و چوونە نێو خوێندن و بەدەستهێنانە پلەی زانستی، لە دامەزراوەکانی فێرکردن دا لە شارو لە دێ، ئەوە لە قۆناغی دایەنگەو فێرکردنی گشتی و تەکنیکی و پیشەیی، فێرکردن و تەکنیکی باڵاو هەموو جۆرەکانی مەشقی جەستەیی مسۆگەر کراوە. هەروەها دەرفەت دان بە ژنانی چالاکی وەرزش و مەشقی جەستەیی، وەدەستهێنانی زانیاری پەروەردەیی دیاری کراو کە یارمەتیدەر بێ بۆ مسۆگەرکردنی تەندروستی خێزان و خۆش بژیوی و زانیاری و ڕێنمایی کە باس لە ڕێکخستنی خێزان دەکا.

سەرچاوە:
ـ بڵاوکراوەی پەیمانگای نێودەوڵەتی یاسای مافەکانی مرۆڤ سەر بە کۆلێژی یاسایی زانکۆی دیپۆل



# کێ کۆمەڵگا دەگۆڕی؟ کێ ژن ئازاد دەکا؟

ڕەسووڵ سوڵتانی

مەسەلەی بە کەمگرتن و بە سووك زانینی ڕەگەزی مێینە، بابەتێکی ئەمرۆیی و دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵکو ڕەنج و بناوانی لە هزرو فەلسەفەی یۆنانی کۆن دایە. فەلسەفە هەر لە ئەفلاتوونەوە هەتا دەگاتە ژان ژاك ڕۆسۆی فەرەنسی، تەنانەت ئەو کاتانەش کە باس لە مافی سروشتی مرۆڤ دەکا و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە مرۆڤ بە ئازادی لە دایك دەبێ، قایل نەبووە بەوەی کە وەك مرۆڤێك مافەکانی ژنانیش ڕەچاو بکا. لە کۆنترین دەقی نووسراوی یۆنانی واتە کتێبی ئیلیادەی هۆمێردا بە دەگمەن باس لە ژن کراوەو کە باسیشی دەکرێ هۆمێر وەکوو سەرچاوەی فیتنەو هەڵاییسێنەری شەڕەکان و ئێرەیی پێ بردن باسیان دەکا.

ئەفلاتوون لە کتێبی یاساکاندا دەڵێ: ژنان بوونەوەرگەلێکن کە لە چاو پیاوان توانای کەمتریان بۆ فێربوون و وەدەستهێنانی فەزیلەت و مەزنێتی هەیەو لەبەر ئەم سروشتە گەندەڵەیانە کە دەبێ بەتایبەتی پەروەردە بکرێن."

ئەفلاتوون وەك فەیلەسووفێك نەك ژن بە کەمتر لە پیاو دەزانێ بەڵکوو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گەندەڵی لە ناخی دا هێلانەی کردووەو بۆوە نابێ ئیزنی پێ بدرێ لە چوارچێوەی ماڵەوە بێتە دەرێ.

ئەرەستووش پیاو بە سەرچاوەی ژیان دەزانێ و پێی وایە ئەوە پیاوە کە ڕۆڵێکی شوێندانەرو کاریگەری هەیەو لە بەرانبەردا ژن ڕۆڵێکی پاسیڤی هەیەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە پیاو خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە کە لە ژن دا نیە و هەر بۆیەش ژن بە پیاوێکی خەسیوو ئەستێور دادەنێ. ئەرەستوو هەروەها ژن بە ئامرازێك لە پێناوی زاوزێ کردن دا، لە قەڵەم دەدا. بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە کە هەرخۆی وەك نەریتێك بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی چاو لێ دەکا، منداڵ و وەچەیەکی بەهێزو تۆکمە پەروەردە بکرێ. بەگشتی بیرو هزرو باوەڕی بەکەم گرتنی ژنان بەر لە ئەفلاتوون و ئەرەستوو بە درێژایی ژیان وێدەچێ ڕوانگەیەکی زاڵ بووبێ و لە ئەفسانەو ئوستوورەکانیشدا جگەلەوەی کە هێندێ خواژن بەرچاو دەکەوێ، زیاتر ڕۆڵ و دەروی پیاو بەرچاوە. تەنانەت ئایینەکانیش بەگشتی نەك تەنیا ڕوانگە بەڵکوو عەقڵ و زمانێکی تەواو پیاوانە یان بەسەردا زاڵە.

لە چاخی بووژانەوە (ڕێنێسانس) و ڕۆشنگەریشدا، لە ئورووپا، کە بنەماکانی هزرو تێفکرینی ڕۆژئاوایی گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هات و باسی مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەربڵاو هاتە گۆڕێ و پاشەکشەی بە دەسەڵاتی کلێسە و ئایین کرد. دیسانیش مەسەلەی ژن وەك مرۆڤێك نەهاتە ئاراوەو ئەم مرۆڤەی کە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی دا پێناسەی دەکرێ بە شێوەیەکی خەست ڕەنگ و دەنگی پیاوی تێدا بەدی دەکرێ هەربۆیەش هەتا نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەیەم مەسەلەی ژن، وەك مەسەلەیەکی جیددی باسی لێوە ناکرێ. تەنانەت لە ساڵی ١٨٦٥دا کە جۆن ستیوارت میل (فیمینیستی ئازادیخواز) خۆی بۆ نوێنەرایەتیی پارلمانی بریتانیا دەپاڵێوێ لە ئاخافتنێك دا سەبارەت بە مەسەلەی ژنان دەڵێ:" ئەمن لە پارلمان دا بەرگری لە مافی دەنگدانی ژنان دەکەم" خەڵکەکە تێکڕا لە قاقای پێکەنین دەدەن و گاڵتەی پێدەکەن. واتە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزەدەیەمیش دا لە ئورووپا ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نەبووە.

لە ئێرانیش دا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دا واتە پاش شۆڕشی مەشرووتە بوو کە ژنان وردە وردە وەجموجۆڵ کەوتن. بەڵام هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران و تەنانەت ماوەیەکیش دوای شۆڕش، ئەم جموجۆڵ و بزاڤانە هەروا لە بن باڵ و سێبەری پیاوان دابوون. دیارە بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیش، ژنانی نووسەر لە ئێراندا بابەتگەلی ژنانە و پێداویستی و ویستەکانیان هێنابووە بەرباس بەڵام ئەو زمانەی کە ئەوان بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان کەڵکیان لێوەرگرت زمانێکی پڕ لە هەوێنی گوتاری پیاوانە بوو. بەگشتی ئەگەر سەرنجێك بدەینە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژنانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بەرهەمانە شوناسێکی ژنانەیان پێوە دیارنیەو ئەکتەرو کەسایەتیی نێو ئەم بەرهەمانە، خاوەنی ڕوانین و جیهانبینی پیاوان لە ئێراندا دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانە کە وەرچەرخانێکی تەواو لە گوتاری نووسەرانی ژن دا بەدی دەکرێ. بەتایبەتی پاش ئەوەی ژنانی ئێران لە یەکەمین مانگەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا دژی خۆداپۆشینی بەزۆرەملی (حجاب اجباری) هاتنە شەقامەکان و دەستیان کرد بە دەربڕینی نارەزایەتی.

ئەوەی ڕوون و بەڵگە نەویستە، ئەوەیە کە گوتاری زاڵی پیاوانە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە تەواوی تریبوونەکانی فەلسەفە و زانست و کولتوورو ئایین و .... هتد کاریگەریی خۆی داناوەو هێژموونیی خۆی بە چەشنێك سەپاندووە کە ئێستاش بەشێکی هەرە زۆری ژنی کۆمەڵگەی ئێمە نەك لەو حاڵەتە پاسیڤ کراوە مێژووییەی نەهاتۆتە دەرێ و سەری هەڵ نەهێناوە بەڵکوو بۆی بۆتە باوەڕێکی خەست کە بەڵێ، ئەو ژنە و لە پیاو کەمترەو پیاو خاوەنی هەموو مافەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی دا بەهۆی زۆربوونی خوێندەوارو چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و لە سایەی سەری تێکنۆلۆژیاوە، بزووتنەوەکانی ژنان کەوتوونەتە گەڕ، ئەم بزووتنەوانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ شێوازێکی پێشکەوتووانەتر بە خۆوە دەگرن خەریکن ژنی کورد لە بوونەوەرێکی بێ مێژوووە دەکەنە مرۆڤێکی خاوەن مێژوو.

**- کەمو کوڕییەکانی ئەم بزووتنەوانە...**

بەڕای من یەکێك لە گەورەترین کێشەو کەمایەسیەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لەو خاڵەوە دەست پێ دەکا کە ئەوان لە پێناسە کردنی ماف و ئازادییەکاندا مافی خۆیان وەك "مافی ژن" دەخەنە نێو بازنەیەکەوە. گومان لەوەدا نیە و نکوۆڵیی لێ ناکرێ کە ژن خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە (هەم لە رووی فیزیکییەوەو هەم لە رووی دەروونییەوە) کە ئەو لە ڕەگەزی بەرانبەری خۆی واتە پیاو جۆی دەکاتەوەو هەتا ئێستاش نکوۆڵی کردنی پیاو لەو تایبەتمەندییانە بووە کە ژنی لە مرۆڤێکی ئازادو خاوەن مافەوە کردۆتە مرۆڤێکی چەوساوەو بەشخوراو. بەڵام بەو حاڵەشەوە خۆهەڵاواردنی ژنان بزووتنەوەکەیان نەك لە ئامانجەکانیان نزیکتر ناکاتەوە بەڵکوو دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەوان لە مەبەست و ویستەکانیان. بە سەرنجدان بەوەیکە کۆمەڵگەی تاك ڕەگەز (لە بواری چالاکیەوە) وەك باڵندەیەکی یەك باڵ وایەو بەورد بوونەوە لەو ڕاستییە کە کۆمەڵگەی مرۆیی کە هەتا ئەمرۆ کۆمەڵگەیەکی تاك عەقڵ بووەو تەنیا عەقڵیەتێکی پیاوانەی بەسەردا زاڵ بووە دەبینین، نەك کۆمەڵگەیەکی بێ کێشە نەبووە بەڵکوو گەورەترین کارەساتە مرۆییەکانی تێدا خوڵقاوەو ئەگەر سەرنجیش بدەینە هەر کام لە

←

شۆڕشە مەزنەکان دەبینین کە بەبێ بەشداریی بەرچاوی ژنان نەیانتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بێنن و تەنیا لە بوونی ژناندا شان بە شانی پیاوان توانیویانە بە ئامانجەکانیان بگەن، ئەوکاتەیە بەو دەرەنجامەش دەگەین کە هیچ بزاڤ و بزووتنەوەیەکی ژنانەش بەبێ یارمەتیی رەگەزی بەرامبەر لە سەر بنەمای باوەڕ بە یەکسانیی دوولایەنە، بە ئاکام ناگا. بۆیە ژنانی رۆشنبیری کورد پێویستە بەرلەوەی داوای مافی ژنبوونیان بکەن وێڕای پێناسەکردنی خۆیان و تایبەتمەندی و پێداویستییە تایبەتیەکانیان دەبێ بۆ دابینبوونی یەکسانی و مافە مرۆییەکانیان تێبکۆشن.

## کۆسپەکان

گومان لەوە دانیە کە لە بەردەم هەر چەشنە گۆڕانێك دا کۆمەڵێك کێشەو گرفت و لەمپەر قووت دەبنەوە. بەتایبەتی گۆڕانەکان هەرچەندە رادیکاڵتر بن دژایەتیکردنیان لەلایەن هێزو لایەن و کەسایەتییە کۆنەپارێزەکانەوە، پڕتوندتر دەبێ بەڵام ئەزموونەکانی مێژوو سەلماندوویانە کە ئەوەی دواجار سەردەکەوێو هێزی گۆڕانخوازەو تەنانەت ئەگەر هێزی گۆڕانخوازیش بۆ هەتا هەتایی سەرکوت بکرێ ئەوا نەریتخوازان و کۆنەپارێزەکان لە ئاقارێکی دیکەدا و بە شەپۆلێکی دیکە نغرۆ دەبن و لە نێو دەچن. لەو حاڵەتەدا هێزی گۆڕانخواز دەبێ وردبینانەو واقیع بینانە هەڵسووکەوت بکا. بە سەرنجدان بەوەی کە " هەرکەس دەیەوێ جیهان بگۆڕێ دەبێ سەرەتا لە ناخی خۆیەوە دەست پێ بکا" هێزی گۆڕانخوازیش دەبێ شێوازی ئاخافتن و زمانی دەربڕین و شێوەی روانین و تێگەیشتنەکانی خۆی بگۆڕێ. لەبەر ئەوەی کە ناکرێ بە زمانی دوێنێ باس لە پێویستی و پێداویستیەکانی ئەمڕۆ بکەی. لێرەدایە ئەوان بەرلەوەی چاوەڕوانییان لەوە بێ کە کولتوورو پارێزەرانی کولتوور واتە پیاوان بگۆڕدرێن دەبێ لە پێشدا ژنان خۆیان بگۆڕن و ئەوجار دەست بکەن بە گۆڕینی عەقڵییەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا. ژن پاش ئەوەی گۆڕانی بەسەر گوتارو روانین و بیرکردنەوەی خۆیدا هێنا، ئینجا دەبی هەوڵی گۆڕینی پیاو بدا.

## رەخنە

دیارە دێموکراسی و ئازادی و بیری تاك گەرایی (لیبرالیزم) هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ئێمە نین و دیاردەگەلێکی وەرگیردراون. هەربۆیەش سەیر نیە کە ئێمە زۆربەی جاران لە بری وەرگرتنی فەلسەفەو جەوهەرەی ئەو دیاردانە و گونجاندنیان لەگەڵ هەنووکەی خۆمان، تەنیا رواڵەتەکەیان وەردەگرین و بە شێوەی رووکەشیانە بەکاریان دێنین. بۆ وێنە لە باسی ئازادییەکانی ژنان دا بەر لەوەی بیر لەوە بکەنەوە ژنانی ئێمە دەبێ وەك رەگەزی نێر "پێی بخوێندرێ" بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەبێ، وەك رەگەزی نێر لە هەموو مافەکان و ئیمکاناتی پەروەردەو راهێنان بەشدار بێ"، لە پێشدا بیر لە خۆڕووت کردنەوەو کورت کردنەوەی قۆڵی کراس و دەلینگی دەرپێکان دەکەنەوە. لە حاڵێك دا بەشی مەعریفی و خۆپێگەیاندن لەبیر دەکرێ.

ژن دەبێ بە وردی لەو راستییە تاڵە رابمێنێ کە: ئەو کۆمەڵگەیەی ئەوی تێدادەژی بە درێژایی هەزاران ساڵ هیچ متمانەیەکی نەك پێی نەبووە بەڵکوو بە کەم و سووکیشی زانیوە. هەربۆیەش ئێستا کاتی ئەوەیە پێچەوانەی ئەم روانگە دێرینە هەڵەیە بسەلمێندرێ. کێ بیسەلمێنێ؟ ژن. ئەوە ژنە کە دەبێ بیسەلمێنێ کە ئەویش دەتوانێ. لێرەدایە ژنی ئێمە دەبێ دڵنیابێ لەوەیکە هیچ خەباتێك بەبێ چەك ناکرێ و ئەو خەباتەش کە ئەوان گرتوویانەتە بەر، چەکی مەعریفەو زانینی پێویستە. چەکێك کە بە "خۆناسین" وەدەست دێ. ئەو کاتەیە کە ژنی خاوەن چەکی زانین و مەعریفە، ژنی تێگەیشتووی پێگەیشتوو، متمانە بە کۆمەڵگە دەبەخشێ و ئیزن نادا هیچ کولتوورو نەریتێك بە شێوەی نادادپەروەرانە دادگایی بکەن.

ئەگەر ژنان ویست و داخوازەکانیان لە چوارچێوەی خەباتێکی مەعریفی و خۆ پێگەیاندن دا نەهێننە گۆڕێ و تەنیا لاسایی ئەو ئازادییە رووکەشیە بکەنەوە کە نەك لە هەرچەشنە هەوێنێکی ئازادیی راستەقینە بەتاڵە بەڵکو بووەتە هۆی پەرچەکردار و دژکردەوەی لایەنە کۆنەپارێزەکان و بیانوویان داوەتە دەست دوژمنانی ئازادی، بە دڵنیاییەوە رێگەی دەربازبوونیان ئەگەر چەواشەش نەبێ لانیکەم زۆر لە مەبەستی سەرەکیی خۆی دوور دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی کە ئێستا ژنان پێویستییان بەوەیە کە لە مەیدانی هزری و داهێنان و بەرهەمهێنان دا بوون و توانایی خۆیان بسەلمێنن و نیشانی بدەن کە لەم رووەوە نەك لە پیاو کەمتر نین بەڵکوو لانیکەم وەکوو ئەون. حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە خوێنەر پێی وانەبێ ئەمن لایەنگری سەر داپۆشین و دەمامك و پەچە و رووبەندم نەخێر بەڵام بە رای من خەباتی هزری و مەعریفی دەبێ زۆر زۆر لە پێش خەباتی جەستەییەوە بێ و ژن لە پێشدا بوونی خۆی لەو بوارانەدا بسەلمێنێ. پێشموانیە کێشەی ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کێشەی جستە بێت تەنانەت ئەگەر کێشەکەمان کێشەی جەستەش بێ ژنی ئەم کۆمەڵگەیە پێویستیی بە چەکی زانین و تێگەیشتن و تێگەیاندنە بۆئەوەی بتوانێ بەرگری لە ویست و داخوازییە جەستەییەکانی بکات. بۆ وێنە ئەگەر ژنان خۆیان لە ئاکامە خراپەکانی خەتەنە کردنی ژنان تێنەگەن و بەڵگەیان بۆ بەرەنگاری بەدەستەوە نەبێ چۆن دەتوانن کۆتایی پێ بێنن؟

لە لایەکیشەوە ژنان دەبێ خۆیان هەنگاو بۆ خۆ پەرەوەردە کردن هەڵگرن و چاوەڕوانییان لە پیاوان نەبێ کە پەروەردەیان بکەن چونکی ئەگەر قەرار بێ پیاوان ژنان پەرەوەردە بکەن بە دڵنیاییەوە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا و جیهانی پیاوانەدا پەروەردەیان دەکەنەوە و ئیتر دیسانیش ژن هەر لە رواڵەت و جەستەدا ژن دەبێت و لە هزر و بیر و روانین دا دەبێتە نیوە پیاوێك.

**بە سەرنجدان بەوەی کە " هەرکەس دەیەوێ جیهان بگۆڕێ دەبێ سەرەتا لە ناخی خۆیەوە دەست پێ بکا" هێزی گۆڕانخوازیش دەبێ شێوازی ئاخافتن و زمانی دەربڕین و شێوەی روانین و تێگەیشتنەکانی خۆی بگۆڕێ. لەبەر ئەوەی کە ناکرێ بە زمانی دوێنێ باس لە پێویستی و پێداویستیەکانی ئەمڕۆ بکەی. لێرەدایە ئەوان بەرلەوەی چاوەڕوانییان لەوە بێ کە کولتوورو پارێزەرانی کولتوور واتە پیاوان بگۆڕدرێن دەبێ لە پێشدا ژنان خۆیان بگۆڕن و ئەوجار دەست بکەن بە گۆڕینی عەقڵییەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا**

# بۆ سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی لە دژی ژنان ڕێگەیەکی دوورو درێژ لە پێشە

کوێستان فتووحی




دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و سڕینەوەی هەڵاواردن لە دژی ژنان یەکێکە لە شەرتە بنەڕەتی و پێویستەکانی وەدیهاتنی دێموکراسی لە هەر کۆمەڵگەیەک دا.

لە دوای زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی یەکسانیخوازی ژنان لە جیهاندا و وەدەستهێنانی هێندێك دەسکەوت لەم پێناوەدا، ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ژیانی ژنان و ڕێژەی بەشدارییان لە بوارە جۆراجۆرەکان لە هێندێك وڵاتدا، ئەوە دەردەخا کە تا گەیشتن بە دنیایەکی بەدوور لەهەرچەشنە هەڵاواردنێك لە دژی ژنان ڕێگەیەکی دوور و درێژ لە پێشە.

جیاوازی دانان بە دژی ژنان بە پێی ڕێککەوتننامەی جیهانی لەنێوبردنی هەموو جۆرە جیاوازیدانان بە دژی ژنان، بریتییە لە هەموو ئەو هەڵاواردن، دەرهاویشتن، بێبەش کردن و سنوور دیاریکردنانەی کە لە سەر بناغەی (جنس) بەڕێوە دەچن. ئاکامی هەموو ئەوانە بێبەری کردنی ژنان لە مافە ئینسانییەکانیان و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مەدەنییەکاندا و هەر بوارێکی دیکەی کە ئەوان دەگرێتەوە.

هۆکاری ئەو زوڵم و ستەمانەی لە ژنان دەکرێن، ئەو هەڵاواردنانەن کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. هەڵاواردنی جنسی بنەماکانی بەرابەری مافەکان و ڕێزدانان بۆ کەسایەتی مرۆڤ پێشێل دەکا و پێشی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری وڵات لە هەلومەرجێکی وەك یەك لەگەڵ پیاواندا دەگرێ و، لەسەر ڕێی پەرەگرتنی بەختیاریی کۆمەڵ و بنەماڵە دەبێتە کۆسپ و لەمپەر و، پشکوتنی بەتەواویی توانایی و لێوەشاوەیی ژنان لە خزمەت بە وڵات و مرۆڤایەتیدا لەگەڵ گیروگرفت و کەند و کۆسپ بەرەوڕوو دەکا." (1)

ژنانی ئێران لەژێر فشاری هەڵاواردنی جنسییەتی دان. یاساکانی وڵات جیاکاری زۆریان بەرامبەر بە مرۆڤەکان تێدایە. لەوێدایە مرۆڤەکان بە ڕەسمی هاووڵاتیانی پلەبەندی کردوە. کێشەی سەرەکی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنان لە ئێران، کە ئەمڕۆ هەموو دنیا هەستی پێکردوە، هەڵاواردنی جنسییە. ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە گەڵ هەڵاواردنێکی ناڕەوا

ڕووبەڕوو بوونەتەوە. ئەو سنوورانەی دەبنە هۆی پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکانیان. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ژیانیانەوە کولتوور و دابونەریتە سوننەتییەکان بۆیانی دیاری کردوون و یاساش پشتیوانی ئەو کولتوور و نەریتانەیە. هەر هەنگاوێک بۆ کچ و کوڕ تێکەڵە لەگەڵ فەرقوجیاوازی. هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێک بۆ ژنان پڕیەتی لە کۆسپ و گیرو گرفت. ژن ڕێگەی زۆر بواری لێسەندراوەتەوە. مەجالی پێگەیشتن و گەشەکردنیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا لەگەڵ پیاوان یەکسان نیە. ئەو بەربەست و ترس و تۆقاندنانەی بە هۆی جنسییەتەوە لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە گەشە و تواناکانی ژنی لاواز کردوە و باوەڕبەخۆبوونی لێسەندوونەتەوە. لە ڕاستیدا سیستمێک بە ناوی ئایین و شەرعەوە ژنانی لەگەڵ ئەوپەڕی پێشێلکاری مافەکانیان بەرەوروو کردۆتەوە.

هێندێک ئەو هەڵاواردنانەش ڕیشەکەیان لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوەش بڕوانینە ئایین، لەم پرۆگرامە نەگۆڕەدایە مرۆڤەکان پلەبەندی کراون. ژن بە مرۆڤێکی کەم عەقڵ و بە چاوێکی سووک و بە کەمتر لە پیاو تەماشای دەکرێ. لەم وڵاتەدا پەروەردەکەش هەر لەسەر بناغەی ئایینە. مادام پەروەردەکە لەسەر ئەو ئەساسە بێ مرۆڤەکانیش هەروا بە ئاسانی ناتوانن خاوەنی ڕۆحێکی یەکسانیخواز بن.

ئەو ئیدئۆلۆژییە زاڵەی کە ٣٠ ساڵە لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە زۆر زیاتر پەرەی بە هەڵاواردن و نایەکسانییەکانی نێوان ژن و پیاو داوە و بۆتە پشتیوانێکی قایمی کولتوور و نەریتە کۆنەکان. نەخش و ڕۆڵی ژنان تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا زەقکراوەتەوە ئەویش ڕۆڵی دایکایەتییە کە ئەو ڕۆڵەش وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕێز و بەهای خۆی بۆ دانەنراوە. ڕێژەی مافەکانی ژنان هەر بە پێوانەو پێوەری ئایین دانراون. ڕێژەی بەشداریی ئەوان لە سیستەمی سیاسی وڵاتدا دا بە تایبەتی لە بواری دادوەری دا هەر بە پێوانەوە پێوەری ئیسلام کە ژن بەکەم عەقڵ حیساب دەکرێ، بۆیە ناتوانێ دادوەر بێ. لە ساختاری سیاسی ئێراندا ژن لە زۆر مافی ئینسانی بێبەش کراوە. بەشێک لەو توند و تیژانەییانەی بە شێوەیەکی یاسایی لە دژی ژنان بەڕێوە دەچن و پێوەندییان بە یاسای مەدەنی وڵاتەوە هەیە و لەسەر بناغەی ئایین داڕێژراون، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ ژیانی هاوسەرێتیدا بە جۆرێک هەموو ئیختیارات و ئەولەویەتێک دراوە بە پیاو. وەک مافی بڕیاردان بەرامبەر بە جسم و گیانی ژن، مافی تەڵاق، سەفەر، سەرپەرستی کردنی منداڵ، میرات، شایەدیدان، چەند هاوسەری و... لە هەموو ئەوانەدا ژنان مافیان پێشێل دەکرێ. لە ئێراندا نەریت و کولتوور و یاسا پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن. ئایینی ئیسلامە دەڵێ شاهیدی ٢ ژن بە ١ پیاو حیساب دەکرێ! ئایینە بە پیاو دەڵێ ئەگەر ژنەکەت بە گوێی نەکردی تەمبێی بکە! ئایینی ئیسلامە فرەژنی حەڵاڵ کردوە. ئەگەر سەرنج بدەینە کولتووری فرەژنی بێڕێزییەکی گەورەیە بە کەسایەتی ژن دەکرێ و هەروەها جۆرەها توندوتیژی بەدواوەیە کە تەنیا داوێنی ژنان ناگرێتەوە، بەڵکوو منداڵانی ئەو بنەماڵانەش دەبنە قوربانی ئەم نەریتە ناحەزە. یان بۆ نموونە لە ماددەی ٦٣١ی یاسای سزای ئیسلامیدا هاتوە ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی لەگەڵ پیاوێکی دیکە لە کاتی پێوەندی ناشەرعیدا دیت و



کوشتی، ئەو پیاوە بە تاوانبار ناناسرێ و هیچ سزایەکی لەسەر نیە. لە حاڵێکدا هەر ئەو مافە بە ژن نەدراوە و هیچ قسەی لێنەکراوە. بوونی یاسایەکی لەو چەشنە جگە لەوەی نایەکسانی تێدایە دەتوانێ ببێتە هۆی بوار خۆش کردن بۆ توندوتیژی دژی ژنان لەنێو کۆمەڵگەدا.

ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات و سیستمی ئێرانە بڕوانینە مەسەلەکانی ژنان، بە بێ هیچ قسەیەك ژن هاووڵاتی پلە دوویە. ژن و پیاو لە رووی یاساییەوە وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ. یاساکان تەنانەت ژیانی تایبەتی بنەماڵەکانی شێواندوە. باس لەسەر ئەوە نیە کە بۆچی ماڵداری و راگەیشتن بە منداڵ تەنیا کاری ژنە، باس لەسەر ئەوەیە کە بۆچی ماڵداری و دایکایەتی دەبێ ژن بکاتە هاووڵاتییەکی پلە دوو. ژنان بە هۆی رۆڵی نەریتی ماڵداری و دایکایەتییەوە کە کۆمەڵگەی پیاوسالار بە توندی لەهەوڵی مانەوەی ئەو نەخشەدایە بۆ ژن، لە مافی بەشداری و تێکۆشانی کۆمەڵایەتی بێبەش بوون. بنەماڵەی ئازاد و دێموکرات یانی بنەماڵەیەك کە هەموو ئەندامەکانی بە ژن و پیاوەوە هەست بەوە بکەن بەرپرسیارەتیان لە کۆمەڵ دا هەیە. بە لێك تێگەیشتن و رازیبوونەوە کارەکان دابەش بکەن. ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ و بەرپرسایەتی و سەرپەرستی بنەماڵە لە ئەستۆی ژن و پیاودا بێ. کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر نایەوێ ئەم روانینە لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگای ئێراندا پەرەبستێنێ.



**باس لەسەر ئەوە نیە کە بۆچی ماڵداری و راگەیشتن بە منداڵ تەنیا کاری ژنە، باس لەسەر ئەوەیە کە بۆچی ماڵداری و دایکایەتی دەبێ ژن بکاتە هاووڵاتییەکی پلە دوو؟**

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە لەم چەند ساڵەی دوایی دا که لە ئێراندا پێك هاتوون، وەك زۆربوونی رێژەی خوێندەوار بوونی خەڵك و بەتایبەتی ژنان، سیستمی یاساییەکەی زۆر لە دواوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە روانینی خەڵکەکەی دا پێك هاتوە. ئەمەش جێی دڵخۆشییە کە ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان لەم وڵاتەدا خەریکە ئەم یاسایانە دەبەنە ژێر پرسیارەوە.

رێژەیەکی زۆر لە ژنانی ئێران بەرانبەر بەو هەڵاواردنانە وشیار بوونەتەوە و خوازیاری باش کردنی ئەو هەلومەرجەن کە یاسا بەسەر ژنانیدا سەپاندوە. هێندێك لەو فەزا و تابویانە کە کۆماری ئیسلامی بە ناوی ئایینەوە بەسەریاندا سەپاندوونی، توانیویانە بیشکێنن و دنیایەکی جیاواز لەوەی کە دەسەڵات دەیهەوێ دروست بکەن. راستە کێشەی ژنان و بێمافییەکانیان دەبێ لە رێی یاساوە چارەسەر بکرێ بەڵام ئەم هەوڵانەش لە سەر سیستمی و دەسەڵات کاریگەریی خۆی هەیە و دەسەڵات ناچار دەبێ رۆژێك خۆی لەگەڵ داخوازییەکانی ژنان هاوئاهەنگ بکا.

ئەمڕۆ ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران کرانەوەیەکی کولتووری زۆری بەخۆیەوە دیوە. بێگومان هەوڵ و خەباتی بزووتنەوەیەکە کە لە ئێراندا هەیە. بزووتنەوەیەك کە نایەوێ خەڵکی ئەم وڵاتە بگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. زیاتر لە دەیان رێکخراو و ئەنجومەنی ناحوکمی دروست بوون و کار لەسەر عەقڵ دەکەن و روانینێکی مرۆڤانە بۆ پرسەکانی ژنان دروست دەکەن. دەیانەوێ بە دەسەڵات و کۆمەڵگەی بسەلمێنن کە تەنیا رێگەچارەی هەموو قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بە ژنان، بە رەسمی ناسینی مافەکانی ئەوانە. بوونی چالاکانەی ئەو ئەنجومەن و نیهادانە کاریگەرییەکی موسبەتی لەسەر مەسەلەی مافی ژنان کە مافی مرۆڤیشە لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا داناوە. زۆر سروشتییە لە کۆمەڵگەیەکی سوننەتی وەك کۆمەڵگەی ئێراندا و بە بوونی دەسەڵاتێکی وەك کۆماری ئیسلامی کە هیچ رێزێك بۆ مرۆڤایەتیی ژن دانانێ، بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانە زۆر سەختتر لەوەن کە بیریان لێدەکرێتەوە. بە بەرنامەی درێژخایەن و دانی نرخی قورس لەم رێگەیەدا دەکرێ هیوادار بین کە ریشەی هەموو ئەو کولتوورە پڕ لە هەڵاواردنە بەرەو نەمان بچێ.

# کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدا بردنی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**دێدەوان یەعقوب**

ماوەیەکی زۆر بوو چ لە ڕێی کاناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو چ بە هۆی دەماو دەمەوە ئەوەم بیستبوو کە دامەزراوەکانی سەر بە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵی بەلاڕێدا بردنی لاوانی کورد دان و دەیانەوێ بە هۆکاری جۆراوجۆر بە گشتی و بە هۆکاری ئالوودە کردن بە مادە هۆشبەرەکان دووچاری گرفتی ئەوتۆیان بکەن کە بە هیچ جۆرێك نەپرژێنە سەر بیری کوردایەتی، بەڵام کورد گوتەنی (بیستن و دیتن لێك جیان).

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی بە هۆی کارێکەوە سەردانی ئێرانم کردو بەشێك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕام، بۆم دەرکەوت کە نەك ئەو قسانەو ئەو هەواڵانە ڕاستن، بگرە لەوەش زیاترو لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ نەك هەر لاوەکان بەلاڕێدا ببا، بەڵکوو لە پاڵ ئەو هەوڵانەشی دا لە هەوڵێکی تر دایە ئەویش بەلاڕێدا بردنی ژنانە. دیارە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستەش هەر دەیەوێ سوود لەو مادە هۆشبەرانە وەرگرێت و کچان و ژنانی لاویش گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانیان بکاتەوە.

ئەگەر نموونەی ئەو ڕاستیەش بخەمە ڕوو، ئەوەیە کاتێك سەردانی شاری مهابادمان کردو لە نزیك ترمیناڵەکە وەستابووین و لە چاوەڕێی خانەخوێکەمان دا بووین و کاتەکەشی دەمەوخۆرئاوا بوون بوو، دیتمان ژنێکی باڵابەرزو جوانکیلە زۆر بە پەشۆکاویەوە بەرەو ڕوومان هات و پرسیاری ئەوەی لێ کردین کە ژنێکی تری لێ ون بووە و گوتی ئێوە نەتان دیوە؟ ئێمەش گوتمان نەوەڵڵا ئێمەش تازە گەیشتووینەتە ئەو شوێنەو خەڵکی ئێرەش نین، پاشان من لێم پرسی جا بۆ وا پەشۆکاوی خۆ ئەو ژنە منداڵ نیە بزر بێ و ئەدی بۆ بە مۆبایل پێوەندی پێوە ناکەی؟ ژنەکە لە وەڵام دا گوتی ئاخر ئەو سەرخۆش و موعتادە هیچ ئاگای لە خۆی نیەو دەترسم بەڵایەکی بەسەر بێ.

دوای ئەو قسانە ژنەکە ڕۆیشت و پاشان دیتمان دەستی بە دەستی ژنەکەی ترەوە بووو وادیار بوو دۆزیویەتەوەو سواری تاکسییەك بوون و ڕۆیشتن.

دیارە پێش ئەو دیمەنە ناخۆشەش لە شاری سنە چەندین کوڕی گەنجی گیرۆدەبووی مادە هۆشبەرەکانم دی کە لە کۆنەخانووەو لای شەقام و بەردەم گازینۆکان کەوتبوون و کاتێك پرسیاری ئەوەم دەکرد کە چۆنە دەوڵەت نایانگرێ و زیندانیان ناکا، خەڵکەکە بە ئاشکرا دەیان گوت دەوڵەت لە سەر ئەوانە هێندە توند نیەو هەر بە ڕواڵەت سزایان دەداو پاشان ئازادیان دەکا.



بێمەوە سەر باسی ژنەکان و بپرسم ئایا ئەگەر ئەو دوو ژنە لە یەکێك لە ڕێکخستنەکانی حیزبە نەیارەکانی ئێران کاریان کردبایەو لەو شوێنە لێك ون بان، ئەو ژنە دەی‌وێرا وا بە ئاشکرا لە خەڵك بپرسێ و بڵێ ژنێکی هاوڕێی ڕێکخستنم ون بووە؟ ئایا ئەگەر شتێکی لەو شێوەیە ڕووی دابایە دەست بەجێ دەزگا سەرکوتکارەکانی ئەو شارە هەر دوو ژنەکەیان ڕاپێچی کونجی زیندانەکان نەدەکرد؟ ئەدی بۆچی ئەو ژنە وا بە ئاشکرا بەبێ ئەوەی ئێمە بیناسین یەکسەر گوتی سەرخۆشەو موعتادەو دەترسێ شتێکی بە سەر بێ؟ ئەگەر لە ڕیزی حیزبێکی نەیاری کۆماری ئیسلامی دا کاری کردبایە دەیوێرا وابڵێ؟

لە بۆچوونێکی تردا کە پێموایە کەسمان گومانمان لەوەدا نیە کە هەموو ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان چەندە لە توێژی لاوان دەترسن بۆ بەرەنگاربوونەوە یاخی بوون و پشتگرتنی شۆڕشەکان، بۆیەش دەیانەوێ لاوان لە بیری نەتەوەیی چینایەتی شۆڕشگێڕی دوور بخەنەوە، بەڵام وا دیارە کۆماری ئیسلامی هەروەك لە لاوەکانی کوردستان دەترسێ، بە هەمان شێوەش لە ژنان و کچانی کوردستان دەترسێ، بۆیەش دەیەوێ هەمان ئەو پیلانە ژەهراوییەی دژ بە لاوەکان پیادەی کردوە دژ بە ژنان و کچانیش پیادەی بکاو بە مادە هۆشبەرەکان گیرۆدەیان بکا. کەواتە ئەو ترسەی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا دروستیان کردوە، ترس و کاریگەری کچان و ژنانیش لەوە کەمتر نیە لە سەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شتێکی تر کە مایەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە دوای ئەوەی ئەو دوو کچە لەو شارە کوردنشینە بەم شێوەیە بینی، ئیتر لە هێندێك کەسم دەپرسی تا چەند ژنان و کچانیش گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکان بوون؟ ئەوانەی ئاگادار بوون بە داخەوە پێیان ڕادەگەیاندین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەك کار بۆ نەخۆش کردن و لە نێو چوونی لاوان دەکەن، بە هەمان شێوەش کار بۆ بەلاڕێدا بردنی کچان و ژنانیش دەکەن.

بۆیەش هەقە کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وشیارییەوە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکەنەوەو لەگەڵ پیاوان هاوخەبات بن بۆ ئەوەی ئەو سەنگ قورساییەی لە مێژوودا تۆماریان کردوە هەروەك خۆی بمێنێتەوە، گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان ئەگەر جارێك وەك مرۆڤ بۆ پیاوان نەشیاو بێ، ئەوا دوو جار بۆ ژنانی ڕەوشت بەرزی کورد نەشیاوە کە لە سەر شەقام و کۆڵانەکان دا بکەون. هەموو ڕێکخراوو حیزب و دامەزراوە پەیوەندارەکانیش چ ئەوانەی لە ناوەوە بە نهێنی و بە ئاشکرا کار دەکەن و چ ئەوانەی لە دەرەوەی ئێران کار دەکەن، لەسەریانە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ژنان و کچان بە تایبەتی هۆشیارتر بکەینەوەو خۆیان لەو بەڵایانە بە دوور بگرن، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی تێدا هەیە لە بڵاوکردنەوەو ئاسانکاری کڕین و فرۆشتن و هێنان و بردن و بەکار هێنانی ئەو مادده هۆشبەرانە.

**ئەو ترسەی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی- دا دروستیان کردوە، ترس و کاریگەری کچان و ژنانیش لەوە کەمتر نیە لە سەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران**



# ژنانی خوێندەواری پارێزگای کرماشان و کێشەو گرفتی کارکردن

نووسینی: کاوە کرماشانی
وەرگێران لە فارسییەوە: دایکی هانا

بە چاولێکردن لە ئاگادارییەکانی دامەزران، لە رۆژنامە سەراسەری و حەوتووانەکانی پارێزگای کرماشان دەردەکەوێ کە ژنان بە گشتی ژنانی خوێندەوار بە تایبەتی، لەو ئاگادارییانەدا جێیان نیە.

ئەگەر تاکەکانی خوێندەواری کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵدا کەڵکیان لێوەرنەگیرێ یان نائۆمێد دەبن یان دەبێتە هۆی بەدینەهاتنی ئەمنییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی. یان ناڕازی دەبن کە بەو شێوەیەش تێکەڵاوی دەستەبەندییە سیاسییەکان دەبن و دەبنە هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵات. فەرقوجیاوازی دانانی کاری تەنیا بە هۆی ژن بوون، هەر ئەو شتەیە کە تووڕەییەکی لەرادەبەدەر لە ناخی ژناندا پێك دێنێ بە تایبەت ئەگەر ژنان بڕوانامەی خوێندنیان هەبێ و بێکار بن و بە هۆی نەبوونی واستە (پارتیبازی) دەستیشیان لە جێیەک بۆ دیتنەوەی کار گیر نەبێ. هەر لەم بارەیەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە ژنانی خوێندەواری کرماشانی وتووێژیکمان پێك هێناوە کە سرنجتان بۆ خوێندنەوەی رادەکێشین:

**بەهارە کە بڕوانامەی لە لقی ژمێریاریدا هەیە، دەڵێ:** "سەرماوەزی ١٣٨٦ لە رۆژنامەی "همشهری"دا چاوم بە ئاگاداریی دامەزران لە بانکی پارسیان کەوت. دەقی ئاگادارییەکە بەم شێوەیە بوو: دامەزرانی ژمارەیەك لەو خاوەنانی بڕوانامەی خوێندنی لیسانس و سەرتر پیاو! لە لقەکانی ژمێریاری، ئابووری، مودیرییەت، کامپیوتێر و بیرکاری، "کاربردی" بۆ ئەو لقانەی لە حاڵی کرانەوەدان. هەرچی بیرم کردەوە بۆ هەر پیاوان؟ هۆیەکەم نەدیتەوە. ئاخەر نە ئەو لقانە بە کاری قورس دێنە ئەژمار، نە شوێنی کارەکە لە جێگەیەکی دوورە دەستی وڵاتە کە لە باری ئەمنیەتییەوە ترسی لەسەر بێ تا بڵێین بانك لەو بارەیەوە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا !

هەرچەند مافی هەڵبژاردن بە کەسی داواکاری دامەزرانە ژن بێ یا پیاو هەموو ئازاد و موختارن و سەرپەرست (قیم)یان ناوێ. خۆ پسپۆرییەکانیش ئەوە نین لە روانگەی گونجاوی رەگەزییەوە لەگەڵ گیرو گرفت بەرەوڕوو بێ. کاریش شەرافەتمەندانە و مەشرووعە کە لەو بارەیەوە لە نێوان ژن و پیاودا جیاوازییەك نیە. ئەوە هەر هەمان فەرقوجیاوازیی رەگەزییە. هەر ئەو مەسەلەیەیە کە ژنانی پێشڕەوی ئێران و رێکخراوە ناحکوومەتییەکانی ژنان نارەزایەتییان لە دژی هەیە و تێدەکۆشن ئەمە نەمێنێ. وا وێدەچێ خزمەتی راستگۆیانەی ژنان نەبینرێ کە بەم جۆرە ئاگادارییانە سووکایەتی بە ژنان دەکرێ.

بەهارە دەڵێ: بەهۆی فەرقوجیاوازی دانان لەو بانکە، حیسابی خۆم لەوێ بەست و بۆ بانکێکی تر چووم.. رووی قسەم لە کارفەرماکانی بەشی تایبەتییە. کاری بەشی تایبەت تەنیا قازانج وەسەریەکنان نیە. ئەو بەشە لە تەواوی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بەرپرسایەتی هەیە. بەرپرسایەتیی کۆمەڵایەتی یانی هاوبەشی کردن لە نەهێشتنی هەژاری، خەبات لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە زیانیان هەیە، چەسپاندنی دادپەروەری و بە تایبەت دادپەروەری رەگەزی.

**نێرگس کە دەرچووی لقی کامپیوتێرە**

←



**(ڕەق ئامێر)ە دەڵێ:** لە وڵاتانی پێشکەوتوو دامەزراوەکان بە شانازییەوە ئاگاداری و بەیاننامەکان لە بست بە بستی داروودیواری خۆیان دەدەن. ئەو جۆرە دامەزراندنانە لەهەرچەشنە فەرقوجیاوازییەکی جینسی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، دینی و..... بەدوورن. ئەوان لەو کەسانەی سەردانیان دەکەن داوا دەکەن هەر جۆرە لادان و هەڵەیەک کە دێتە پێش بە بەشی پێراگەیشتنی بدەنەوە. کاتی ئەوەیە کە بەشی تایبەت (خصوصی)ی ئێمەش تەکانێک لەخۆی بدا. تەنیا چوونەسەری ژمارەی (پشکەکان) لە بورس و زیادبوونی ژمارە و لوکس کردنی نامەنتقیی لقەکان، نابێتە هۆی شایستەیی دامەزراوێک. خەڵک جۆرێکی دیکە قەزاوەت دەکەن.

**شیرینی کە کارناسی بەرزە لە لقی کامپیوتێردا بێکارە،** دەڵێ دووساڵە بڕوانامەی خوێندنم وەرگرتوە. بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر و لەبەر دامەزرانی پیاوان و .... تا ئێستا نەمتوانیوە لە شیرکەتە دەوڵەتی و تایبەتییەکان دابمەزرێم. ئەمڕۆ بێکاریی ژنان وردە وردە خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. تەنیا لایەنی ماددی کار نیە کە گرنگە، کار پێناسەیە، گەشەکردنە، سەربەخۆییە. نابێ لە جیاتی دابینکردنی کار و ئەمنییەتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە شوێنی کار، ئەم شانسە بە بیانووی جۆراوجۆر لە ژنانی خوێندن تەواو کردوو بسێندرێتەوە.

ئەستاندنی شانسی دامەزران لە کۆمپانیا و دامەزراوە گەورەکان لە ژنان، ئەوان بەرەو لای کۆمپانیا چووکە و تاکەکەسییەکان دەبا کە روون نیە لەو حاڵەتەدا چییان بەسەر دێ. ئێمە زۆر باشتریش لە پیاوان دەرسمان خوێندوە، هەتا مافی خۆمان وەرنەگرین ئارام ناگرین و ناحەسێینەوە.

**فەریبا پسپۆڕی ژمێریارییە.** چوار ساڵ بەدوای کاردا گەڕا و دەستی نەکەوت. ناچار بوو کارگەیەکی دروومان (خەیاتی) بکاتەوە. مریەم خوشکی فەریبایە ساڵی ئاخری موهەندیسی کامپیوتێرە. ئەویش ماوەیەکی زۆر بەدوای کاردا گەڕا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. مریەمیش چوو فێری خەیاتی بوو بۆ ئەوەی ئەویش لە کۆتاییدا هەمان کار بکا.

**نەسرین:** بانکی سادراتی کرماشان ٥ کەسی دەویست ژمارەیەکی زۆر کەم ئەندامانی شەڕ (جانباز) و ئیسارگەر و بەسیجی داواکاری دامەزران بوون. تەنیا یەک کەسیان لە بەشی نێوخۆیی پارێزگا دەویست. من لە تاقیکارییەکەم دا زۆر باش بووم. بەڵام هەر نەمزانی کێ دەرچوو و چ رووی دا.

**فەریبا:** لە دادگوستەری راگەیاندرا پێویستیان بە نەفەرە. خوشکەکەم لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو. پێیان گوت تۆ لە ئەزموونی دەورەیی بەشداریت نەکردوە ! لە حاڵێکدا ئەو ساڵی ٨٦ خوێندنی تەواو کردبوو و ئاخرین فێرکردنی دەورەیی دەورەکە ٨٣ بوو. ئەو کاتە ئەو هەر بڕوانامەی زانکۆی نەبوو تا بچێ لە ئەزموون (تاقیکردنەوەی) دەورەییدا بەشداری بکا. بەڵام کوڕێک کە تاقیکردنەوەی دابوو و تەمەنیشی زۆر زۆرتر بوو، کەچی ئەویان وەرگرت. دوای ئەوەی کوڕەکە ئیستعفای دا، ئەوجار خوشکەکەمیان قبووڵ کرد. یانی لە هەلومەرجی وەک یەکدا ئەولەوییەت دەدرێ بە پیاوان.

**مینا بڕوانامەی ئینگلیسی هەیە:** پێشتر لە تاران کاری وەرگێڕانی دەکرد و دوایە هاوکاری لەگەڵ چاپەمەنییەکان دەست پێکرد. پاشان گەڕایەوە کرماشان. ئەو دەڵێ: چاپەمەنییەکانی ئەو پارێزگایە قسەی دڵی خەڵک ناکەن. بەهەر حاڵ مەسەلەی ماددی ئێمە زۆر گرنگە و بەرهەمدانەوەی (بازدەهی) تایبەتمان نیە.

**لەگەڵ کارناسان**

**دوکتور مەنسوورە ئەعزەم زادە، مامۆستای زانستگەی**



"الزهرا"، لەسەر ئەو باوەڕەیە کوڕان بە هۆی گیروگرفتی مادی وایان پێ باشە زووتر بچنە نێو بازاڕی کارەوە بەڵام بە ڕواڵەت ئەوە بۆ کچان بە هۆی داخراوبوونی مەیدانی کار بۆ ئەوان ڕوونادا. لە حاڵێکدا مەیلی مادی بۆ زۆربەی تاکەکان قسەی یەکەمە، ژنان بەو ڕادەیە لە بیرکردنەوە گەیشتوون کە



دەتوانن زیاتر سەرقاڵی بابەتە فەرهەنگی و فێرکارییەکان بن. چوون بۆ زانستگە، نە بە شێوەیەکی تەواو، بەڵام تا ڕادەیەک دەتوانێ ئەو ئیمکانە پێک بێنێ. دوکتور ئەعزەم زادە ئاماژەی بە گریمانەی "زاڵ بوونی پیاوانە" کرد و گوتی: پیاوان بە خوێندەوارییی کەمیشەوە هەوڵی زیادتر کردنی سەرمایەی مادی بنەماڵەیان دەدەن لە حاڵێک دا ژنانی خوێندەوار هەوڵ دەدەن سەرمایەی فەرهەنگیی بنەماڵە ببەنەسەر.

**دوکتور فکوهی، یاریدەدەری مامۆستای زانستگەی تاران و مامۆستای کۆمەڵناس** لە سەر ئەو باوەڕەیە کەسێک کە دەچێتە زانستگا، دەستی بە بازاڕی کار ڕاناگا. لە ئێران مەسەلەی خوێندن بۆ کچان بۆتە سەرمایەیەک کە ئەمە شتێکی ئەرێنییە. بەڵام دەبێ لەگەڵ بەشەکانی دیکەش وەک کار پەیداکردن هاوئاهەنگ بێ. نابێ کۆمەڵگەیەکمان هەبێ کە لەودا کار بۆ ژنان ١٢٪ بەڵام خوێندیان ٧٠٪ بێ. ئەو وەزعییەتە دەبێتە دروستبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی.

**دوکتور عەلی ئەسغەر سەعیدی، بەرپرسی دەستەی بەرنامەڕێژیی زانستگەی تاران، دەڵێ:** لە خوارەوەبوونی ڕێژەی کاری ژنان لە ئێران لەچاو هێندێک لە وڵاتانی دیکە، جێگەی سەرنجە. بەو پێیە پێکهێنانی هاوئاهەنگی لە نێوان زانستگەی و بازاڕی کاردا دەتوانێ گرفتەکە چارەسەر بکا.

**دوکتور مەسعوود کەوسەری، مامۆستای زانستگە، دەڵێ:** سیستمی کاری ئێستا ئیتر وەڵامدەر نیە. پێناسەی کاری پیاوانە و ژنانە دەبێ بگۆڕدرێ و کۆمەڵگە دەبێ ئامادەی حوزووری ژنان لە هەموو بەستێنەکان دا بێ و، جنسییەتی کار بە قازانجی ئەوان دەبێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

**فەرزانە نیکو بوریش، مامۆستای حەوزەی عیلمیە دەڵێ:** دەبێ بوار بۆ هاتنی خوێندەواران بۆ بازاڕی کار خۆش بکرێ. ئەو ئاماژە بەو سەقفە شووشەییە، یانی باوەڕە پیاوسالارییەکان دەکا کە ڕێگرە لەبەردەم پەرەسەندنی کار بۆ ژنان دا و دەڵێ: دەبێ لە حاڵێکدا کە لە سەدا ٢٤ی کارمەندانی حکوومەتی ژنن، تەنیا ٣٪ی بەرپرسانی سەرەوەی بەرزی سیستم لە ژنان پێک هاتوون. ئەو سەڵتی (تجرد) و بێکاریی لە دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی خوێندنی ژنان زانی.

**دوکتور محەممەد قانعی ڕاد:** هێندێک بە جۆرێک قسە دەکەن کە گۆیا کچان بۆ گەڕان بە شوێن کاردا چوونەتە زانستگە. لە حاڵێکدا ساڵی ١٣٣٥ەوە تا ساڵی ١٣٨٥ ئاماری ژنانی خوێندەوار لە ٨ لەسەدەوە گەیشتۆتە ٧٥ لەسەد. بەڵام کاری ژنان تەنیا لە ٩ لەسەدەوە گەیشتۆتە ١٢ لەسەد و پەرەسەندنی دڵخواز بەدی نەهاتوە.

**دوکتور سارا شەریعەتی، مامۆستای زانستگەی تاران:** چوونی ژنان بۆ زانستگە گرنگ نیە. گرنگ تەواو کردنی خوێندنیانە. لەویش گرنگتر ئەوەیە کە چ ڕێژەیەک لەو خوێندکارە تەواوبووانە تێکەڵاوی بازاڕی کار دەبن. هەموو دەگەڕێن بە دوای تاوانباردا. کۆمەڵگەی ئێمەش تووشی قەیرانی بێکاری و قەیرانی بنەماڵە بووە و ژنانێک کە دەچنە زانستگە بەوە تاوانبار دەکرێن کە گۆیا ئەوان هۆکاری لێک هەڵوەشانی بنەماڵەن. ئورووپاییەکانیش بیانییەکان لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بە تاوانبار دەزانن. لە حاڵێکدا ئەو قەیرانانە پێوەندییان بە زۆر هۆکاری جۆراوجۆرەوە هەیە.

بەهەرحاڵ ئەوە ڕاستییەکە حاشای لێناکرێ ڕێژەی بێکاری کچانی خوێندەوار دوو بەرابەری کوڕانی بێکارە. چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ، ژنانی خوێندەوار خواست و داخوازییان هەیە، ناکرێ ئەو خواستانە بێوەڵام بهێڵرێنەوە. کارفەرمایانی بیرتەسکی پیاو بەرگری لە چوونی ژنان بۆ بازاڕی کار دەکەن. بازاڕی کارێک کە لە پاوانی پیاوان دایە و ژنان تەنانەت لە کاتی کار پێدانیش دا دەخەنە ژێر ئەمر و فەرمانی خۆیان.

بەهەر حاڵ لە ڕوانگەی دادپەروەرییەوە دەبێ بوار بۆ سوودگەیاندنی تاکە خوێندەوارەکان لە کۆمەڵگەدا خۆش بکرێ و سەرئەنجام ئەوە کە ژنان نیوەی حەشیمەتی وڵات پێک دێنن کە مالیات دەدەن و خاوەنکارەکان مافی ئەوەیان نیە کە بە پێی ئیشتیا و سەلیقەی خۆیان پێشی لە چوونی نیوەی حەشیمەتی وڵات بۆ بازاڕی بگرن.

# توندوتیژی ئامرازی شەڕ دژی ژن

نووسین و ئامادەکردن: مەنووچێهر

بەشی یەکەم

توندوتیژی بە دژی ژنان بە هیچ شێوەیەك تایبەت بە وڵاتانی دواکەوتوو یان موسوڵمان نیە. لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان دا ژنان و منداڵان لە دواهاتەکان و کاریگەرییەکانی توندوتیژی بە تایبەتی لە ژیانی بنەماڵەیی دا ئازار دەچێژن. ئازارەکانی جەستەیی و رەگەزی و دەروونی نە تەنیا لەشساغی، سلامەتی مێشك، دەروون و هەستی مرۆڤ تووشی مەترسی دەکەن، بەڵکوو کۆمەڵگاش زیانێکی زۆر دەبینێ. نرخێك کە دەبێ لە بری ئەو برینانە بدرێ دەوڵەتەکان تووشی گرفت گەلێکی ئابووری و کولتووری و خزمەتگوزاری دەکاو لە زۆربەی کاتەکان دا ئەم دەوڵەتانە ناتوانن لە ژێر ئەم نرخە قورسە بێنە دەرێ. هەر بۆیە بە پێی لێکۆڵینەوەکان توندوتیژی کردەوەیەکی جیهانییە، چونکە:

- ٣٠ تا ٣٥ دەرسەدی ژنانی ئەمریکایی لە لایەن مێردەکانیانەوە ئازاری جەستەیی دەدرێن.

- ١٥ تا ٢٥ دەرسەدی ژنانی ئەمریکایی لە کاتی دوو گیانی دا دەکەونە بەر لێدانی مێردەکانیان.

- بە پێی راپۆرتی FBI لە ساڵی ١٩٩٢ دا لە ئەمریکا لە هەر ١٠ قوربانیی ژن سێ کەسیان لە لایەن مێرد یان خزمێکی خۆیان کوژراون.

- ٢١ تا ٣٠ لە سەدی ژنانی ئەمریکایی لانیکەم جارێك بە درێژایی ژیانی هاوبەشیان ئازاری جەستەیی دراون.

- لە کۆلۆمبیادا زیاتر لە ٢٠ لەسەدی ژنان دەکەونە بەر جنێوو قسەی ناخۆش یان ئازاری دەروونی مێردەکانیانەوە.

- لە سانتیاگۆی شیلی دا ٦٣ لەسەدی ژنان ئازار دەدرێن.

- ٤٣ لەسەدی ژنانی هیندی بە هۆی ئازاری جەستەیی مێردەکانیانەوە خۆ دەکوژن.

ـ ٤٢ لەسەدی ژنانی کینیایی بە شێوەی بەردەوام لە ژێر ئازاری فیزیکی مێردەکانیان دان.

- لە بەنگلادێش زیاتر لە ٥٠ لەسەدی کوشتنی ژنان بە هۆی توندوتیژی پیاوانەوە بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەدا مەسەلەیەکی جیهانییە، دەنگدانەوەی ئازاردانی ژنان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا بەربلاو بووە. لە چوارەمین کۆنفرانسی مافی مرۆڤ لە شاری ڤییەن دا لە ساڵی ١٩٩٧ توندوتیژی دژی ژنان یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکان بۆ توێژینەوە لەم کۆنفرانسەدا دیاری کراو ئەم خاڵە گرینگە پێی لە سەر داگیرایەوە کە توندوتیژی جەستەیی و دەروونی ژیانی ژنانی تووشی مەترسی کردوە. چونکە پیاوان لە بەڕێوەبردنی توندوتیژی دا رۆڵی سەرەکی دەگێڕن.

بەشداربووانی چوارەمین کۆنفرانسی مافی مرۆڤ پێیان لە سەر ئەوە داگرتەوە کە دادوەرەکان، پۆلیس، پارێزەرەکان، دامەزراوەکانی داکۆکیکاری بنەماڵە، مامۆستایان، باوکان و بە گشتی لایەنگری مافی ژنان دەبێ لە ریشەی کولتووری ئازاردانی ژن (همسر آزاری) بکۆڵنەوە هەروەها رایگەیاند کە دەبێ روانگەی پیاوان سەبارەت بە ژنان بگۆڕدرێ و ژنانیش دەبێ یارمەتی پیاوان بدەن بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە تێگەیشتنەکانی خۆیان سەبارەت بە رەگەزی ژن بکەن.

بە گشتی لە لێکۆڵینەوەی ناوەندەکان و کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان دا دەتوانین لەم بابەتە گرینگە تێ بگەین کە توندوتیژی بە دژی ژنان لە بنەماڵەدا دیاردەیەکی کۆن و مەسەلەیەکی جیهانییە، بەڵام قورسایی ئەم دیاردەیە بە رادەیەکە کە پێویستە وڵاتانی جۆراوجۆر هەر کام بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان هۆکارەکانی توندوتیژی بدۆزنەوەو بە وەگەڕ خستنی تەواوی تواناکانیان ئەم کردەوە دوور لە شارستانییەتە کۆنترۆڵ بکەن.

ـ توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران دا دیاردەیەکی شاراوەیە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان لە سەرانسەری جیهان دا ئەوەیە کە لە زۆربەی حاڵەتەکان دا شاراوەیەو نادیترێ. ژنان تا چەقۆ نەگاتە سەر ئێسقانیان باس لە توندوتیژی دژی خۆیان ناکەن. ئەم خۆپاراستنە لە هەر کۆمەڵگایەك دا هۆکاری تایبەتی خۆی هەیەو هاوتەرییە لەگەڵ هەلومەرجی ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی ژنان لە هەر کۆمەڵگایەك دا.

لە ئێرانیش دا ژنان لە ژێر کولتووری نەریتی هەزاران ساڵە وا فێر بوون کە بەشێکی بەرچاو لە بارودۆخی پڕ لە توندوتیژی ژیانی خۆیان داپۆشن. ئەو ژنانە بە تایبەت لە چوون بۆ ناوەندە دادوەرییەکان و ئاسایشییەکان خۆدەبوێرن کاتێك سکاڵا بەرز دەکەنەوەو داوای یارمەتی دەکەن کە هەموو هیواکانی خۆیان لەدەست چووبێ. بۆیە خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران دا وەکوو هەندێ لە وڵاتانی تر ئاسان نیە. ژنان لە ئێران بە تایبەت ژنی کورد لە ژێر دەسەڵاتی باوك، برا، زاوا و ... هتد دا دەژین. دوای زەماوەندیش لە ژێر دەسەڵاتی مێردەکەی و خزمەکانی دان، لە کەش و هەوای ژیانی پیشەو کاردا لە ژێر دەسەڵاتی پیاوسالاریی بەرپرسەکان و بەڕێوەبەرایەتی پیاودا ژیان و رۆژگار تێ دەپەڕێنن و لە کەش و هەوای ژیانی کۆمەڵایەتیش دا لە ژێر دەسەڵاتی سوننەتگەلی دژی ژن هەست بە مەترسی دەکەن و ... و بەم حاڵەش وەها لە ناو





خانەی هزرو ڕەوشتیان دا بارمتەی توندوتیژین کە زۆر بە کەمی دژکردەوەیان دەبێ.

لە سەردەمی ئێستادا هەموو ڕەوشتەکانی تاك و کۆمەڵایەتیی ژنان لە ژێر وردبینی توندڕەوە بە ناو شۆڕشگێڕەکانە. ئەم بەشە لە هێزە سیاسییەکان لە ژێر ناوی خەبات دژی گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکان، خەبات بە دژی هێرشی کولتووری ڕۆژئاوایی، خەبات دژی ڕەوشتی کوفرهێنەرو بێ حیجابی تا ئەو جێگایەی توانایان بە سەر ژنان دا رووخان و هەموو ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵایەتیی ئەوانیان هێنایە ژێر رکێفی خۆیان.

بە خۆشییەوە ئەم بەشە لە توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران دا مەسەلەیەکی شاراوە نیەو بە تەواوی دەدیترێ.

توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران دا تەنیا لە ماڵەوە روو نادا چونکە لە دوو بیاڤی تایبەتی و گشتی دا بە سەر ژنان دا سەپاوە. لە هەر کۆمەڵگایەك دا توندوتیژی چەند شێوە بە خۆیەوە دەگرێ کە لەگەڵ پێك هاتەی یاسایی، سوننەتی و ئایینی و سیاسی کۆمەڵگاکە هاوتەریب و هاوتەریبە.

بۆ وێنە: ژنانی ئێرانی لە بیاڤی تایبەتی دا لە ژێر جۆرەکانی هەڕەشەی راچڵەکێنەری توندوتیژی دان کە سەرچاوەی گرتوو لە یاساکان و سوننەتەکانی چاودێر لە سەر تەڵاقە، کە ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان نادیترێ. ژنانی تەڵاق دراو و تەڵاق وەرگرتوو لە پێکهاتەی یاسایی و سوننەتی ئێران دا پشتیوانیان لێ ناکرێ و ژنان تا ئەو جێگایەی کە دەتوانن لە ژیانی هاوبەشیان دا بە تەحەمول و لەسەرەخۆن و شان وەبەر گرفتەکان دەدەن، بۆ ئەوەی نەکا تەڵاق بدرێن و ببنە بێوەژن.

هەر ئەوەیە کە جاری وایە وا لە ژنان دەکا پەنا بۆ خۆکوژی ببەن و بۆ ئەوەی لە سووکایەتی پێ کردنی یاسای وڵات و بنەماڵەکەی رزگاری بێ. کە وایە دواهاتەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران دا دەبێ لەو کۆمەڵە توندوتیژیانەی کە لە بواری بنەماڵەی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەوە جێبەجێ دەکرێ بدۆزینەوەو لە ریشەکەی بکۆڵینەوە.

توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران دا حاشای لێ ناکرێ.

ئەم مەسەلەیە بۆتە بابەتی سەرەکی باس و خواسی ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆی ئێران. ڕۆژنامەکان تیتری گرینگی رووداوەکانیان بۆ ئەم مەسەلەیە دیاری کردوە. ڕۆژنامەکان لە هێندێ حاڵەت دا دەیانهەوێ بنەماڵە وەك ناوەندی قەیران لە کۆمەڵگادا پێناسە بکەن و لە پێش چاوی بیروڕای گشتی وڵات دا شی بکەنەوەو خەسارناسی بکەن و سەرچاوەی شێواوییەکانی کۆمەڵایەتی کە لە ژێر کاریگەری توندوتیژی دایە لەودا بدۆزنەوە.

بەڵام ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و یارمەتی دان بە کۆمەڵگا پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لە بواری کۆکردنەوەی ئامار، هاوکاری ناوەندە دەوڵەتییەکان نیەو ناچارن بە دەستی خاڵی و زانیاری گەلێکی زۆر کەم، ئامارێك بدەن کە بە زۆری لە سووژەو مەبەست نزیك دەبێتەوە. ئەم کەم و کورییانە لە راپۆرتەکانی میدیاکان دا رەنگی داوەتەوە.

کەسانێك کە هەوڵ بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك لە سەر توندوتیژی ژنان دەدەن باس لە نائومێدی و کەم و کورییەکی ئێجگار زۆر دەکەن. ڕۆژنامەنووسەکان دەڵێن لە ئێران دا ناتوانی ئامارێك لەسەر ئازاردای ژنان لە لایەن مێردەوە یان خۆکوژی کۆبکەیەوە. چونکە هەر لە سەرەتای کارەوە:

ئەگەر ئاماری خۆکوشتن کۆ بکەیەوەو سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێران بکەی کتوپڕ تووشی هاوکاری نەکردنی بەرپرسانی نەخۆشخانە و بەشی ئۆرژانس دەبی.

بۆیە لە هەموو رێگایەکەوە هەوڵ دەدرێ توندوتیژی بە دژی ژنان لە ئێران دا بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

# ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ژیانێکی نابەرابەر دا

ن: تەلعەت تەقی نیا
و: مینا سوڵتانزادە



ئێستاش لە وڵاتی ئێمەدا ژنان و کچانێك هەن کە بۆ نەجاتی خۆیان پەنا بۆ خۆکوشتن ئەویش بە شێوەی خۆسووتاندن دەبەن. خۆکوژی بەتایبەت، خۆکوژیی ژنان لە ڕێگەی خۆسووتاندن لە پارێزگای کرماشان و ئیلام لە پارێزگاکانی دیکە زیاترە. بەپێی ئامارەکانی خۆکوشتن لاوان و ژنان لە پلەی یەکەم دان. بە شێوەیەك کە نوێنەری پارێزگای ئیلام لە کۆبوونەوەیەك دا دەڵێ: ساڵانە ٤٣٠ کەس لە ئیلام پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن کە زۆربەیان ژنانی گەنجن کە خۆیان دەسووتێنن.

بە بەدواداچوونی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە تێدەگەین و بۆمان دەردەکەوێ کە هەر لە ئیلام و کرماشان خۆسووتاندنی ژنان، پیاوانی گەنج و منداڵان زۆر نیە، بەڵکوو لە پارێزگاکانی دیکەی وەك: چوارمەحاڵی بەختیاری، لوڕستان، کوردستان، خوزستان، ئەردەبیل و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ ئەو کارەساتە مرۆییە بەرەوڕوویە.

بەرز بوونەوەی ئامارەکانی خۆکوشتن و خۆسووتاندن، تەڵاق، قەتڵە بنەماڵەییەکان، هاوسەرکوشتن ـ هەم ژن و هەم پیاو ـ سەرهەڵدانی ناهومێدی و خەمۆکی ڕۆحی ـ دەروونی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، جیددی بوونی توندو تیژی بەتایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە سەر بە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگەن، دەردەخاو لە تەنگانەدا بوونی ئەو ژنانەمان وەبیر دەخاتەوە.

هەر ئەو بارودۆخە مەترسییدارەیە ژنان ناچار دەکا خەمبارترین و بەسامترین شێواز بۆ نەجاتی خۆیان هەڵ بژێرن. ئەو ژنانە بە دوای کەسایەتیی پێشێل کراوییانن، کەسایەتییەك کە تەنیا بە مردنیان خۆ دەنوێنێتەوە. زۆربەی خۆکوژییەکان لە ترسی لە قاودانی هێندێك شت لە نێو خزم و کەسیان دا بە نهێنی دەمێنێتەوە.

زۆربەی ئەو ڕووداوانە تەنانەت تۆماریش ناکرێ و لە چوارچێوەی ئەوماڵەدا دەشاردرێتەوەو هیچ کات لە نێو ئامارە فەرمییەکاندا باسیان لێوە ناکرێ.

پێشتر زۆربەی ئەو ژنانەی کە بە خواردنی حەب دەیانویست خۆیان بکوژن، ڕزگاریان دەهات . بەڵام ئەو کەسانەی خۆیان دەسووتێنن ئیمکانی ڕزگاربوونیان زۆر کەمەو لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕزگاریشیان بێ لەبەرهەڵقرچان و شێوانی ڕوخسارو ئەندامی لەشیان، ژیانێکی سەختر دەبەنە سەر.

بەرزترین ڕێژەی خۆکوشتن لە کۆی ١٧٤ بابەتدا، تەمەنی ٢٠تا ٢٤ ساڵەو ١٠تا ١٩ ساڵە دەگرێتەوەو ٩٨ ٪ خۆکوژییەکان کە ئاکامیان مردنە لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوەیە کە لەم ڕێژەیەش ٩٢ ٪ ئەو ژنانە کە خۆیان دەسوتێنن ماڵ و مێردیان هەیە. بەرزترین ڕێژەی خۆکوژی لە شارەکانی سنە، مەریوان، کامیاران و سەقز روو دەدا کە لەو شارانەدا ژنان بەرزترین ڕێژەی خۆسوتاندنیان هەبووە. (سایت زن توانمد) هەواڵی خۆسووتاندن و خۆکوژییەکان هەموو ڕۆژێ کۆمەڵێك خەمبارو پەرێشان دەکا. لە نەخۆشخانەکانی شاردا تەرمی ژنانێك دەبینرێ کە بوونەتە قوربانی کێشەی



ناموسی.

سیمای ژنان و کچانی لاو کە ناحەقی بە هەموو شێوەیەك زەخت و بەشخوراوی دەبینن و ناچارە بێدەنگ بێ، دەبێ چ بکا؟

ژنێك کە نەیتوانیوە دەنگی هەڵبڕێ وداکۆکی لە مافی خۆی بکا، هاوارەکانی لە ناخی دا پەنگیان خواردۆتەوە لە ئاکام دا خۆی دەرووخێنێ.

ئەوان بە غەریبی و گوناحباری دەنێژرێن. بکوژی ئەو ژنانەی کۆمەڵگەی پیاوسالارێك کە بە کەڵك وەرگرتن لە نەزانی و نەریت و یاسای نایەکسانەکان، ئەوان بەرەو هەرەس هێنان و تێداچوون دەبا. چارەنووسی ژنانی بنەماڵەی هەژارو نەخوێندەوار زیاتر لە بەردەم خۆکوشتن دان. ئەوان لە ژێر هێڵی هەژاری دا هەنگاو بە هەنگاو مردن تاقی دەکەنەوە، ناهۆمێدی، گۆڕانی بارودۆخی ژیان، نەبوونی پشتیوانی یاسایی و حقوقی لە بەرانبەر توندو تیژی و پێداگری پیاوانی بنەماڵە ئەوان بەرەو خۆسووتاندن دەبا.

ئەوان نرخی رزگار بوون لە هەڵاواردن و نابەرانبەری بە گیانی خۆیان دەدەن. شوێنەواری خراپی ئەو هەڵاواردنە لەسەر ژیانی ژنی ئێرانی و داهاتەکانی لە ژیانی بنەماڵەی ئێرانی ماوەتەوە، بەڵام لە سەریەك دابین نەبوون لە بواری ماڵی، نەبوونی ئەمنیەتی ژنانی ئێرانی لە ژیانی هاوبەشیی بنەماکانی خۆکوژین. ژنانی ئێرانی هەمیشە ئازاری نەبوونی ئەمنییەتیان لە بنەماڵەکانیان دا چێشتوە.

لەم نێوەدا زۆربەی ژنان بە خواردنەوەی خوێنی جەرگی خۆیان رەنجی نەبوونی مافی یەکسانی لە ژیاندا دەچێژن.

سەرەڕای ئەوە نەبوونی سەیرانگەو گەشت و گوزار، نەبوونی ئیمکاناتی فەرهەنگی و هونەری، کتێبخانە، سینەماو پارك هۆی سەرەکی خەمۆکین، بەڵام ئەو ناوەندە فەرهەنگییانە کە ژنان بتوانن کاتی خۆیانی تێدا بە سەر بەرن یان زۆر کەمەو یا هەر نیە. چەند ساڵ لەوە پێش لە دەرەوەی شاری ئیلام پارکێك دروست کراوە کە هێندێك کەلوپەلی یاری بۆ منداڵان تێدایە. بنەماڵەکان دەتوانن شەوانە بچنە ئەو پارکەو گوێ لە موزیکێك بگرن و هاوکات منداڵەکانیشیان خەریکی کایە کردن بن. هەر ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەکە رێژەی خۆکوشتن تا رادەیەك دابەزێ.

لە راستی دا ئەو خۆسووتاندن و خۆکوشتنانە بە جۆرێك داوای ماف و دادپەروەری و ناڕەزایەتی دەربرینە لە بارودۆخی ژیان. ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە بن بڕ کردن لە لایەن کۆمەڵناسان و دەروون پزیشکان لەگەڵ ناوەندو شوێنەکانیان و پشتیوانی بەرپرسانی یاسای پشتیوانی لە بەرانبەر توندوتیژەکان و تەنانەت ئەوانەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەنوێنن هەیە. دەتوانین لە سیستمی فەرهەنگی و ماریفەتی نەریتیی ناڕازییی بین. دەتوانین لە کۆمەڵگەی پیاوسالارو یاسا جیاوازیدانەرەکانی نارازی بین. دەتوانین چاو بە یاسای پڕ لە جیاوازی دابخشێنینەوە و بیگۆڕین. دەتوانین پێکەوە هاواری دەردێکی هاوبەش بکەین و رەخنە لە نابەرانبەری و هەڵاواردنی جینسییەتی بگردرێ. بەڵام بە لەبەرچاو نەگرتنی داواکانی ژنان و کە ناڕەزایەتییەکانین نیوەی کۆمەڵن، ناتوانین ئەو کێشە کۆمەڵایەتیە چارەسەر بکەین.

دیمانە: ژنان

# ژنانی نێو کۆڕی خەبات

مێژووی بزووتنەوە خوێناوییەکانی نەتەوەی کورد ئەگەرچی زیاتر ڕەنگێکی خەستی پیاوانەی بەسەر دا زاڵ بووە بەڵام لەو کەش و هەوایەش دا شوێن پەنجەی گەلێك ژنی بە جەرگ و ماندوویی نەناس بە لاپەڕە سوورەکانی شۆڕشەوە دیارە بۆیە گۆڤاری ژنان بە ئەرکی خۆی دەزانێ نەهێڵێ نەخشی ئەوان لە تەپوتۆز و مژی ئەو هێژمۆنیە پیاوانەیەدا ون بێ. گۆڤاری ژنان بەو مەبەستە لە هەر ژمارەیەکی دا کۆمەڵێك پرسیار لەگەڵ ژنانی شۆڕشگێڕی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دێنێتە گۆڕێ.



پ: سەیزادە خانم تۆ لە یەکەم ساڵەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە شان بە شانی هاوسەری کۆچکردووت کاك سەید سەلام، لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بووی. تکایە باسی سەرەتاکانی ئاشنابوونت لەگەڵ حیزب دا بکە؟

چۆن و لە چ ڕێگەیەکەوە؟ یەکەم هەنگاوەکانت؟ روانگەت؟

و: وێڕای سڵاو و ماندوونەبوونی هیوادارم کە لە کارەکانتان دا سەرکەوتوو بن.

پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم کە ئەو وتووێژەتان لەگەڵ پێك هێنام.

سەرەتای ئاشنابوونی من لەگەڵ حیزب ئەو کاتە بوو کە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٨ دا هاوسەرەکەم بە شێوەی رەسمی پەیوەندی بە حیزبەوە گرت و کاری حیزبی دەکرد و هەر بەو هۆیەشەوە زۆر لە هاوڕێیانی حیزبی ئەو کات هاتوچۆیماڵیان دەکردین و کۆبوونەوەی حیزبیان دەگرت.

پ: ژیانی ئێوە وەك هاوسەری ئەندامێکی حیزبی دێموکرات، بێ گومان لە چاو ژیانی خەڵکی ئاسایی نێو شارو گوندەکانی کوردستان سەختترو دژوارتر بووە، قەت وا هەبووە لەو هەڵبژاردنەت پەشیمان بووبیتەوە؟

و: بێگومان ژیانێکی سەخت و دژوارمان تێپەڕاندوە بەڵام قەت ئەو دژوارییانە کاریان نەکردۆتە سەر هەست و سۆزم بەرانبەر هاوسەرەکەم و قەت هەستم بە پەشیمانی نەکردوە چونکە دەمزانی کە ئەو ڕێگایەی کە هەڵیبژاردوە ڕێگای رزگاریی کوردستانەو ڕێگایەکی بەرحەقە.

پ: هەڵبژاردنی ژیان لە ڕێبازی دێموکرات دا چی پێ بەخشیوی؟

و: ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕێبازی کوردایەتی گەلێك شتی گرینگی فێر کردووم وەك خۆشەویستی خاك و نیشتمان، ئاشنابوون لەگەڵ کۆمەڵێك ئینسانی تێکۆشەر و گیان بەختکەر، فێری کردم کە خۆڕاگر بم لە بەرانبەر تەنگ و چەلەمەکانی ژیان.

پ: تۆ وەك ژنێکی بە ئەزموون، پێت وایە ژن لە شۆڕش دا دەتوانێ چ دەورێکی هەبێ؟

و: دیارە ژنان دەورێکی سەرەکییان هەبووە لە شۆڕش دا، هەر چەند لە کاروباری نیزامی دا کەمتر بەشداریان کردوە بەڵام لە کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دا نەخشی بەرچاویان هەبووە، هەروەها پاڵپشتێکی بە هێزی هاوسەرەکانیان بوون لە درێژەدان بە خەبات و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیان.

٥ـ زۆر کەس پێیان وایە لە حیزبی دێموکرات دا مەیدان بە ژن نەدراوە خۆی دەربخا، نەزەری بەڕێزت چیە؟

: لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ژنان بە شێوەی بەرچاو کار دەکەن و هەر کەس بە پێی تواناو لیاقەتی خۆی کاری پێ ئەسپێردراوە.

حیزبی دێموکرات قەت ڕێگر نەبووە لە بەردەم ژنان، بە رای من پێویستە ژن خۆی هەوڵ بدا بۆ ئەوەی بتوانێ جێی خۆی لە ناو ریزەکانی خەبات دا بکاتەوە.

پ: ژنانی کورد بە گشتی لە بەرامبەر نیشتمان و نەتەوەکەیان دا چ ئەرکێکیان لە سەر شانە؟

و: پێویستە ژنان بە هەموو توانایانەوە هاوکاری بزووتنەوەکەیان بکەن و شانبەشانی پیاوان لە خەبات دا بەشداری بکەن.

# هیپاتیا بە هەڵکەوتووترین ژنی پسپۆڕی بیرکاری ناو دەبردرێ

وەرگێڕانی: دایکی یەسنا



هیپاتیا ئەسکەندەرانی ژنێکی یۆنانییە کە وەک یەکەمین ژنی هەڵکەوتووی پسپۆڕی بیرکاری دەناسرێ.

ئەو لە زانکۆی ئەسکەندەرییە مامۆستای فەلسەفە بوو کە لە زانستی ئەستێرەناسی دا شارەزایی هەبوو، لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕۆم بە سەر میسردا لە ئەسکەندەرییە دەژیاو دواتر لە لایەن مەسیحییەکانەوەو بە هاندانی کلیسە بە تاوانی جادووگەری کوژرا.

باوکی هیپاتیا "تیۆن" لە پسپۆڕانی بەناوبانگی بیرکاری و مامۆستای زانکۆی ئەسکەندەرییە بوو. هیپاتیا لە ژێر چاودێری باوکی دا بیرکاری و فەلسەفەی خوێندو شارەزایی وەدەست هێنا. تیۆن بە فێرکردنی هەمە لایەنەی ئەو گرینگی و بایەخێکی تەواوی داو هەردەم بەم جۆرە بوو کە هیپاتیا هونەری ئاخافتن (لەبەر چاوی جەماوەر) فێر بوو، ئەو هەروەها فێری وەرزش گەلێکی وەک ئەسب سواری و مەلەکردن بوو. تیۆن تەواوی سیستەمە مەزهەبییەکانی ئەو سەردەمەی بەو ناساندو هەروەها ئەوی فێری بیرکردنەوەو دووری کردن لە دەمارگرژی کرد. بەشی سەرەکیی ڕاهێنانەکانی ئەو بریتییە لە سەفەرەکانی، بە چەشنێک کە هێندێک کەس لە سەر ئەو بروایەن کە ئەو زیاتر لە دە ساڵ لە تەمەنی لە سەفەر دا بووە. ئەو سەفەرێکی کورتی بۆ "ئاتێن" کردو لەوێ وەک قوتابی خەریکی وانە خوێندن بوو. لە گەڕانەوەدا پاش ئەو ماوەیە ئەویان بۆ دەرس گووتنەوە وەک مامۆستا لە زانکۆی ئەسکەندەریە لە بەشی فەلسەفەو بیرکاری دا بانگهێشت کرد، ئەو تا کۆتایی ژیانی لەو زانکۆیە وەک مامۆستا دەرسی گووتەوە. بە هۆی زاڵبوونی لە سەر زانستەکانی سەردەمی خۆی داو هەروەها قسەکردنی بە چەشنێکی بێ هاوتا وەک مامۆستایەکی خۆشەویست ناسرابوو. کەسانێکی زۆر لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە بۆ بەشداریکردن لە ڕاهێنانەکانی ئەودا هاتنە ئەسکەندەریەو زۆربەی خەڵک بۆ بیستنی قسەکانی ئەو کۆدەبوونەوە. "سوقرات"ی مێژوونووس دەنووسێ: ئەو مامۆستایەکی خۆشەویست بوو، ماڵەکەی ئەو وەک ژووری کۆنفرانس وابوو کە زیرەکترین و چالاکترین قوتابییەکان هاتوچۆیان دەکرد. سەرەڕای ئەو هەموو پێشنیارەی کە لە لایەن شارەزاکان و فەیلەسوفەکانەوە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی پێی کرابوو، هیچ کات زەماوەندی نەکرد. هیپاتیا گەلێک زۆری لە بواری بیرکاری دا نووسیوە کە زۆربەیان لە کاتی هێرشی جەماوەر بۆ سەر پەرەستشگای "سراپیسی" ئەسکەندەرییە لە بەین چوون.

ئەو داهێنەری ئامێری هەڵسەنگاندنی خەستییە کە بۆ پێوانەکردنی ڕێژەی خەستی ئەو ماددانە کە تێکەڵ بە ماددە شلەکان کراون کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هیپاتیا پەیڕەوی لە "ئەفلاتوون" دەکردو بەرهەمەکانی "ئەرەستووش"ی شرۆڤە دەکرد. ئەو بانگەشەی بۆ بیروڕای نوێی "ئەفلاتوون" دەکرد.

لە یەکێک لە نووسراوەکانی ئەودا هاتوە: "ئەفسانەکان و چیرۆکە خەیاڵییەکان دەبێ وەک ئەفسانەو ئوستوورەکانیش تەنیا وەک ئوستوورە فێر بکردرێن. فێرکردنی بابەتە خەیاڵییەکان وەک حەقیقەت و راستی جێگای مەترسییە. زەینی منداڵ وەریان دەگرێ و بروایان پێ دێنێ و دواتر پاش گەورەبوونی زۆر بە ئەستەم و دژواری دەتوانێ ئەو بیرو خەیاڵانە فرێ بدا. لە راستی دا مرۆڤەکان هەروەک چۆن بۆ هێنانە گۆڕێی راستی تێ دەکۆشن دەبێ لەگەڵ خورافەش بەشەڕ بێن و هەوڵ بدەن بۆ لەناو بردنی. بەو هۆیە کە ئەو چەشنە بیرکردنەوانە زۆر ئازارهێنەرەو هەوڵ بۆ وەدرۆ خستەوەشیان ئەستەمە".

هیپاتیا یەکەمین کەس بوو کە بیری لە ئامێرێک بۆ دەریاوانی کردەوە. "ئەسترلاب" ئەو ئامێرە بوو کە ئەو دای هێناو تا سەدەی هەژدەهەم لە لایەن دەریاوانانەوە کەڵکی لێ وەرگیرا. لەو سەردەمەی کە ئەو دەژیا ئەسکەندەرییە لە بنکە گرینگەکانی مەسیحییەت بوو، هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی دیکە زۆر بە توندی سەرکوت دەکرا. ئەو زانستانەی کە هیپاتیا سەرقاڵیان بوو لە روانگەی مامۆستایانی ئایینی ئەو سەردەمەدا بۆ جەماوەر وەک ژەهر دەژمێردراو ولە سەر ئەو بروایە بوون کە دەبێتە هۆی بەلاڕێ دا بردنی خەڵکی و هەروەها قەبووڵیشیان نەبوو کە ژنێک سەرقاڵی زانستی فەلسەفەو بیرکاری بێ. هیپاتیا لە لایەن "سیریل" ئۆسقوفی شاری ئەسکەندەرییەوە تاوانی جادووگەری و پیلان گێڕی دژی مەسیحییەتی درایە پاڵ. لە یەکێک لە رۆژەکانی مانگی مارسی ساڵی ٤١٥ی زایینی دا کاتێک کە ئەو لە پەرتووکخانەی ئەسکەندەرییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە هێرشیان کردە سەری و بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتیان و دواتریش تەرمەکەیان سووتاند.

دەسەڵات و هێزی کلێسە بوو بە لەمپەرێک لە بەرانبەر دۆزینەوەو سزای بکوژانی هیپاتیادا.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک لە لایەن کلێسەوە وەک ژنێکی داوێن پاک ناسرا.

# خۆکوژیی ژنان

# رازی گرتنەبەری ئەو هەڵوێستە

ن: شەهلا مورتەزازادە



خۆکوژی یەکێك لەو کێشە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دا زیاد بووەو بەرز بوونەوەی رێژەی ئەم قەیرانە لە لای چین و توێژە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان نیگەرانییەکی زۆری بۆ کۆمەڵگای ئێستا پێك هێناوە. ئاماری خۆکوژی لە کوردستان سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە لە نێو ژنان دا بۆتە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و ئەگەر رێگاچارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە، کارییە خراپەکانی هەناوی کۆمەڵگاکەشمان دەگرێتەوە.

ئاخۆ بۆچی کەسێك بەو هەموو پێداگری و هۆگرییەی بە ژیان، خۆی بە مەرگ دەسپێرێ و حازرە دەست لە گیانی هەڵ گرێ؟

خۆکوژی بە مانای وازهێنان و پشتکردن لە بوون و ژیان، دوا کردەوەو هەڵوێستی مرۆڤە لە هەمبەر ژیانی تاکە کەسیی خۆی دا. بڕیاری خۆکوشتن بە هەر هۆو پاڵنەرێك، دەرئەنجامی نەخشەو پلان و بیرکردنەوەی دوورودرێژ بێ یان هەڵچوون و دەمار گرژییەکی ئان و ساتی بڕیاری هەڵبژاردنی مەرگە، وەك هەڵبژاردنێکی تاکەکەسی لە هەمبەر ئیمکانی ژیان و مانەوەدا. حاشا لەو راستییە ناکرێ کە زۆربەی هەرە زۆری هۆکارەکانی خۆکوشتن تەنانەت هۆکارە دەروونییەکانی کەسی خۆکوژیش راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵ و ژیان لە ناو کۆمەڵگادا سەرچاوە دەگرن هیچ کەسێکی خۆکوژ تەنیا لە پێناوی مردن دا خۆی ناکوژێ، بەڵکوو ئەو خۆی دەکوژێ چونکە حەز ناکا بژی، کەواتە بۆ خوێندنەوەی بابەتێکی وەك خۆکوژی بە تایبەت لە نێو ژنان دا پێویستە ئاوڕی جیددی لە کۆمەڵگاو ئەو مەیدان و پانتاییە سیاسی و ئابووری و فکری و کولتوورییانە بدەینەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی لەوان وا شکڵ و مانا وەردەگرێ.

خۆکوشتن وەکوو دیاردەیەك لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا خۆی نواندوەو رەنگە لە داهاتووش دا هەر ببێ، لە کوردستانیش وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە خۆکوژی هەیە، بەڵام هەروەك گوتمان رێژەی ئەم دیاردەیە لە کوردستان دا زۆرەو جێگای سەرنجە.

تاکەکان بۆ خۆکوشتن هەندێ هۆکاریی جیاوازیان هەیە:

نالەباربوونی هەلومەرجی ژیان لە نێو بنەماڵەکان داو سنووردارکردنی لە رادەبەدەری ژنان و زۆر شتی دیکە بۆتە پەنا بردن ژنان بۆ خۆکوشتن. بەداخەوە زۆریان بە هۆی کاریگەری برینەکانیان گیانیان لەدەست دەدەن و بنەماڵەکەشیان لە بواری دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە تووشی گەلێك کێشە دەبنەوە.

خۆسووتاندن یەکێك لە رێگاکانی خۆکوژیی ژنانی کوردەو ئەم کردەوەیە زیاتر لە نێو چینە خەسار هەڵگرەکان و بێ سەرپەشتەکان و ئەو بنەماڵانەی کە بیرۆکەی سوننەتی و داخراویان تێدا زاڵە دەبیندرێ.

خۆکوژی بە هەر هۆیەك بە پاڵنەرێکی شەخسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی و ئایدۆلۆژیکیش بێ وەك جۆرێکی زەق و راچڵەکێنەری توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر بە خۆی لەگەڵ ئەو پەڕی بێزاری و ناڕەزامەندی گشتی لە کۆمەڵگادا رووبەڕوو دەبێتەوە. راستە کە ئەم بێزاری و ناڕازییە گشتییە گەلێك جار لەگەڵ هەندێك هەستی جیاوازی وەك بەزەیی پێداهاتنەوە، خۆ بە تاوانبار زانین و تەنانەت بۆ ئەو نموونانە کە پاڵنەری سیاسی و ئایدۆلۆژیکیان هەیە، ستایشکردنی ئازایەتی کەسە خۆکوژەکەش ئاوێتە دەبێ. بەڵام ئەو هەستە جیاوازو دژ بە یەکانەش ئەوەندە کە پەیوەندییان بە کەسی خۆکوژ، هەلومەرج و پاڵنەرە

سەرەکییەکانی خۆکوژییەوە هەیە، ئەوەندەش بۆ خاوەن هەستەکە شعووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و هەروەها بیرو بۆچوونی چەمکگەلێکی فەلسەفی وەک: مان و نەمان، ژیان و مەرگ و ... دەگەڕێتەوە. لە هەر حاڵ داو وێڕای هەموو ئەم هەستە جیاوازانە، کە زیاتر هەستی شەخسین، تا ئێستا رای سەرەکی و گشتی کۆمەڵ بۆ کردەوەی خۆکوژی و کەسی خۆکوژ هەمان بێزاری و ناڕەزایەتییە. بێزاری و ناڕەزامەندییەک کە لە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەی بێ هەڵوێستی گشتی و هەوڵ بۆ شاردنەوەو فەرامۆش کردنی دەر دەکەوێ.

بە ورد بوونەوەیەکی خێرا بە سەر میدیاو رۆژنامەکانی کوردستان دا بێدەنگیی ئەوان لە ئاست ئەم دیاردەیە و نەبوونی هیچ راپۆرت و لێدوان و خوێندنەویەک لەو پێوەندییەدا هەست پێ دەکرێ. بێ تەفاوەتی لە ئاست دیاردەی خۆکوژی ئەوە دەگەیەنێ کە خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا رووداني مەرگێکە وەک هەموو مردنەکانی تر. کەواتە وەک مردنێکی سروشتی و ئاسایی و بێ هیچ تایبەتمەندی و بێ هیچ پەیام و مانایەک سەیر دەکرێ. بێدەنگی کۆمەڵگا لە ئاست ئەم دیاردەیە، نەک هەر نیشانەی دەستەوەستانی لە بەرامبەر کردەوەو هەڵوێستی دژە کۆمەڵایەتییە، بەڵکوو نیشانەی دەستەوەستانییە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن لە ماناو پەیامەکانی ئەم کردەوەیەو نیشانەی دەستەوەستانیشە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەیە، کە تاکەکان ناچار بن لە دەرەوەی بازنەی بوون و ژیان بە شوێن ئەلتەرناتیڤی ئەو سیستەمەدا بگەڕێن.

رەنگە بە سەرنجدان بەم راستییانە بتوانین پەردە لە سەر هێندێک لە هۆکارەکانی بێدەنگیی کۆمەڵگا بەرامبەر بە خۆکوژی، وەک دیاردەیەک کە تایبەت بە مرۆڤی هاوچەرخەو جیاوازە لە جۆرەکانی تری توندوتیژی مرۆڤ، هەڵ بدەینەوە.

خۆکوژی لە کوردستان تایبەت بە ژنان نیەو پیاوانی کوردیش دەگرێتەوە، بەڵام رادەی خۆکوژیی ژنان زۆرترە، هەر رۆژە هەواڵی خۆسووتاندن یان خۆخنکاندنی ژنێک یان کچێکی کورد دەبیسین یان دەبینین.

لە کوردستان دا خۆسووتاندن بۆتە رووداوێکی ئاسایی و "بەنزین" و "ئاگر" بوونەتە رێگاچارەی ژنانی ناڕازیی کورد لەو دۆخەی کە تێی دان.

لێدوان لە بارودۆخ و پلەو پایەی ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا پێویستی بە گەلێک لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنەو تێرو تەسەلی مەیدانی هەیە. وەک نیوەی کۆمەڵ، دوو کێشەی سەرەکی‌یە. ئەم دوو کێشەیە لە دوو جۆرە زوڵم و بێدادی هاوتەریب و هاوکاتەوە سەرچاوە دەگرێ: یەکەمیان زوڵم و بێدادیکی گشتییە کە بە کۆی مرۆڤی بندەست و بێدەسەڵاتی کۆمەڵگا رەوا دەبینردرێ، و زۆرینەی هەرە زۆری جەماوەر، بە ژن و پیاوو پیرو منداڵەوە دەگرێتەوە. دووهەمیان زوڵم و بێدادییەک کە ژنی کورد بە هۆی ژن بوونییەوە بە سەری دا دەسەپێ. ئەم ناعەداڵەتیە دێرین و مێژووییە چەسپاوو جێگیرە، تا ئەو کاتە کە لە لایەن خودی ژنانەوە هەستی پێ نەکراوە هیچ کێشەیەکی جیدی دروست ناکا. کێشەی ژن چ وەک کێشەیەکی تاکەکەسی و چ وەک کێشەیەکی گشتی و کۆمەڵایەتی، ئەو کاتە سەر هەڵ دەدا کە ژن هەست بە بوونی خۆی و تواناکانی و مافە لێ زەوت کراوەکانی دەکا.

ئەم تێگەیشتنە زۆر جار لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردەواری بە باری نائومێدییەکی ئەوتۆ دەشکێتەوە کە کارەساتی وەک دابڕانی یەکجاری لە ژیان و خۆکوژی لێ بکەوێتەوە ئەگەر بە شێوەی بنەڕەتی گرفت و مەسەلەکانی ژنان لە کۆمەڵگادا بخەینە ژێر لێ وردبوونەوەی خۆمان و ژنانیش هەست بکەن و بزانن کە بۆ بوون و ژیانی ئەوان وەک مرۆڤێک لە کۆمەڵگادا مافی تایبەتی لەبەرچاو گیراوە. چی دیکە ژنانی کورد بۆ رزگاربوون لە گرفتەکانیان هەوڵی خۆکوژی نادەن.

ئایا دەتوانین ئەمە وەک رێگاچارەیەک و شێوەیەکی پێشگیری لە خۆکوژی دیاری بکەین؟

ئێستاش دەسەڵاتی پیاوسالاری بە سەر بنەماڵەی کوردیدا زاڵەو هەر پیاوە کە ئەوەڵین و دوایین قسە دەکا، ئەمە ژنان تووشی جۆرێک ترس و دواتریش بێ هیوایی لە ژیان دەکاو مەیلی درێژەدان بە ژیانیان نامێنێ.

لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا گوشارەکانی کەش و هەوای بنەماڵەو کۆمەڵگا بۆ سەر ژنان، جێگیرنەبوونی کولتووری گفتوگۆ و گوێ نەدان بە کەسانی دیکە، هۆکاری هاتنە پێشی گرفتە دەروونییەکانی ژنانەو لە ئاکام دا رادەی خۆکوژیی ژنانی لێ دەکەوێتەوە. لە کوردستان رووح و ویژدانی گشتی بە سەر تاکەکەس دا زاڵە، بە واتایەکی دیکە بە هۆی دەسەڵاتی بنەماڵەو پێوەرو پرەنسیپە گشتییەکان، ئازادی و دەسەڵاتی تاکەکەس کەم دەبێتەوە یان بە واتایەکی ساکار: تاکەکەس دیلی چوارچێوەی فەرهەنگی گشتی دەبێ. ژنی کورد ئەگەر قسەیەکی بێتەوە سەر هەتاهەتایە دەبێ بە شەرمەزاری بژی و بە کەمی و سووکی چاوی لێ دەکرێ. ئەمەش یاسایەکە ژیان تێک دەدا. کچانی کورد وەکوو هەموو کچانی دونیایە دەیانهەوێ بە دڵی خۆیان زەماوەند بکەن. بەڵام لە لایەک مەسەلەی "ژن بە ژن"، بوونی نەریتی خزمایەتی، هەر بە منداڵی مارە برین و بە زۆر بە مێرد دانی کچ و لە لایەکی دیکەش دەست تەنگی و هەژاریی بنەماڵەو کەم داهاتی خێزانی کورد رێگرن لەبەردەم وەدیهاتنی ئاواتی کچان و ژنان. توێژی نوێی کچ و کوڕی کورد کەتوونەتە قۆناغێکی نوێی ژیان.

لە لایەکی دیکە زاڵبوونی ئیشتیاو سەلیقەو قسەو باسی خەڵک بە سەر تاکە کەسدا، ئەوەش دەردەخا کە ژنی کورد لە راستی دا بۆ خۆی نازی بەڵکوو بۆ خەڵک خۆی دەژی. ژن و کچی کورد لە بەندیخانەو چوارچێوەی مێشک و فکری پیاوو مێردی دیل و بەخسیرەو هەروەها هیچ چەشنە دەزگاو میکانیزمێکیش بۆ وەدیهێنانی داواو مافەکان و سەلیقەو ویستی ژنی کورد لە ئارادا نیە. مرۆڤیش تەنیا لەگەڵ دابینبوونی پێداویستی و نیازەکانی خۆی دەتوانێ درێژە بە ژیان بدا. ئاساییە ئەگەر ئەم رەوتە سروشتییە بەرێوە نەچێ، سەرهەڵدان و دابڕان بۆ ژنی کورد بێتە پێش و دیاردەیەکی وەک خۆکوژی پەرە بگرێ.

خەسار ناسیی زانستیی خۆکوژی گرینگترین قۆناغی لێکۆڵینەوەیە، بۆیە بڕیارێکی توندو راستەوخۆ سەبارەت بە دیاردەیەکی ئاوا هەڵوێستێکی نازانستییە. بۆ کوردستانیش دەتوانین بڵێین کە بارودۆخی زاڵ بە سەر کوردستان دا لە خولقاندنی دیاردەیەکی وادا تاوانەو حکوومەتەکانی دژ بە کورد دەستێکی باڵایان هەبووە. لەگەڵ ئەوەش دا لە نێوان باب و کچ و ژن و پیاوی کورددا کەلێنێکی زۆر دڵتەزێن بە نێوی "نامۆیی" لە ئارا دایە.

ژن و پیاوی کورد بەتایبەتی لەگەڵ دونیای فکری کچانی لاوی نێو ماڵەکانیان ئاشنا بن و هەست بە بیرو ئەندێشەو نیازی ژنی کورد هەست پێ بکەین و لە ناسینی زیاتری دونیای ژن پێش لە خولقاندنی رووداوی دڵتەزێنی دیکە بگرن. پێویستە بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی بوختان و قسەی ناڕەواو ناحەز هەوڵ بدرێ، هەروەها ئاوەڵەترو دڵۆڤانەتر بڕواننە ژنی کورد، بۆ ئەوەش دەبێ حیزب و رێکخراوە یەکسانیخوازەکان و مرۆڤە دیموکرات و رووناکبیرەکان وەخۆ کەون و بۆ پێشاندانی رێگای راست و هەڵە لە نێو کۆمەڵگایی کوردەواری دا قۆڵ هەڵماڵن.

بە هیوای ئەو رۆژە کە چی دیکە شایەدی خۆکوژی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری دا بە تایبەتی لە نێو ژنان دا نەبین.


شێعر و
پیرۆلە

# پێڵاوەكانی بوودا

ڕەنگی نەرمی دەنگی بۆ تاوێك سڕم دەكا. چاوەكانی لەگەڵ جووڵەی قەڵەمەكەی دەگێڕێ.

خشەیەكی تەنك لە بێ دەنگی. دڵۆپە بارانەكان پرچی تەڕ دەكەن. لە نێوانمان دا بارانێكی نەرم دەبارێ.

لە سەرەتای ڕێگە قیرەكەی گردەكەم جادەكە تەڕو چۆڵە. مارێكەو بە گردەكەدا هەڵ كشاوە. (ویل چێرەكەم) جار جار لە سەر تەرایەكەی جادە دەخزێ. چوونە سەرێ قورستر.

پەرەستگای مەڕمەڕینی سەر گردەكە باران دەی شواتەوە. سەیارەیەك نەرم لە پشت منەوە دێتە سەرێ. لە تەنیشتم هۆرنێك لێ دەدا. سەر هەڵ دێنم. مێرسێدێس بێنزێكی ڕەشەو كچ و كوڕێكی تێدایە. چاویان لێ دەكەم. هەست دەكەم برێك لە خێرایەكەی كەم دەكاتەوە. پاشان بە پرتاو لە گردەكە وەسەر دەكەوێ و لە سووڕانەوەیەكی گردەكەدا لێم ون دەبێ.

خۆر لە پشت هەورەكانەوە وەدیار كەوتوەو تاوو باران و هەڵمی ئەرزی تەڕ، دەوریان تەنیووم. پرچم بە تەواوی خووساوە. وردەوردە خەریكە لە چوونە سەرێ ماندوو دەبم. چاوەكانی دەبریسكێنەوەو دەڵێ بۆ كوێ دەچێ؟

دەڵێم: دێ بۆ لای تۆ.

بزەیەك دەكاو هەڵ دەستێ و دەست دەداتە ئیستكانە بەتاڵەكەی چایەكەم و دەڵێ: بێ تام.

كورسیەكەی دەكشێنێتەوە پشتەوەو دەڵێ: هیچت پێویست نیە بۆت بێنم؟

سەیری پرچە ڕەشە قەترانییەكەی دەكەم و چاوێكی لێ دادەگرم.

ـ ماچێكم دەیە جا برۆ.

خۆر تەواو وەدیار كەوتووەو بارانیش خۆشی كردۆتەوە. سەیارە ڕەشەكە پاش ماوەیەكی درێژ دیسان گەڕاوەو بە تەنیشتم دا تێپەڕی.

كچ و كوڕەكە دەمیان لە دەمی یەكتر نابوو، یان لەوانەیە من وام دیتبێ. دەبێ زووتر وەسەر كەوم. ژووری مەڕمەڕین، لەبەر تاوەكە دەبریسكێتەوە. دەم دەخەمە سەر دەمی، ساردی لێوەكانی موچوڕكێكی سپیم پێدا دێنێ. هەست دەكەم پێیەكانم وزەیەكی تۆفانی دای گرتوون و دەتوانن جەستەی شەكەتی منی پیرەپیاو دووبارە قبوول بكەنەوە. بەلام هەر لە یەكەم جووڵەم دا بێ تواناییم دڵم پڕ لە نەتوانین دەكا.

دادێمەوە دەستی ماچ دەكەم. ئەو هەروا چاوی لە دوورە دەستەكانی ولاتی زەردە. چاوەكانم لە سەر خاڵی تەوێڵی دەخلیسكێتە خوارێ و لە سەر گوارەی گوێچكەی دەگیرسێتەوە. هۆ خالقی ئەرزو ئاسمان دەتاوێ چاو لە چاوم كە، لە پڕ گەنجم كەوە با بە سەر گاشە بەردەكانی دۆڵی سوبحان دا بە هەڵاتن و بە سەما بەرەو جوانییەكانی ئافرێنراوت باوەش بگرمەوە.

قەڵەمەكە دادەنێم. وێنەكەی لە سەر مێزەكە بەرامبەرمە. دەڵێم: بڵێی ئێستا چی بكا؟

گوتی: بابە وەڕەزم لەو ولاتەی كە نهێنی ژیان لەودا پڕووكانە.

گوتم: تاراوگە نشینیش ئاسان نیە.

لە سەر ماتۆڕێكی سەر بەفری دانیشتوەو پالتۆیەكی زەردی لەبەر دایەو كلاوێكی ڕەش و عەینەكێكی ئەستووریش لە سەر كلاوەكەیەتی و دەوران دەوری لە بەر بەفر سپی دەچێتەوە. دەستەوانەیەكی لە دەستی چەپی دایەو تای دەستەوانەی دەستی ڕاستی دەرهێناوەو بە دەستە ڕووتەكەی بەرەو كامێراكە بای بای دەكاو من دڵنیام لەو كاتەدا ئەو وێنەیەی بە نییەتی ناردنەوە بۆ من گرتوە.

سەیارە ڕەشەكە پاشەو پاش كشاوەو لەبەردەمم ڕای گرت. شۆفێرەكە شووشەی لای كچەكەی داداوەو گوتی: مامە بۆ كوێ دەچی بتگەیەنین. چاوێك لە كچەكە دەكەم، پالتۆیەكی زەردی لەبەر دایەو كلاوێكی ڕەش و عەینەكێكی ئەستووریش لە سەر كلاوەكەیەتی.

بزەیەك دەگرێ و دەڵێم: سوپاس ماڵم هەر لە خوارەوەی گردەكەیە. ڕاهاتووم ئێواران بێمە ئەو پەرەستگایە.

كوڕەكە دەڵێ: تەڕبووی سەرمات دەبێ.

بە گاڵتە دەڵێم: بۆ پێت وایە پیرم كوڕە، ئێستاش بە دووانی وەك تۆ پێم ناوەستن.

هەردووكیان پێ دەكەنن و بە دەست بای بایم لێ دەكەن و شووشەكە هەڵ دەدەنەوەو دەڕۆن.

ئەسرینێك مژۆڵی تەڕ دەكا. بڕۆن، بڕۆن، خۆش بن، خۆش بن.

ماسیگرە سپیەكانی قەراغ دەریا تا ئەو دوورانەش هاتوون و بە سەر سەریەوە قاوقیژیانە.

بۆنی دەریاو ئاوو لم و سەوزاییەكانی دەروبەری شاگەشكەی دەكا.

ن: خەبات ڕەسوولی



# دوور

فەوزییە سوڵتان بەگی

لە پاییزی ئەم شەوە تاریکەدا
پەرپوەی وڵاتی سەرگەردانیە
خاتوونی ڕۆحم
لێڵ و تەنیا
ئەرۆم و
بە دەم وێڵیی ئەم ڕێگەوە
تەلا .... گەڵاڵە حەسرەت
دەبارێتە داوێنی ژینم
ـ بۆ کوێم دەبات ئەم شەقامە نامۆیە؟
من قەرەچم!
لە وڵاتی بەخشەندەی ئەویندا نەبێ
بەر ناگرێ باخی دڵم
لە پێناو ئێوارە سڵاوی ڕێبوارە بەفراوییەکان دا ونم کرد
هەموو ئەو شەوانەی یادەکانی دایکمیان تێدا نووسرابوو
تاوانی من
داگیرساندنی گڵۆپێك بوو
بە داوێنی ڕەشی ئاسمانەوە
ئیتر باری ... باری
لافاوی ئەستێرە هات!
چووزانم ئاوا باڵداری حەزم دەتاسێنێ
پرچی شۆڕی ئەم بارانە
لە پێناو ڕەهایی وشە دیلەکان دا
چاوم بەخشی بە شەقامە کۆتاییەکانی ئینتزار
دڵیشم
بە بێ دڵترین ئاوێنەی ژوورەکەم
ئەی شەپۆلە مێهرەبانەکەی
گەردەلوولی ژینم
بمبە بۆ دوور
بمنێژە لە ژێر
سێبەری سووری مێلاقەیەك





# ژنەکەم لا گەورەیە

قادر بەشدار

چاك بزانە هۆ ژنەکەم
ئەگەر جارێ ئازارت دەم
زویری تۆ شوژنا زۆیە
ئەو دڵەی خۆم کون کون ئەکەم
ئەتۆ گەورەی وەك نیشتمان
سێبەری چێتری بۆ ژیان
درەختی میوەی وەجاخی
سبەی ئەبیە دایکی چەندان
جێی خۆیەتی هەموو ڕۆژێ
هەر وەکوو چۆن گزنگ هەڵدێ
ماچ بارانی دۆنت بکەم
تاکوو تەمەن کۆتایی دێ
لە ڕێی گەورەییت ژنەکەم
بازنەی عیشقم فراوان ئەکەم
ئەتۆم نەبێ چۆن دەتوانم
کۆڕپە بۆ دوارۆژ گەورە کەم
هۆ ژنەکەم، ئەی گەورەکەم
بێ تۆ بە خوا قەت گۆ ناکەم
چونکە دڵنیام دوای مردن
هەر تۆی ئەناسی گۆڕەکەم



# دەرسێك لە دەرسەکانی ژیان

ئامادەکردنی: دایکی ترێ



هەمیشە لە سەر ئەو باوەڕە بووم کە خاڵە ئەخلاقی و ئامۆژگارییەکان لە شێوەی لێکچوواندن دا زیاتر هەست پێ دەکرێ و دەتوانرێ بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکان دا یارمەتیدرەمان بێ. جا بۆیە لێرەدا دەمهەوێ نووسەرێکی هیندیتان پێ بناسێنم، کە چیرۆکەکان و نووسراوەکانی گەلێك شیرین و زانیاری بەخشن. هەر بۆیە کاتێك ئەو چیرۆکەم لێ خوێندەوە زۆرم کەڵك لێ وەرگرت، بۆیە بە پێویستم زانی کە بۆتانی بگێڕمەوە.

شیوانا لەگەڵ کۆمەڵێك لە قوتابییەکانی، سەر لە بەیانی رۆژێك لە رۆژەکانی خوای گەورە بڕیاریان دا بچنە پەرەستگەیەك کە لەوبەری شاخەکە بوو. دوای کاتژمێرێك رێگەپێوان تووشی کۆمەڵێك کوڕو کچی گەنج هاتن کە لە قەراخ شەقامەکە دانیشتبوون. ئەو کوڕو کچە گەنجانە کاتێك چاویان بە گرووپەکەی شیوانا کەوت، دەستیان کرد بە گاڵتە کردن بە گرووپەکەی شیواناو بۆ هەر یەکێك لە گرووپەکەی ناوێکی ئاژەڵیان دیاری کرد بۆ نموونە دەیانگوت فلان قوتابی لە فلان ئاژەڵ دەچێ و بە دەنگێکی زۆر بەرز پەیتا پەیتا ئەو ناوەیان دووپات دەکردەوە. بەڵام شیوانا هیچ وەڵامێکی نەدانەوەو لەگەڵ قوتابییەکانی لە رۆیشتن بەردەوام بوون.

ئێوارێ کاتێك کە گرووپەکەی شیوانا گەیشتە ئەو بەری شاخەکەو لە پەرەستگەکە خەریکی پشوودان بوون، شیوانا پرسیاری لە قوتابییەکانی کردو داوای لێ کردن تاکو هەر کام لەوان کاریگەرترین رووداوی ئەو سەفەرەی خۆی بۆ هەموان بگێڕێتەوە. دەکرێ بڵێین هەموان گاڵتە کردنەکەی گەنجەکانیان گێڕایەوەو لە کۆتایی بیرەوەرییەکەیان دا باسیان لە کاڵی و بێ ئەزموونی ئەو کۆمەڵە گەنجە کرد.

شیوانا بزەیەکی هاتە سەر لێوەکانی و وتی: "ئێوە هەمووتان دەڵێی بڕیارتان بە یەکتر داوە کە پێکەوە بیرەوەری ئەو گەنجانە هەڵ بگرن و دەزانم هەمووشتان بە جێگەی ئەوەی چێژ لە بینینی ئەو دیمەنە جوانانە وەربگرن بەردەوام لە مێشکی خۆتان دا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە بۆچی ئەو کاتە هیچ هەڵوێستێکتان لە خۆتان نیشان نەدا. ئێوە هەمووتان ئەو گەنجانەتان بە کاڵ و بێ ئەزموون لە قەڵەم دا بەڵام بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە هەر ئەو گەنجە کاڵ و بێ ئەزموونانە ئەمڕۆکەی ئێوەیان لەکیس دا، تەنانەت ئێستاش بەشێکی گەورەی لە فکرو خەیاڵتانیان داگیر کردوە هەر بۆیە خۆتان وا گیرۆدەی ئەو فکرە کردوە کە ئامانجی سەرەکیی ئەو گەشتە مەعریفەیەتان لەبیر چۆوە.

ئێستاش بۆ ئەوەی جارێکی تر گیرۆدەی ئەو فکرە ئاڵۆزە نەبن دەبێ پێتان بڵێم کە ئەو گەنجانە لە ئێوە بەهێزتر بوون چونکە توانیویانە بەو کردەوە ناشایستانەیان بە سەر بیرو فکری ئێوەدا زاڵ بن، مادام نەتانتوانیوە بیرەوەری ئەو گەنجە نەزانانە لە خۆتان دوور کەنەوە کەواتە هیچ کات ناتوانن خاوەنی بیرێکی ئازادو سەربەخۆ بن. لە ئاکامیش دا ناتوانن خۆتان بە شایانی نووری مەعریفە بزانن. کەواتە دەبێ فێر بن کە رووداوگەلی لەو شێوەیە هەر لە کاتی روودانیان دا لە بیر بکەن. چونکە بە راستی بایەخی ئەوەیان نیە بیری خۆتانی پێوە ماندوو بکەن. ئەگەر جگە لەوە عەمەل بکەن بە تێپەڕبوونی زەمەن ئەو بیرەوەرییە تاڵانە ناهێڵن سەر هەڵێنن و هەلی روانینی جیهانتان بۆ یەك چرکەش بۆ ناهێڵێتەوە.

# گریانی دایە

هەموو ژیانت لە غوربەت دا بە سەر ی — بە داماوی بژیی لەم کەونە تا هەی
بە دەم گریانەوە را چوون دەخەو شەو — بە ترس و خۆفەوە بڕژێ لە چاو خەو
بە ناکامی بڕۆی لەم ژینە تاڵە — دەمێک بێ خەم نەبی لەم وەزع و حاڵە
لە کونجی بێکەسی دڵ پڕ کەسەر بێ — بە دایم ترسی مەرگت وا لە سەر بێ
هەموو تاڵن، بە تێکڕا بن، لە لایە — لە تاڵی ناگەنە گریانی دایە

و: فەتاح کاویان



# کە مناڵ بووم و دەگریام

دایکم دەرسی "سستی" دادام
کاتێکیش چوومە مەدرەسە
مامۆستاکەم
ئەو دەرسەی لە دایکم چاکتر
فێر کردم و ...
ئێستاش لە شەوگاری رەشی کچێنیم دا
دۆڵپایەک لە سەر شانمە
کە دێم هاوار کەم
توند توند زارم دەگرێ و
پێم دەڵێ:
سست!!

محەممەد تەرەغە



# آفتاب می شود





نگاه کن که غم درون دیده ام
چگونه قطره قطره آب می شود
چگونه سایه سیاه سرکشم
اسیر دست آفتاب می شود
نگاه کن
تمام هستیم خراب می شود
شراره ای مرا به کام می کشد
مرا به اوج می برد
مرا به دام میکشد
نگاه کن
تمام آسمان من
پر از شهاب می شود
تو آمدی ز دورها و دورها
ز سرزمین عطر ها و نورها
نشانده ای مرا کنون به زورقی
ز عاجها ز ابرها بلورها
مرا ببر امید دلنواز من
ببر به شهر شعر ها و شورها
به راه پر ستاره می کشانی ام
فراتر از ستاره می نشانی ام
نگاه کن
من از ستاره سوختم
لبالب از ستارگان تب شدم
چو ماهیان سرخ رنگ ساده دل
ستاره چین برکه های شب شدم
چه دور بود پیش از این زمین ما
به این کبود غرفه های آسمان
کنون به گوش من دوباره می رسد
صدای تو
صدای بال برفی فرشتگان
نگاه کن که من کجا رسیده ام
به کهکشان به بیکران به جاودان
کنون که آمدیم تا به اوجها
مرا بشوی با شراب موجها
مرا بپیچ در حریر بوسه ات
مرا بخواه در شبان دیر پا
مرا دگر رها مکن
مرا از این ستاره ها جدا مکن
نگاه کن که موم شب براه ما
چگونه قطره قطره آب میشود
صراحی سیاه دیدگان من
به لالای گرم تو
لبالب از شراب خواب می شود
به روی گاهواره های شعر من
نگاه کن
تو میدمی و آفتاب می شود



فروغ فرخزاد



هاتی بۆلام  دیاری دیارترین دیاری شارم بۆ بێنە
ماوەیەکە چاوم ئێشێ دەڵێن کلە ئەم بازاڕو بازار مەکە
بۆی چۆک دادە فووکە لە ئەرز نەختاڵێ تۆز لە شووشە کە
لە مێژە بە خاکی وڵات چاوم کل رێژ نەکردووە.

شێعر

لەوانەیە بتشێعرێنم شێعرێك وەك خۆم رووت رووتانە راست و ساکار
وەکوو ژیانم جیاواز و بێ چوارچێوە، شڕ و شێواو
بەڵام  نانا،! ئاخر دێڕت؟ دڵم نایە بیتە ئاکام
ناتنووسێنم ئەم شێعرەم با ناتەواو بێ

سیمین چایچی

# خاڵ

دوێ  شەوێ  بێ تۆ لە نێو ئازاری کێو تاوێنەوە
چۆمی ئەسرینم بە خـوڕ ئەڕژایە نێــــــو داوێنەوە
دوور لە تۆ ژاکاوە پـەلکی سەوزی پێنووسی بەهار
یەك بزەت بێتێ و چــرۆی عیشقی لە لێو بڕوێنەوە
چەم کە نۆتەی هاتنی پێلاوی تـۆی بەرگوێ کەوێ
قەولە سەت ماچـی شەپۆلی بداتە دەم بەستێنەوە
من لە سایەی لێوی تۆوە حـــورمەتی خاڵم دەگرت
هیـــــچ لە چـــاوی دا نیە جـــارێ وەبیـری بێنەوە
گەر لە رێی عیشقا دڵم چڕژاوە هیـــچ قەیدی نیە
جار و بار بەو وردە ماچــــە بۆمی تێ هـــەڵبێنەوە
بوونەتە حاجی خەیاڵ و هەست و بیر و عەقڵی من
چونکە شێتانە لە دەوری خاڵ و مەم دەخولێنەوە
دوێنـــێ ماچێکم لە کانیـــــی لێوەکانی تۆ دزی
حەز دەکەم لێی خۆش نەبی بە زیادەوە بیستێنەوە
سڕ بووە زمان و نیگا نامەی ئەوین دێنێ و دەبا
رازی ئـــەم عیشقە لە چیرۆکی چەمم بخـوێنەوە



ڕەسووڵ سوڵتانی

# عیشق یانی...

**ویل دۆرانت:** مرۆڤە سەرەتاییەکان لە عیشق تێنەگەیشتوون و خۆشەویستیان نەزانیوە. هەموو وشەکانی سەر زمانیان بۆ دەربڕین و قسە پێکردن لە ٨ وشە تێنەپەڕیوە. پاڵنەری ئەوان بۆ دروستکردنی خێزان و ئەوەی ئێمە بە عەشقی ناو دەبەین، نەك حەز و خۆشەویستین، بەڵکوو بۆ وەچە نانەوە بووە.

جەواهیر لەعلی نەهرۆ: خەمی عەشق گەیشت و جێی بەهەرچی خەمی دنیایە لێژ کرد

**مەنسووری حەلاج:**
لە ڕۆژی لە سێدارەدانی مەنسووری حەلاج دا سۆفیەیەك لێی پرسی کە عەشق چییە؟ حەلاج گوتی ئەوەی کە ئەمڕۆو سبەی و دووسبەی دەی بینی. ئەوڕۆژە کوشتیان، سبەینێکەی سووتاندییان و سێیەم ڕۆژ خۆڵەمێشی جەستەیان بە با کرد.

**ئەحمەدی شاملوو:**
جوانترین وتەت بڵێ
چونکی گۆرانیی ئێمە نە پڕوپووچە
چونکە پڕوپووچ نیە پەیڤی عەشق

**ئۆرلی هۆلتێن:** لەوانەیە قەت نەتوانین عیشقی خۆمان ئەو جۆرە کە هەیە بۆ خۆشەویستەکەمانی دەربڕین، بەڵام دەکرێ شێعرێك یان گۆرانییەکی لێ بهۆنینەوەو هەموو هەوڵەکانیش هەر بۆ ئەوەیە.

**جوبران خەلیل جوبران:** ئەگەر ئەمن و ئەتۆ هیچ نەگەین، ئەوا دەبینە دوو بێبایەخی لێك گرێدراو بە ڕۆح و هەناوێکی بۆش و چۆڕاوە. (بەتاڵ). ئەگەر مرۆڤەکان هەرهەموو وابزانن کە نە ڕاسپاردەن و نە نوێنەرایەتیی چ خولیایەك دەکەن، جیهان هەروا لە جێی خۆی دەبێ بەڵام هەرێمی خودا لە ناخ و دەروونی ئێمە دایە. هەربۆیەش دەبی هێوری هێور بین و لێگەڕێین با سوکنایی بێ ناخ و دەروونمان. لەو کاتەدایە کە دەبیبین کە ئەو عیشقەو هەیە چەندیش بەشکۆیە.

**بێرتراندراسێل:** ترس لە عاشق بوون ترسە لە ژیان.

**دانیەل ئیستیل:** عاشقە ڕاستەقینەکان عیشقەکانیان وەك گوڵە جوان و بۆنخۆشەکان دەشارنەوە هەتا دەستی کەسیان پێنەگا.

**لئوتولستۆی:** عیشق واتە ژیان. ئەوەی هەموو لە سۆنگەی عیشقەوە وەدەستم هێناوە. ئەوەی لە ژیاندا فێری بووم بەرهەمی بوونی عیشقە لە ناخم دا. عیشق خوایە و مەرگیش لەلای من گەڕانەوە بۆ چاوگی هەتاهەتایی ئەوینە.

**جێرمی تایلۆر:** عیشق جۆرێ لە پێوەندیی هاوڕێیەتییە کە لەسەر بناخەی گرو ئاگرە.



**لە کتێبی: عیشق یانی.....**
**هەڵبژاردن و وەرگێڕان لە فارسییەوە: باوکی نیان**

# هەواڵی چالاکی و چاوپێکەوتنەکانی یەکیەتیی ژنان








## کۆبونەوەکانی بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بەرواری ١٣٨٧/١١/٢٦ بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی لە ناوچەی سۆران لە شاری دیانە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست.

ئەو کۆبوونەوەیە کە بە سەرپەرشتی زلێخا جەشنی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی تەشکیلاتیی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوە چوو دوو کەس وەك بەرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە دیانە دیاری کران. شایانی باسە دوو کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بە ناوەکانی حەلیمە قەساب و مەسیون ڕەسووڵ هاوڕێیەتی خاتوو زلێخا جەشنیان کرد.

******

بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆی دا لە بەرواری ١٣٨٧/١٢/١٠ بە مەبەستی هەڵبژاردنی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە شاری قەڵادزێ کۆبوونەیەکی پێکهێنا لەوێ دا بەرپرسی کۆمیتە هەڵبژێردرا، کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی خاتوو زلێخا بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی و هەروەها لە لایەن تریفە فاتحی جێگری بەڕێوەبەری ئەفسەر سالك و زارا قادرزادە ئەندامانی ئەو ڕێخراوەیە بەڕێوە چوو. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە سەر مەرجەکان و کاروباری ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کراو بە وردی ئەرکەکانیان دەست نیشان و ئاماژەی پێ کرا. پێویستە بگوترێ کە داوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ئەو هەیئەتە سەردانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی نیشتەجێی چوارقوورنەیان کرد.

******

بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنان بە مەبەستی هەڵبژاردنی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە دێگەڵە لە ڕێکەوتی ٨٧/١٢/١٥ کۆبوونەیەکی بۆ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە پێك هێنا کە لەوێ دا بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە دیاری کرا.

کۆبوونەوەکە لە لایەن بەرپرسی بەشی تەشکیلاتیی یەکیەتیی ژنان زلێخا جەشنی و خەجیجە پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەری و تەهمینەی مروەتی ئەندامی یەکیەتیی ژنان بەڕێوە برا.

# بەڕێوەچوونی سمینارێکی تایبەت بە ٨ی مارس لە لایەن یەکیەتیی ژنانەوە




کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٨ی ڕەشەمە سمینارێك بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن لە ساڵۆنی گشتیی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستانەوە پێك هات و تیایدا سێ کچە خوێندکاری ئەندامی ئەم یەکیەتییە بە ناوەکانی شەهلا مورتەزازادە، ڕۆژە عەزیزی و شلێر باپیری باسیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە بەشی یەکەمی سمینارەکەدا خاتوو شەهلا مورتەزازادە، وێڕای کورتە باسێك لە سەر مێژووی چۆنیەتی هاتنە ئارای ٨ی مارس پەرژایە سەر باسکردن لە بارودۆخی ئەمڕۆی ژنانی جیهان و ئێران و کوردستان دوای سەد ساڵ تێپەڕین بە سەر ئەم ڕۆژەدا. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا خاتوو شەهلا وێڕای ئاماژەدان بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی ٨ی مارس لە شوێنەکانی دیکەی جیهان، ئاماژەیەکی کورتی بە دیاردەی ناحەزو پڕ مەترسیی خۆکوژیی ژنان لە کوردستان کرد.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم سمینارەدا خاتوو ڕۆژە عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەو پێگەی ژن لە ڕوانگەی یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵەوە باسێکی پێشکەش کرد.

برگەی سێهەمی سمینارەکە تایبەت بوو بە پێشکەش کردنی بابەتێك لە ژێر ناوی "ئازادیی ژن، ئازادیی کۆمەڵگایە" کە لە لایەن خاتوو شلێر باپیریەوە پێشکەش کرا.

خاتوو شلێر لە باسەکەی دا پەرژایە سەر کەندو کۆسپەکانی بەردەم ئازادیی ژنان و یەکێك لە بەربەستەکانی ئەم ئازادییەی بۆ خودی ژن گەڕاندەوەو وتی: ژنانیش وەك پێویست هەوڵ بۆ دەستبەرکردنی ئازادییەکانیان نادەن.

ئەم سمینارە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی تێدا بەشدار بوو کاتژمێر ١١:٣٠ کۆتایی پێ هات.



# سیمینارێك بەبۆنەی ٨ی مارس لە ژێر ناوی "ژن لە ئێران ٣٠ساڵ دوای شۆڕش" بەڕێوەچوو



بە دەسپێشخەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمیناری "ژن لە ئێران ٣٠ ساڵ دوای شۆڕش" لە وڵاتی سوئێد بەرێوەچوو.

بە بۆنەی ٨ ی مارس ( ڕۆژی جیهانیی ژن) سمینارێکی بەرین لە ژێر ناوی"ژن لە ئێران ٣٠ ساڵ دوای شۆڕش" هەر لەم ڕۆژە دا لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوئێد بەڕێوەچوو.

لە بەشی یەکەم و دووهەمی سیمینارەکە بەڕێزان دوکتور مێهرداد دەرویشپوور ( مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانستگای ستۆکهۆلم)، فایزە ساڵحی ( ئەندامی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ و چالاکی بواری ژنان)، هایدە دەرئاگاهی( مامۆستای پێشووی زانستگای تاران و چالاکی پرسی ژنان)، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە (مامۆستای یاریدەدەر لە ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی ژنێڤ)، فروغ نەبیری تەمیمی (توێژەر لە بواری مرۆڤناسی)، طاهرە خرمی (ڕوژنامەوان و بەرپرسی کانونی دیفاع لە دێموکراسی لە هۆلەند) و محەممەدرەزا ئەسکەندەری ( ڕۆژنامەوان و چالاکی مافی مرۆڤ) بەشدار بوون.

لە میانەی سیمینارەکەدا بەشێک تەرخانکرابوو بۆ پرسیار و وڵام کە چالاکانە بەشداری تێدا کرا.

هەروەها دوو جار لە لایەن کاک کارزان مەحموود بە سێتار و مۆسیقای سوننەتی و بە گۆرانییەک لە لایەن کیژۆڵەی کورد شنۆ ئەحمەدی کۆڕەکە ڕازاندراوە. لەم سیمینارەدا دوو کورتە فیلمی دێکۆمێنتاریش نیشاندران.

ئەم سیمینارە کە بە ئیبتکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ( کۆمیتەی دەرەوەی وڵات) و بەشداریی چەندین کەس لە کەسایەتی ئاکادمیک و چالاکی پرسی ژن بەڕێوە چوو لە کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ ی مارسەوە دەستی پێکرد و کاتژمێر ٦ ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی پێ هات.

شایانی باسە کە باسەکانی ئەم سیمینارە هاوکات بە سێ زمانی ئینگلیسی، کوردی و فارسی وەرگێڕدران.



# بەڕێوەچوونی سمینارێك بە بۆنەی ٨ی مارس لە شاری لینشوپێنگ

بە بۆنەی ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردیەکان بە پشتیوانی هێزە سیاسی‌یەکانی شاری لینشۆپینگ سمینارێکی بەرینیان بۆ کوردەکانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگ پێک هێنا.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە خوێندنەوەی سروودی "ئەی رەقیب" و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان و هەروەها قوربانیانی دەستی نابەرابەری دەستی پێکردو پاشان پەیامی کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردی‌یەکان و هێزە سیاسی‌یەکانی شاری لینشۆپینگ لە لایەن کاک نیاز محەممەد جوجە پێشکەش کرا. دواتر خاتوو ڕوفیە ڕەمەزان عەلی باسێکی لە سەر ژنان و بارودۆخی ژنان لە نێوخۆی وڵات و کوردستان و بە تایبەت باشووری کوردستان پێشکەش کرد و کۆمەڵێک بەرچاو ڕوونی سەبارەت بەم ڕۆژە پێشکەش بە بەشداربووان کرد. دوابەدوای خاتوو روفیە، بەڕێز کاک ئەحمەد ئەسکەندەری لێکۆڵەر و چالاکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی وێرای ئاوڕدانەوە بە خەباتی ژنان لە سەراسەری جیهان و بە تایبەت ئێران و کوردستان چەندین بەڵگەی لە شێوەی بیرکردنەوەی ژن لە ئاست مەسەلە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگا بە وێنە لە سەر پرۆژێکتۆر بە بەشداران نیشان دا و باسێکی چڕوپڕی لە سەر کێشەی ژنان و خەباتی ژنان بۆ یەکسانی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دوای پشوویەکی کەم ئەو جار بەشداربووان زۆر بە گەرمی پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی کۆڕگێڕان کردو ئەو بەڕێزانەش لە بڕگەیەکی دیکەدا بە وردی وەڵامی پێویستیان بە پرسیارەکان دایەوە.

# سەردانی هەیئەتێکی هاوبەشی حدک و یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان لە پارڵمانی سوئێد



هەیئەتێکی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی کەمال حەسەنپوور، ڕۆژی سێشەمە، ١٠ی فێوریە سەردانی پارڵمانی سوئێدیان کرد و چاویان بە بەڕێز کێنێت گوستاف فۆشلوند ئەندامی پارڵمان لە سەر لیستی سۆسیال دێموکراتەکان و ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارڵمان کەوت.

لە دانیشتنەکەدا سەرەتا بەڕێز کەماڵ حەسەنپوور باسێکی سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداریی کردن لەو شۆڕشەدا، ئاکامەکانی شۆڕش بۆ گەلانی ئێران بەگشتی و بۆ گەلی کورد بە تایبەتی پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا ناوبراو باسی هەلومەرجی ئێستای ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەتایبەتی کرد.

بەڕێز حەسەنپوور لەباسەکەی دا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە دونیای ئازاد بە گشتی و یەکیەتیی ئورووپا بە تایبەتی نابێ لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا تەنیا جەخت لە سەر بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بکەن و چاو لە ئاست ڕەوشی نالەباری مافی مرۆڤ بنووقێنن. بەرپرسی هەیئەتی حدك هەروەها ئاماژەی بەسەرۆکایەتیی دەورەیی یەکیەتیی ئورووپا کرد کە لە نیوەی دووهەمی ئەو ساڵ دەکەوێتە دەست وڵاتی سوئێد و ئاواتی خواست کە لە ماوەی سەرۆکایەتیی سوئێد، زەختی زیاتر بخرێتە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە واز لە نەریتی سەرکوتکەرانەی خۆی بهێنێ. بەڕێز حەسەنپوور لە کۆتایی باسەکەی دا ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی پەرتەوازەبوونی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشیک لەو کەسانە درەنگ یا زوو ناچاردەبن ئێران بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە وڵاتانی دیکەی دنیا و یەکێک لەوان وڵاتی سوئێد.

ناوبراو داوای لە بەڕێز فۆشلوند و کاربەدەستانی دایرەی کۆچبەرانی سوئێد کرد کە بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی نالەباری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دۆسیەی ئەو پەنابەرانە کە لە وڵاتی سوئید داوای پەنابەری دەکەن بەشێوەیەکی سەخاوەتمەندانە هەڵ سەنگێندرێ.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو چاوپێکەوتنەدا ڕێزدار گوڵاڵە شەرەفکەندی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات باسێکی لەسەر بارودۆخی ژنانی ئێرانی بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی پێشکەش کرد. ناوبراو بە نموونە هێنانەوە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، قامکی خستە سەر ئەو هەڵاواردنانەی کە بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینە لە ئێران بەڕێوە دەچێ. شەرەفکەندی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا باسی کۆڵنەدەریی و خەباتی بێ وچانی ژنان بۆ یەکسانی کرد و ئاماژەی بە چەندین چالاکی کورد لە کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا کرد کە بەرەوڕووی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ناوبراو هەروەها لە درێژەی باسەکەی دا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ ئێران ناچار بکەن کە دەست لە پێشێلکاریی ئەو جارنامانەی کە ڕێژیم بەخۆی ئیمزای کردوون، هەڵ گرێ.

دواتر کارۆخ محەممەدپوور، لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە ئاماژەی بە بارودۆخی لاوانی ئێران بە گشتی و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کرد کە بێکاری، کەند و کۆسپی جۆراجۆر لەمەڕ چوونی لاوان بۆ زانکۆکان و خوێندنی باڵا، دیاردە دزێوەکانی گیرۆدە بوون بەمادە هۆشبەرەکان و لەشفرۆشی مەترسیی مەزن بۆ سەر ساخلەمەیی لاوان دروست دەکەن.

دوای پێشکەش کردنی ئەو باسانە بەڕێز فۆشلوند چەند تێبینی‌یەکی پێشکەش کردو هەروەها چەند پرسیاری ئاراستەی ئامادەبووان کرد کە لە لایەن ئەندامانی هەیئەتەکەوە وەڵامی پرسیارەکانی ناوبراو درانەوە. شایانی باسە کە چاوپێکەوتنەکە پاش زیاتر لە کاتژمێرێک کۆتایی پێ هات.

**هەموو ڕۆژەکانی ساڵ دەکەینە ڕۆژی خەبات و بەربەرەکانی دژی ئەو ستەمانەی لێمان دەکرێن**

# بەشداری هەیئەتێکی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری هاوبەشی رادیۆی دەنگی ژنان

بەشداری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سیمیناری هاوبەشی رادیۆ دەنگیی ژنان

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠ مانگی فێورییە لە شاری ستۆکهۆڵم سێمینارێکی هاوبەش لە سەر بانگهێشتی رادیۆ دەنگیی ژنان بە بۆنەی ٨ ی مارس بەرێوەچوو .

بزووتنەوەی ژنانی ئێران بە گشتی و بزووتنەوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی وەک باسی سەرەکی سێمینار ناساندرا بوو. ژنانی بەشدار لە بەشی پانێل بریتی بوون لە گولاڵە شەرەفکەندی لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان (کۆمیتەی دەرەوەی وڵات)، جینا توت ئاغاجی لە لایەن رێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مروف، ئامینە کاکەباوە نوێنەری رادیۆ دەنگیی ژنان و ئەستی پیرۆتی .



لەو سێمینارەدا چۆنیەتی بزوتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، دەور و ڕۆڵی ژنانی کورد و ژنانی پێشرەو، دەوری ژنان لە حیزبەکانداو گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای ژنان لە خەباتکردنیان لە ناو خۆی وڵات کەوتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

تەوەرێکی گرینگ کە بەشی زۆری کاتی سیمیناری بە خۆیەوە تەرخان کرد باسی لە سەر کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا بوو. ئەو کەمپینە وەک نموونەیەکی بزووتنەوەی ناوخۆ کە هەموو زانیارییەکانی بە ئاشکرا و لە دەسترس دایە، کەوتە بەر لێکۆڵینەوە.

# دیدار و چاوپێکەوتن

## دیدارو چاوپێکەوتنی نێوان دوو هەیئەتی ژنانی دێموکرات و کۆمەڵە



لە دانیشتنێکی هاوبەش دا هەر دوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پرسی ژنی کوردیان تاوتوێ کرد.

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندان هەیئەتێکی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە بریتی بوون لە بەڕێزان ئارەزوو عارفی، کەژاڵ درەخشانی، کەژاڵ ڕەحیمی، ماریا حەسەن پوور، هەلالە بەرزەنجی و لۆلاو نادرپوور پێشوازی لە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان سۆهەیلا قادری سکرتێر، خەدیجە پوورمەند ئەندامی بەڕێوەبەری، ڕووناک خاتوونی، شەهێن مورتەزازادە ئەندامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرد.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا هەر دوو هەیئەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە هەنووکەییەکانی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کوردو ئەرکەکانیان بیروڕایان گۆڕییەوە.

لەم دانیشتنەدا هەر دوو لا سەبارەت بە پەرەپێدان بە گوتاری یەکسانیخوازی لە نێو کۆمەڵی کوردەواری دا پێداگرییان کردو لە کۆتایی دیدارەکەیان دا هەر دوو هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان جەختیان لە سەر پەرەپێدان بە پێوەندییەکانیان کردەوە.

# دانیشتنی نێوان دوو هەیئەتی ژنانی دێموکرات و کۆمەڵە



هەیئەتێکی ژنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی ژنانی دێموکراتی کوردستانیان کرد.

ڕۆژی سێ شەمە، ڕێکەوتی ٦ی ڕەشەمە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی سۆهەیلا قادری، سکرتێری ئەم یەکیەتییە پێشوازی لە هەیئەتێکی ژنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کرد و لە پێوەندی لەگەڵ چەند پرسێکی پێوەندیدار بە ژنان دا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا وێڕای باسکردن لە هێندێك مەسەلەی گشتی و تایبەت بە بزووتنەوەی ژنانی جیهان و بزووتنەوەی ژنانی سەرانسەری ئێران، هەروەها هەیئەتی ژنانی دێموکرات و کۆمەڵە پێداگرییان لە سەر هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوان ژنانی خەباتکاری کورد لە ناوخۆی وڵات و ژنانی چالاك و تێکۆشەری نێو ڕیزی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دا کرد.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا ژنانی چالاکی دێموکرات و کۆمەڵە جەختیان لە سەر پێوەندی زیاترو پێکەوە دانیشتنی هەردوو لا کردەوە.

پێویستە بگوترێ هەیئەتی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بریتی بوون لە بەڕێزان: کەژاڵ درەخشان، ئارەزوو عارفی، حەسیبە ساوجی و ماپەرە عەزیزکەندی ئەندامی کۆمەڵەو هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە سۆهەیلا قادری سکرتێرو بە هاوڕێیەتی بەڕێزان کوێستان فتووحی، گەلاوێژ حەسەنزادە چالاکی بواری ژنان، زلێخا جەشنی، نەسرین حەسەن زادە و فەریبا وەیسی ئەندامانی بەڕێوەبەری.

## هەیئەتێکی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان (نینا)یان کرد



لە چوارچێوەی هەوڵی لێك نزیك بوونەوەی ژنانی ئازادیخوازو خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی ٨ ی مارس ( ڕۆژی جیهانیی ژنان)، هەیئەتێکی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە بریتی بوون لە سۆهەیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنان، زلێخا جەشنی ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە پێکهاتبوو فەریبا محەمەدی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەیان ئەندامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە لایەن بەڕێز هامنۆ نەقشبەندی بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان (نینا)وە پێشوازیان لێ کرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا هەر سێ لایەن لەگەڵ چۆنیەتی کارکردن بۆ لێك نزیك بوونەوەی هەرچی زیاتری ژنانی ئازادیخوازو خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوەو پێداگرییان لە سەر کاری هاوبەش بە مەبەستی هەرچی زیاتر قایمتر کردنی جێگەو پێگەی ژن لە خەبات بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگادا کرد.

لە ئاکامی ئەم دانیشتنەی ژنانی دێموکرات و کۆمەڵەو پارتی ئازادیی کوردستان دا هەر سێ لایەن جەختیان لە سەر هاوکاری و زیاتر لێك نزیك کردنەوەی ڕێکخراوەکانیان کردەوە.

# کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆپسالا



رۆژی شەمە رێکەوتی ٢٠٠٩/٢/١٤ کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ، بە بەشداریی زۆربەی زۆری ئەندامانی ئەو یەکیەتییە لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سۆئێد بە بەشداریی بەرپرسی گشتی یەکیەتیی ژنان و دەستەی بەرێوەبەری لە وڵاتی سوئێد بەرێوە چوو.

لە سەرەتای کۆبوونەکەدا دوای ساتێك بێدەنگی بۆ رێزلێنان لە یادو بیرەوەری شەهیدانی کوردو کوردستان خاتوو شوعلە قادری بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سۆئێد باسێکی لە سەر کارو چالاکیەکانی یەکیەتیی ژنانی بە گشتی لە وڵاتی سوئێد، لە ماوەی رابردوودا پێشکەش کردو بەرنامەی کارو چالاکیی تایبەت بە یەکیەتیی ژنانی بۆ داهاتوو بۆ بەشداران شی کردەوە. لە میانەی باسەکەی دا ئاماژەی بە هەنگاونان بۆ لێک نزیک بوونەوەی هەموو پێکهاتە مەدەنیەکان بە مەبەستی دیتنەوەی پلاتفۆرمێک کرد بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتانە هەم یەکتر باشتر بناسن و هەم بتوانن خاڵە هاوبەشەکانی کێشەی ژنان دیاری بکەن.

لە مەڕ حیزبە سیاسیەکان، خاتوو شوعلە گوتی کە سەرەڕای ئەو هەوڵ و چالاکیانە کە ئەرکی رێکخراوەی ژنانە، پێویستە حیزبە سیاسیەکانیش بایەخ بۆ رۆڵی ژنان دابنێن و مەسەلەی ژنان پشت گوێ نەخەن. حیزبەکان دەبێ گرینگی بدەن بە بەشداریی ژنان لە جووڵانەوەکان دا و رۆڵی ژنان لە ریزەکانی خۆیان دا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا دوای بەشداریی کردنی ئامادەبووان لە باسەکەداو پێشکەش کردنی رەخنەو پێشنیارو پرسیارەکانیان، لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا ئەندامانی تازەی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆپسالای وڵاتی سۆئێد، هەڵبژێردران و خاتوو جیهان ساڵحی وەك بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنان لەم شارە دیاری کرا.

---

## دانیشتنی نێوان یەکیەتیی ژنان و بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ



رۆژی دووشەمە، رێکەوتی ١٩ی رەشەمە، هەیئەتێکی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، سەردانی بنکەی گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی کرد.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا هەر دوو لا باسیان لە گرینگی کاری رێکخراوەیی و مەدەنی لە کوردستان دا کردو هاوکاریی نێوان بنکەو دامەزراوە مەدەنییەکانیان بە ئەرکێکی پێویست زانی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتەیان دا هەردوو هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ باسیان لەو ئاڵوگۆڕانە کرد کە پێویستە لە کاری راگەیاندن دا بکەونە بەرچاوو کار لە سەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو ئاشناکردنی تاکی کۆمەڵگا بە مافەکانی بکرێ.

# ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کرد

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی هەتاوی ٦٢یەمین ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان: سکرتێری یەکیەتیی ژنان و بەشێك لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی و دەستەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی بەشێك لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانیان کرد و بۆ جارێکی دیکە پەیمان و وەفاداریی خۆیان لەگەڵ ئەم خێزانە سەربەرزو روو سوورانە نوێ کردەوە کە تا وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدە خۆشەویستەکانیان ڕێبواری ڕێگەی پڕ لە شانازییان بن و پشت و پشتیوانی بنەماڵەکانیان بن.

# کۆڕێك بۆ سیمین چایچی لە شاری هەولێر

**ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر ١٠/٣٠ ی ٢٦ی خاکەلێوە لە لایەن بەشی پێوەندییەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتەوە کۆڕێك بۆ خاتوو سیمین چایچی ژنە شاعر و ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.**

خاتوو سیمین چایچی کە بۆ سەردانێك هاتبوە باشووری کوردستان لە لایەن بەشی پێوەندییەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵاتەوە کۆڕێکی بۆ پێك هات بۆ باس لەسەر "کێشە و گرفتەکانی ژنی کورد". چایچی لە سەرەتای باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوەیەك لە مێژوو، وتی: پێگە و جێگەی ژنی کورد لە رابردوودا لە چاو ئێستا لە ئاستێکی بەرزتردا بووە، بەڵام ئێستا بە هۆی خەسڵەتی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا ئێمەی ژن وەك رەگەزی دووهەم سەیر دەکرێین. وتی جگە لە کولتوور و نەریتی زاڵی پیاوسالای، مەسەلەی ئایین و یاساش کاریگەری زۆریان هەیە لە چەوسانەوەی ژنان دا. لەم پێوەندییەدا ئیشارەی بە یاساکانی ئێران کرد و وتی جگە لە کولتوور و نەریتی زاڵی پیاوسالاری، مەسەلەی ئایین و یاساش کاریگەری زۆریان هەیە لە چەوسانەوەی ژن دا. لەم پێوەندییەدا ناوبراو ئیشارەی بە یاساکانی ئێران و سیستمی ئەو وڵاتە کرد و وتی یاساکانی ئێران کە ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ژێر سایەی دا ژیان تێپەڕ دەکەن، ژنیان بە رەسمی و یاسایی کردۆتە مرۆڤێکی پلە دوو. بەڵام ژنانی ئێران لە خەبات دان لە دژی ئەو مادده و یاسایانەی کە ناعەدالەتییان تێدایە بەرامبەر بە ژنان. لەم بارەیەوە ئیشارەی بە چالاکییەکانی کەمپەینی یەك ملیون ئیمزا کرد کە ژنانی کوردیش تێی دا بەشدارن. هەروەها وتیشی ژنی کورد جگە لەو کێشانەی بە هۆی یاسا و کولتوورەوە لەسەر ڕێیانە، کێشەی نەتەوەییی هەیە. بۆیە گرفتی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر زیاترە لە بەشەکانی دیکە.

لە بەشێکی دیکەدا چایچی باسی لەو ئەرکانە کرد کە ژنی کورد ئەمڕۆ لەسەر شانیەتی. لەوبەشەدا وتی بەداخەوە چالاکی و خەباتی بەشێکی زۆر لە ژنانی ڕووناکبیری کورد جارێ هەر لە ئاستی دروشم دا ماوەتەوە و وەك پراکتیك نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. وتیشی بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە



نەریتییە بێینە دەر دەبێ لەخۆمانەوە دەست پێبکەین. هاوار دەکەین مافی یەکسانمان دەوێ، دەبا لە خۆمان و لە ماڵەکانی خۆمانەوە دەست پێبکەین. ڕاستە ئەمەش باجی دەوێ بەڵام دەبێ باجی بۆ بدەین.

سیمین لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئیشارەی بە کار و چالاکییەکانی ژنان لە باشووری کوردستان کرد و وتی: ئەو هەلومەرج و بوارەی ئەمڕۆ بۆ ژنانی باشوور هاتۆتە پێش پێویستە زۆر زیاتر هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی کاریگەرییان لە سەر یاساکان و لە سەر کولتووری کۆمەڵگە هەبێ.

لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا کۆمەڵێك پێشنیار و تێبینی بۆ ژنانی ڕووناکبیری باشووری کوردستان هەبوو. بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتانەی هەیانە لەدەستی نەدەن و تێبکۆشن بۆ دەسکەوتی زیاتر

دوابەشی کۆڕەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و تێبینییەکانی بەشداران. لەم بەشەش دا بەشدارن تێبینی پرسیارەکانیان ئاراستەی خاتوو سیمین چایچی کرد.

